ئازادی بۆ ژن　　بەختیاری بۆ کۆمەڵ

# ژنان

## ١٦

ڕێبەندانی ١٣٨٥
فوریەی ٢٠٠٧

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە

## پەیامی پشتیوانی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکرات لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان



٢٥ی نوامبر سالڕۆژی سرینەوەی توونڎ و تیژی دژی ژنان



ژنان و ناسیونالیسم لە کۆماری کوردستان دا ١٩٤٦



خولانەوەی مافی ژنان لە بازنەدا...!؟



بەشداری یەکیەتیی ژنانی دێمۆکرات لە جێژنی پێشمەرگەی کوردستان و دامەزراندنی کۆماری کوردستان



# له بیرەوەری دامەزرانی کۆماری کوردستان دا



کوێستان فتوحی



٦١ساڵ لەمەوبەر پێشەوای حیزبی دێموکراتو سەرکۆماری کوردستان، قازی محەممەد بوو بە هاندەو رێنوێنی ژنانی ئازاو تێگەیشتووی ئەو سەردەمەی کوردستان بۆ دامەزرانی رێکخراوی تایبەت بە ژنان.

دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان لە ماوەی ١١ مانگ دەسەڵاتدارەتیدا ئەوەندە زۆرن کە هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی لە ماوەیەکی ئاوا کورت دا ناتوانێ بەرنامەکانی خۆی ئاوا بەرێکو پێکی پیادە بکا.

دەسکەوتەکانی هەموویان بۆ نەتەوەکەمان گرنگو بە نرخ بوون. بەڵام یەکێك لەو دەسکەوتانەی کۆمار کە پتر لە هەموان سیمای مەدەنی بوونو پێشکەوتوویی ئەو کۆمارەی لەو کاتو سەردەمەدا نیشان دەدا، دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بوو. یەکەم جار بوو لە مێژووی کوردستان دا رێکخراوی ژنان دادەمەزرا. تەنانەت لە نێو نەتەوەکانی دەوروبەریش دا ئەمە شتێکی نوێ بوو. دەرەتانێك بوو بۆ ئەوەی ژنان بە رەسمیو بە ئاشکرا بێنە نێو مەیدانی خەباتو تێکۆشانەوەو لە کاروباری سیاسیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیدا حزووریان هەبێ.



ئەو هەنگاوە پێشکەوتووانەیە بۆ ئەو سەردەمە کە کۆمەڵی کوردستان، تەنانەت کۆمەڵگەکانی دەورو بەریشمان لەسەر مافەکانی ژنانو رۆڵی ژنان لە کاروباری دەرەوەی ماڵ دا، زۆر دواکەوتووانە بیریان دەکردەوە گرنگ بوو. دامەزرانی رێکخراوی ژنان بۆ ئەو کاتە گۆڕانێکی پێشکەوتوانە بوو. لەبەر ئەوەی روانگەو بیروبۆچوونی کۆمەڵگە ئەو کاتە نیسبەت بە هاتنەدەری ژنان لە کونجی ماڵەکانیان دا، روانگەیەکی زۆر پیاوساڵارانەو سوننەتی بوو، بۆیە ئەم کارە هەنگاوێکی ئازایانەی رێبەرانی کۆماری کوردستانیش بوو بە تایبەت شەخسی پێشەوا قازی محەممەد کە بۆ خۆی یەکەم هەنگاوی هەڵێناوەتەوەو لە پێش دا "مینا خانم"ی هاوسەری هان داوە لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکا بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرێك بۆ ژنانی دیکەو ئەوانیش بێنە مەیدانی خەباتو تێکۆشانەوە.

ئەم رەچەشکێنییەی پێشەوا قازی لە مێژووی نەتەوەکەمان دا نەریتێکی پێشکەوتووانەی بۆ درێژەدەرانی رێگاکەیو بە گشتی بۆ هەموودێموکراتێکی راستەقینە بەجێهێشت تا ئەوانیش هەموو کات باوەڕی قووڵیان بە ئازادیی ژنان هەبێ هاندەرییان بن بۆ خەباتو تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان.

سڵاو لە دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستانو

لە سەروویانەوە پێشەوا قازی محەممەدی نەمر

# پێرست


- پەیامی پشتیوانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ____ ٣
- کۆنفرانسێکی چاپەمەنی بۆ بەرێز عەبدوڵلا حەسەنزادە لە شاری هەولێر ____ ٤
- وتووێژ لەگەڵ عیسمەت نستانی بەرپرسی گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ____ ٥
- پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان ____ ٨
- ژنان لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پشمەرگەی کوردستان ____ ٩
- پەیامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢ی رێبەندان ٦١مین ساڵوەگەری دامەزرانی کۆماری کوردستان ____ ١٠
- ژنانو ناسیونالیسم لە کۆماری کوردستان دا ١٩٤٦ ____ ١١
- ٢٥ی نوامبر ساڵرۆژی سرینەوەی توندوتیژی دژی ژنان ____ ١٥
- ژنانی سەرشەقام وەکوو کەم ئەندامانی کۆمەڵن کە پێویستیان بە هاوکاری رێنوێنییە ____ ١٧
- شەپۆلی سێهەمی فیمینیزم ____ ٢٠
- ژنانی خوێندەوار لە ئێران ململانێ دەکەن ____ ٢٢
- یەکەمین پەیڤی فیمینیزمی لە زمان شایەکی ئێرانی ____ ٢٤
- راپۆرتێك لە تەشکیلاتو چالاکیەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی کاروباری ژنان ____ ٢٥
- خولانەوەی مافی ژنان لە بازنەدا...!؟ ____ ٢٩
- کارو چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنان ____ ٣١
- چەند هەواڵی زانستی ____ ٣٥
- منداڵان قوربانیانی پەرەسەندنی لە رادەبەدەری حەشیمەت ____ ٣٦
- شێعرو پەخشان ____ ٣٩
- هەڵۆ ئەڤیندارترین باڵندە ____ ٤٢
- لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین ____ ٤٤
- ئەو ئارەزووانەی وەك پەری گوڵ ناسکن...! ____ ٤٦


## ئازادی بۆ ژن
## بەختیاری بۆ کۆمەڵ




**گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

(سێ مانگ جارێك دەردەچێ)

**رێبەندانی ١٣٨٥، فێوریە ٢٠٠٧**

**ژمارە ١٦**

**دەستەی بەرێوەبەریی گۆڤاری "ژنان":**

خەدیجە مەعزوور    کوێستان فتووحی

عیسمەت نستانی    نەسرین حەسەن زادە

شنۆ مێهرپەروەر

**"ژنان"** لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanukurd.com

ئیمەیلی گۆڤاری **"ژنان"**:

jnan1324@yahoo.com

ئیمەیلی بەرنامەی **"بۆ بەختیاری کۆمەڵ"**

RDK jnan @yahoo.com

ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندیگرتن بە یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

00964 - 7702103121

نامەو نووسراوەکانتان لە رێگای کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی - ئێرانو بنکەو نوێنەرایەتییەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی - ئێران لە کوردستانو دەرەوەی وڵات, بۆ گۆڤاری **"ژنان"** بنێرن.

**دیزاینی بەرگ: ئاگری باڵەکی**    **تایپو مونتاژ: سکاڵا حەکیم زادە**










وێنەی ژنان و کچان و مێرمندالاَن لە بۆنەکانی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان و٢ی ڕێبەندان ٦١مین ساڵوەگەری کۆماری کوردستان

# پەیامی پشتیوانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

خەڵکی خەباتکاری کوردستان!

ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران!

ژنان و تێکۆشەرانی بەرانبەریی مافەکانی ژنان و پیاوان!

هەروەك ئاگادارن لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ و نیو دوای کۆنگرەی ١٣ی حیزب دا قەیرانێکی ڕێکخراوەیی‌و سیاسی ریزەکانی حیزب و ڕێکخراوە سینفییەکانی سەر بەم حیزبەی گرتبۆوە و بەم پێیە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر چالاکییەکانی ئەم یەکیەتییە (یەکیەتیی ژنان) دانابوو و بەداخەوە سەرەنجام بە لەت بوونی ئەم حیزبە کۆتایی هاتوە.

یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران هەرچەند بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەوتبووە ژێر کاریگەریی دەرکەوتەکانی ئەم دۆخە قەیرانییە، بەڵام بەڕێوەبەریی ژنان هەموو هەوڵی خۆی لە کار کردوە بۆ ئەوەی: یەکەم، یارمەتیی حیزب بدا بۆ ئەوەی لەو قەیرانە، کە تەنیا ناحەزان و نەیارانی حیزبی دیمۆکرات‌و بزووتنەوەی کورد پێیان خۆش بووو سوودیان لێ دەبینی، دەرباز بێ و، دووهەم، چەندی لە توانای دایە ریزەکانی یەکیەتیی ژنان لە کاریگەرییە خراپەکانی ئەم قەیرانە دوور ڕابگرێ. بەڵام مخابن هەوڵ و تێکۆشانی هەموو دڵسۆزان و ئێمەش نەی توانی هیچ کام لەم ئامانجانە بپێکێ و کار و چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوەش وەك باقیی ڕێکخراوەکانی دیکە ڕاستەوخۆ کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەم دۆخە ناڵەبارە و ئەم ڕێکخراوەش بەم پێیە کە زۆرینەی بەڕێوەبەرایەتییەکەی لەگەڵ پاوانخوازیی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی‌دا نەبوو بە چاوی ناخۆمانە سەیری دەکرا بە سەرنجدان بەو ڕاستی‌یەش بوو کە لە یەکێك لە داخوازە ٢٠ خاڵییەکەی ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆیی حیزب دا داوا کرابوو دەستێوەردان و بێ لوتفی دەرهەق بە یەکیەتیی ژنان کۆتایی پێ بهێنرێ.

یەکیەتیی ژنانی دیمۆکرات کە یەکێك لە دەسکەوت و یادگارەکانی کۆماری کوردستانە، هەمیشە شانازیی بە حیزبی دیمۆکراتەوە کردوەو مەکۆیەك بووە بۆ خەبات و داکۆکی لە مافەکانی ژنان و پشتیوانی لە خەباتی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، هەم سەبارەت بەو داکۆکی کردنانەی ئەو بەشە لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب لە یەکیەتیی ژنان‌و هەروەها لەبەر ئەوەی کە بۆخۆی وێڕای ئەوان لە بەرەی چاکسازی و گەڕاندنەوەی یەکڕیزی بۆ ڕێزەکانی حیزب و ڕێکخراوە سینفییەکانی ئەم حیزبە هەوڵی داوە لە بەرنامەو پرۆژە ڕێفۆرمخوازانەکان و ئامانجە سیاسییەکانی ئەو بەشە لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب دا خۆی دەبینێتەوە. بۆیە پشتگریی تەواوی خۆی لە بەیاننامەی ڕۆژی ١٥ی سەرماوەزی ئەو بەشە لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی سەبارەت بە دەستپێکردنی تێکۆشانی سەربەخۆی سیاسی و ڕێکخراوەیی لە ژێر ناوی **"حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران"** دا ڕادەگەیەنێ.

یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان وێڕای پێداگرتنەوە لە سەر کۆی ئامانج و داخوازە یەکسانیخوازانە و نەتەوەیی و ئازادیخوازانەکانی خۆی و ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی سەرجەم تێکۆشەرانی ریزەکانی ئەم یەکیەتییە پەیمان نوێ دەکاتەوە هەروا شێلگیرانە لە سەر ڕێبازی ڕەسەنی خۆی بەردەوام بێ.

سەرکەوێ خەباتی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان

سڵاو لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی خەباتی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان

سڵاو لە ژنانی خەباتگێڕ و ماندوویی نەناسی کورد

**کومیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران**

**عیسمەت نستانی**

**بەرپرسی یەکیەتیی ژنان**

**١٨ی سەرماوەزی ١٣٨٥**

**٩ی دیسامبری ٢٠٠٦**

**بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا:**

# ئێمە باوەڕمان بە ئازادی موتڵەق هەیە لە نێو حیزبی دێموکرات دا

دوای لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی سەرماوەزی هەتاوی، بەرامبەر بە ١٣ی دێسامبری ٢٠٠٦ی زایینی، ڕێزدار عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەشداری لە کۆنفڕانسێکی ڕۆژنامە نووسیدا کرد.

کۆنفرانسەکە کە لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، ژمارەیەکی زۆر لە هەواڵنێرانی مێدیاکانی هەرێمی کوردستان و ڕاگەیەنەکانی سەر بە هێزە سیاسییەکان و ڕاگەیاندنی بەشە جۆراوجۆرەکانی سەر بە حیزبی دێموکرات و هەروەها بەشیی کوردی رادیوی دەنگی ئەمریکا بەشدارییان کرد.

سەرەتا ڕۆژنامەنووس کاک خالید محەممەدزادە پێکهێنەری کۆنفرانسەکە، وێڕای بەخێرهاتنی مامۆستا حەسەن زادە و هەموو بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە، وتەیەکی لەسەر گرنگی و پێویستی ئەو کۆنفرانسە پێشکەش کرد. پاشان بەڕێز حەسەن زادە بە ناوی کورد و کوردستان و بەناوی شەهیدانی حیزبی دێموکرتی کوردستان و لە سەرووی هەموویانەوە سێ ڕێبەری شەهید قازی، قاسملوو شەرەفکەندی، قسەکانی دەست پێکرد کە لەسەر لەتبوونی حیزبی دێموکرات و هۆیەکانی ئەم لەتبوونە بووو وتی هەروەک ئاگادارن ڕۆژی ٢٠٠٦/١٢/٦ بەشێك لە ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕایگەیاندو وتیشی کەس لە حیزبی دێموکرات جیا نەبۆتەوە، بەڵکوو لە ئاکامی هێندێك پێشێل کرانی پرنسیبە دێموکراتیکەکانی حیزب لە لایەن زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی سێزدەوە لە لایەن زۆرینەی کۆمیتەی مەرکەزییەوە بەسەر حیزب داسەپا بووو هەروەها هۆیەکانی بەئاکام نەگەیشتنی ئەو هەوڵانەی بۆ هەواڵنێرەکان ڕوون کردەوە. پاشان بەڕێزیان بە کورتی ئیشارەیەکی بە هێندێك خاڵ لە هێڵە گشتییەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

بەڕێز حەسەن زادە لەم کۆنفرانسە ڕۆژنامەنوسییەدا جارێکی دیکە تەئکیدی لەسەر ئەوە کردوە کە حیزبی دێموکرات پێویستی بە نوێبونەوەو ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی هەیە، دەمانەوێ ئاڵوگۆڕ لە سیاسەت، مودیرییەت، لە شێوەی سازماندان و لە بەرنامەو پێڕەوی حیزب داو بەگشتی لە هەموو حیزب دا پێك بێنین. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وتی: ئێمە باوەڕمان بە ئازادی موتڵەق هەیە لە نێو حیزبی دێموکرات داو لە نێو کۆمەڵدا، تا ئەو جێگایەی ئازادی تاك نەبێتە مانعی



تاکێکی دیکە یا قازانجی گشتی نەخاتە مەترسییەوە........ وتیشی ئازادی لە هەموو تواناکانی ئەندامانی حیزب دا بەرەسمی دەناسین. باوەڕمان بە پێویستی کەڵك وەرگرتن لە هەموو تواناکانی ئەندامانی حیزب هەیە، بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەوە کە خەڵکی کوێیە؟ لە چ جنسێکە واتە ژنە یا پیاوە؟ لە چ مەزهەبێکە؟... باوەڕمان بە پێویستی بەشداریی گشتی لە بڕیاردان دا هەیەو....

بەڕێز مامۆستا ئیشارەی بە کۆمەڵێك بابەتی دیکە لەم بارەوە کردو پاشان بەشێکی زۆر لە هەواڵنێرەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئەم لەتبوونەو بەرنامەکانی حیزبی دێموکرات لە داهاتوودا پرسیارەکانیان لە بەڕێز حەسەن زادە کردو بەڕێزیان بە وردی وەڵامی دانەوە.

لێرەدا ئیشارە بە پرسیاری

**باوەڕمان بە پێویستی کەڵك وەرگرتن لە هەموو تواناکانی ئەندامانی حیزب هەیە، بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەوە کە خەڵکی کوێیە، لە چ جنسێکە لە چ مەزهەبێکە، واتە ژنە یا پیاو، باوەڕمان بە پێویستی بەشداریی گشتی لە بڕیاردان دا هەیە**

هەواڵنێری گۆڤاری ژنان کە لەو کۆنفرانسەدا لە بەڕێز مامۆستا حەسەنزادەی کرد و وەڵامەکەی بەڕێز مامۆستا دەکەین:

**كوێستان فتوحی: بەڕێز مامۆستا ! بۆ ژنان لە حیزبی دێموکرات و بە تایبەت لە ڕێبەری ئەم حیزبەدا ڕۆڵی بەرچاویان نەبوو؟**

**- حیزبی ئێوە بۆ تێکۆشانی ژنان و ڕۆڵی ئەوان لە ڕێبەرییدا چ بەرنامەیەکی هەیە؟**

وەڵامی بەڕێز حەسەن زادە بەم جۆرە بوو:

لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر یەکێك لە قسەکانی دوکتور قاسملوو کە زۆر بە سەراحەت دەیگوت پیاوانی حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر مەسەلەی ژنان دا کۆنەپەرەستن.

ئەوە لە نێو حیزبی دێموکرات دا هەبووە. ئەمن لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتم دیوە کە ڕازی نەبووە کچەکەی بە ئارەزووی خۆی مێرد بکا. ڕازی نەبووە کچەکەی بچێتە بواری تێکۆشانی ژنانەوە. کەوابێ ئەوە دیدێکی کۆنەپەرەستانە بووە لە سەرمان زاڵ بووە. ئێمە گوتوومانە دەبێ میکانیزم هەبێ، پێم خۆش نیە ئێستا ئەو میکانیزمە زۆر بەوردی باس بکەم بەڵام دەبێ میکانیزمێك دروست بکەین کە مەجبوورم بکا بەشێك لە دەنگەکانم بدەم بە ژنان. ئەو میکانیزمە ئێستا لای من هەیە.

■■■■

عیسمەت نستانی:

# هەڵوێستی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاکامی لێکدانەوەیەکی کتوپڕو لە ناکاو نەبوو

هەڤپەیڤین: علی بداغی

ئاماژە:

هەروەك هەموومان ئاگادارین بەداخەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاکامی درێژەی پاوانخوازیی زۆرینەی رێبەریی هەلبژێردراوی کۆنگرەی ١٣و ساوکەو نیهادینە بوونی دیکتاتۆریی زۆرینە لە دەرکردنی هەموو بڕیارێکی سیاسیو تەشکیلاتیو بەڕێوەبەریی ئۆرگانەکانی حیزبی دێموکرات دا سەرەنجام لەتبوونی بەسەردا سەپاو، ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی حیزبی دێموکرات پاش ئەوەی هەموو هەوڵەکانی بۆ گەڕاندنەوەی یەکریزیو تەباییو یەکیەتیی ریزەکانی حیزب لەلایەن زۆرینەی رێبەرییەوە مایە پوچو بێ ئاکام کرایەوە، ئەو لەتبوونەی کە زۆرینەی رێبەریی حیزب لە دوای کۆنگرەی سێزدەوە بەکردەوە بەسەر حیزبی دێموکراتی دا سەپاندبووی، قبوڵی کردو بەناچار تەسلیمی بوو.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران رۆژی ١٨ی سەرماوەزی ١٣٨٥ی هەتاویو ٣رۆژ پاش لەتبوونی حیزب بە دەرکردنی بەیاننامەیەکی پشتگیری، پشتیوانیی خۆی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان - ئێران ڕاگەیاند. لە پێوەندی لەگەڵ ئەم هەڵوێستەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو باس لە کاریگەرییەکانی قەیرانی نێو خۆیی حیزب لە سەر ئەم یەکیەتییە وتووێژێکمان لە گەڵ هاوڕێ عیسمەت نستانی، بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێناوە کە لێرەدا دەقی ئەم وتووێژە دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێزی کوردستان.

● خاتوو عیسمەت! هۆکارەکانی هەڵوێستی یەکیەتیی ژنان سەبارەت بە دەربڕینی پشتیوانییان لە حیزبی دێموکرات کوردستان - ئێران بۆ چی دەگەڕێننەوە؟

— پێشەکی دەڵێم ئێمە وەك یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر بەداخین کە حیزبی دێموکرات تووشی ئەم لەتبوونە کرا، بەلام ئەمە واقعێکە بە سەر حیزب دا سەپا. دیارە یەکیەتیی ژنان وەك رێکخراوێکی سینفی نەیدەویست خۆ لە کێشەو ململانێ نێو خۆییەکانی حیزبی دێموکرات هەڵقورتێنێ. هەمیشەش هەولی ئەوە بووە یان باشتر وایە بلێم خوازیاری ئەوە بووە کە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبو حیزب لە تەواوییەتی خۆیدا هەموو تواناو هەوڵو تێکۆشانی لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجی گەلو نەتەوەدا وەگەڕ بخاو بەکاری بێنێ، بەلام مخابن دیتمان کە بەشی هەرە زۆری ئەم توانایانە لە ململانێ نێو خۆییەکانی حیزب دا بەفیڕۆ دەچوو بەدژی یەکتر کەلکی لێوەردەگیرا. سەبارەت بە هەلوێستی ئێمەش دەبێ بلێم یەکەم ئەوەی کە هەلوێستەکەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ئاکامی لێکدانەوەیەکی کتوپڕو لە ناکاو نەبووو پاشان ئەوەی کە هەلوێستەکەمان زۆر بەجێو مەنتیقی بووو ئەو چاوەڕوانییەشمان لێ دەکرا. یەکیەتیی ژنان بە هۆی ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە رێبەری جوڵانەوەی نەتەوەیی لە کوردستان دەزانێو هەر لە پەنای ئەو حیزبەش تێکۆشانی سیاسییو سینفی خۆی تا ئێستا درێژە پێداوەو ئەم حیزبەی بە حیزبێکی بەرپرسو جێی متمانەی خۆی زانیوە. هەر بۆیەش نەیدەتوانی لە بەرامبەر زۆر لە کێشەکانی نێوخۆی حیزب

←

ناهەستیارو بێ تەفاوەت بێ. ئێمە بەهۆی نیزیکایەتیمان لە حیزبی دێموکرات هەم ئاگامان لە سەرچاوەو هۆی سەرەکیو قوڵایی کێشەکان بووو هەمیش ئاشنایی تەواومان لە هیرەمی ڕێبەری حیزب چ ئەو هاوڕێیانەی خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنو کەمینەی ڕێبەری پێناسە دەکردو چ هاوڕێیانی زۆرینەی ڕێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی١٣ هەبوو.

پاشان ئێمە دەمانزانی وەزعی نالەباری نێوخۆی حیزب ئاکامی پاوانخوازیو هەوڵی یەکدەست کردنی حیزب لەلایەن زۆرینەی ڕێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەوەیە، ئەو زۆرینەی ڕێبەرییە کەلێرەدا نامەوێ باسی ئەوە بکەم کە چۆن بوون بەو "زۆرینە"یە. ئەم زۆرینەیە هەر لەدوای کۆنگرەڕا زۆر نامەسئولانە حیزبیان کردە دووبەش، خۆمانەو بێگانە، مەحرەمو نامەحرەم. ئەوان هەروا نامەسئولانەو بەناحەق بەشێکی زۆر لە کادرو پێشمەرگە لێهاتووو بە ئەزموونەکانی حیزبیان لە پەراوێز خستبووو یان بە بیانووی جۆراوجۆر بەملاوئەولایان دا دابوون، تەنیا بە بیانووی جیاوازیی بیرو بۆچوونیان یان بە زمانێکیتر لەبەر ئەوەی گوێ لە مستیو عەبدایەتیی ئەوانیان نەدەکرد. ئەمجۆرە ڕەفتارو کردەوەیە یەکیەتیی ژنانیشی دەگرتەوە. هەر بۆیە ئێمەش بەهەست بە بەرپرسایەتیو بەپێی ناسیاویمان لە بیرو ئەندێشەی هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ، پشتیوانیمان لێ کردنو لەوەش دڵنیا بووین کە هاوڕێیانو هاوبیرانمان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر هەمان پاڵپشتو پشتیوانەن کە ئێمە پێویستیمان پێیانەو دەبێ پشتیان پێ ببەستین.

**● خاڵی حەوتەم لە داخوازە بیست خاڵییەکەی ئۆپوزیسیۆنی نێوخۆی حیزب کە ئەوکاتو لە ڕێکەوتی ٨٥/٥/٧دا تەسلیمی سکرتێری حیزبو زۆرینەی کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٣کرا، ئاماژە بەو کەم لوتفیو بەهێند نەگرتنو تەنانەت کارشکێنیانە دەکا کە زۆرینەی ڕێبەریی حیزب بە نیسبەت یەکیەتیی ژنانو لاوانی دێموکراتی بەڕەوا دەزانی. با لە زمان خۆتانەوە شیکارییەکمان لەم بابەتەوە هەبێ؟**

- بەڵێ، دەبێ بڵێم هەر لەدوای کۆنگرەی سێزدەوەو لەگەڵ سەرهەڵدانی ناکۆکییەکانو ململانێ نێوخۆیییەکانی حیزبو هەوڵی زۆرینەی ڕێبەریو پاوانخوازییان، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕێکخراوەکانی لاوانو ژنان داناو ڕۆژ بەڕۆژیش زیاتر دەکەوتینە بەر ڕقو کینەی زۆرایەتیی ڕێبەری.

کۆنگرەی یەکەمی ژنانو هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە لە کۆنفرانسەکان دا نموونەی بەرچاوی ئەم دەستێوەردنو خەوشدار کردنەی یەکیەتیی ژنان بوو کە دوایەش بە درێژایی ئەو ماوەیە لەسەری بەردەوام بوون. هەر ئەو کات زۆرینەی ڕێبەری بەهاندانی ئەم بەشە لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان کە بە "محرەم" داندرا بوون بۆوەی لە کۆنفرانسەکان دا بەشداری نەکەنو کۆنفرانسەکان بشێوێنن، دەمانزانی چ داهاتوویەك لە چاوەڕوانیی ئەم یەکیەتییەدا دەبێ. هەر ئەم دەستێوەردانە وای کرد کە ئێمە ناچار بووین ٢جار کۆنفرانس بگرین. لە سالۆنی کۆنگرەش لەلایەن بەشێك لە نوێنەرانی کۆنگرە کە سەر بە قوڵی پاوانخوازی ڕێبەریی حیزب بوون، زۆر ڕەفتارو هەڵوێستی نەشیاوو ناحەزمان دی کە بە مەبەستی شێواندنو تێکدانی کۆنگرە ئەنجامیان دەدان. تەنانەت داوای ئێمە بۆ وەرگرتنی کۆپییەك لە فیلمی کۆنگرە کە بەشی فیلمی حیزب کاری وێنگرتنیان وەئەستۆ گرتبوو، بێ وەڵام مایەوەو هەوڵو داوای بنیاتی پشتیوانی ڕێکخراوە سینفییەکانی حیزبیش بێ ئاکام بووو بە بیانووی ئەوەی کە ئەوە ئارشیوی حیزبە! یەکیەتیی ژنانیان لە هەبوونی فیلمی کۆنگرەی خۆشیان بێبەش کرد.

بەڵام بە مەسئولییەتەوە دەڵێم کە ئێمە وەك بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانو بە تایبەت شەخسی خۆم لە هەموو کۆبوونەوە گشتییەکانی بەڕێوەبەریو ئەندامانو شانەکانی خۆمان دا هەوڵی هەرچی زیاتر پتەو کردنی ریزەکانی یەکیەتیی ژنانمان داوەو بگرە لە دەرەوەی یەکیەتیەکەشمانو لە نێو حیزبیش دا بۆ ئەو ئامانجە تێکۆشاوین. بەڵام

بەداخەوەو بە سەر سوورمانەوە رۆژ بەرۆژ زیاتر دەکەوتینە بەر کەم لوتفیو هاوکاری‌نەکردنی ئۆرگانەکانی حیزب، ئەوەش لەحاڵێك دابوو کە ئێمە بە موو لە سیاسەتو پرنسیپەکانی حیزب لامان نەدابوو. بۆ چارەسەریی ئەم کێشەیەش بارەها وەك هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی ژنان لەگەڵ بەڕێزان کاك مستەفا هیجریو کاك حەمە نەزیف قادری دانیشتین، بەڵام بەداخەوە هیچ سوودێکی نەبووو رۆژ بەرۆژ بێگانەترو نامەحرەم تر دەبووین .گونجاندنی ئەو خاڵەش لە داوا ٢٠خاڵیەکەی ئۆپوزیسیۆنی ئەو کاتیش بەرهەمی ناڕەزایەتیی ئێمە لەو دەست تێوەردانو کارشکێنی‌یانە بوو.

**● باشە خۆ یەکیەتیی ژنان لایەك لە کێشە نێوخۆیی‌یەکانی حیزب نەبوو، ئەدی ئەم رەفتارو هەڵسوکەوتەی زۆرینەی رێبەری بە نیسبەت ئێوە لەچییەوە سەرچاوەی دەگرت؟**

ئاساییە زۆرینەی رێبەرییەك کە هەموو هەوڵی بۆ یەك دەستکردنی حیزب بێ، هەر بە حیزب قەناعەت ناکاو دەیهەوێ دەست بەسەر یەکیەتیی ژنانو رێکخراوەکانی دیکەی سەر بە بنەماڵەی حیزبی دێموکرات دابگرێو لە راستی‌دا هەر ئەوەش سەرچاوەی ئەو بێ لوتفیو کارشکێنی‌یانەیان بوو. ئەگینا جگە لەوەی ئیرادەی بەڕێوەبەریی ژنان پێچەوانەی ویستی پاوانخوازانەی ئەوان بوو، هیچ هۆکارێکی دیکە بۆ ئەم مەبەستە شك

**ئێمە وەك بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانو بە تایبەت شەخسی خۆم لە هەموو کۆبوونەوە گشتی‌یەکانی بەڕێوەبەریو ئەندامانو شانەکانی خۆمان دا هەوڵی هەرچی زیاتر پتەو کردنی ریزەکانی یەکیەتیی ژنانمان داوەو بگرە لە دەرەوەی یەکیەتیەکەشمانو لە نێو حیزب دا بۆ ئەو ئامانجە تێکۆشاوین. بەڵام بەداخەوەو بە سەر سوورمانەوە رۆژ بەرۆژ زیاتر دەکەوتینە بەر کەم لوتفیو هاوکاری نەکردنی ئۆرگانەکانی حیزب، ئەوەش لەحاڵێك دابوو کە ئێمە بە موو لە سیاسەتو پرنسیپەکانی حیزب لامان نەدابوو**

نابەم. ئێمە بە هیچ شێوەیەك لە سیاسەتو بەرژەوەندییەکانی حیزب لامان نەدابوو. وەك رێکخراوێکی سینفیی سەربەخۆ ئەو مافەش بەخۆمان دەدەین کە بۆ ئەنجامدانی زۆر کاروباری تایبەتی رێکخراوەیی کە دژی سیاسەتو پرنسیپەکانی حیزب نەبن، خۆمان بڕیاردەر بین. بەڵام تینوێتی پاوانخوازی ئەوان بەهیچ چەشنێك بەوە نەدەشکاو تائەوەی بەکردەوە دەستیان لەکاروباری ئێمە وەردەداو بەتەواوەتی فەلەجیان کردین.

بۆوێنە هەر لە ئەنجامی ئەو دەستێوەردانەداو بەزاڵ کردنی گیانی جیناحبازی بەسەر پێوەندییەکانی ژنان دا کارو چالاکی‌یەکانی ئێمەیان لە ناوەندی٣ی کوردستان بەتەواوی پەك خست.

**● پێوەندیی خۆتان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران چۆن پێناسە دەکەنەوەو ئەم هەڵوێستەتان چ گۆڕانێك لەسەر کارکردی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات پێك دێنێ؟**

ـ ئێمە ئەوە دووپات دەکەینەوە کە رێز لە سەربەخۆیی رێکخراوەیی یەکیەتییەکەمان دەگرینو ئەو چاوەڕوانییەش کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانمان هەیە، بە پشت ئەستووریو دڵگەرمیو بە رێنوێنیو پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتواناو ئینێرژی هەرچی زیاترەوە بەرەو پیلی خزمەت کردن بە ژنانو هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی یەکیەتیی ژنان دەچین. ئێمە بە دڵگەرمییەوە رێکخراوەو کومیتەکانمان چالاکتر دەکەینو بە پشتیوانیی ژنانی ئازاو خەباتگێڕ لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی‌و یەکسانیخوازییەکانمان درێژە بە تێکۆشان دەدەین.

❊❊❊

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
# بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی "پێشمەرگەی کوردستان"


عیسمەت نستانی بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هاوڕێیانی خۆشەویست!

ئامادە بووانی جیژنی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان!

پێشمەرگە فیداکارو بە بیروباوەڕەکان!

بە بۆنەی ئەم ڕۆژە مەزنە، واتە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژیپێشمەرگەی کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بە ناوی هەموو ئەندامانو لایەنگرانییەوە جوانترینو رازاوەترین پیرۆزبایی لە سەرجەم پێشمەرگەی کوردستان دەکاو چەپکە گوڵی ڕێزو وەفاو میدالیای شانازی لە بەرۆکی یەکە یەکەی ڕۆڵە کوڵنەدەرو خوراگرانە دەدا کە لە سەنگەری خەبات بۆ ئازادی نەتەوەکەیان فیداکارییان کردووە.

سەری ڕێزو وەفاو کڕنۆش بۆ شەهیدانی کوردستانو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دادەنوێنین.

سڵاو لە هەموو ئەو لاوو پێشمەرگە بە هەستانەی کە بە بیرو باوەڕەوە ڕێگەی خەبات دژی زوڵمو ستەمیان گرتۆتە بەرو لە ڕیزی شۆڕش یان لە سیاچاڵەکانی ڕژیمی دژی ئازادی کۆماری ئیسلامی لە ژێر ئەشکەنجەی داگیرکەرانی کوردستان یان لە شارو شارۆچکە کانی کوردستان خەبات دەکەنو تێدەکۆشنو قوربانی دەدەنو بە دوژمنانی گەلیان سەلماندووەو دەسەلمێنن کە لاوانی کورد بە کورو کچەوە هیچی دیکە زوڵمو ستەمو چەوسانەوە لە داگیرکەرانی کوردستان قەبووڵ ناکەنو بە گژیان دادەچنەوە.

سڵاوی ئەمەکداری بۆ هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە لە سەنگەری دیفاع لە موجودیەتیی گەلەکەیان لە ژێر ئەشکەنجەی داگیرکەرانی کوردستان ئەندامێك لە ئەندامەکانی لەشیان لە دەست داوە.

سڵاو لە شێرە ژنان کوردستان بە تایبەت ژنانی ماندوو نەناسو وەفاداری نێو ریزەکانی شۆڕش کە شان بە شانی براکانیان لە سەنگەری دیفاع لە موجودیەتی گەلەکەیان بەکردەوە لە نێو ریزەکانی هێزی پێشمەرگەدا بوونو لە هیچ فیداکارێك دریغیان نەکردووەو لەو پێناوەش دا شەهید بوون.

ئەوەی کە دەڵێن مەل بە باڵێك نافڕێ ژنانی کوردیش باڵێکی ئەو مەلانە بوون. ئەوەی کە دەشڵێن پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە چونکو هەر ئەو باسکە بەهێزەیە کە چۆکی بە دوژمنانی ئازادی و ئەوانەی چاوییان بە ئازادی مرۆڤەکان هەڵنایە داهێناوەو بە کردەوە سەلماندوویانە کە لە بەرامبەر ئیرادەیی بەهێزیان هیچ ناگری بەرگەو لە پێناوی بەختیاری بۆ گەل ئامادەیی گیان بەخشینن.

جارێکی دیکەش پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە پیرۆزە لە سەرجەم پێشمەرگەی کوردستان دەکەین.

سڵاو لە شەهیدانو ئیرادەیی بەهێزی بنەماڵە سەربەرزەکانیان!

سڵاو لە زیندانیانی سیاسی!

سڵاو لە پێشمەرگە!

**کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٦ی سەرماوەزی ١٣٨٥**

# ژنان
# لە ڕۆژی 26ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە


ڕێژەی کچان‌و کوڕانی لاوو مێرمندالآن


کۆرسی سروودی یەکیەتیی ژنان

ـ لە ڕێکەوتی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان یەکیەتیی ژنان وێڕای پێشکەش کردنی پەیامی پیرۆزبایی‌و کۆرس‌و پێکهێنانی ڕێژەیەك لە ژنان‌و کچانی ئەندام لە یەکیەتی ژنان لە مەراسیمی ٢٦ی سەرماوەز دا بەشداری‌یان کرد.

هەروەها کۆمیتەی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کەمپی زەوی‌سپی وەك ڕێزلێنان لەم ڕۆژە لە ریزە چالاکی‌یەك بەم بۆنەوە وێڕای بەشداری لە کۆرسی سروودو دوو چەپکە گوڵی پێشکەش بە بەڕێز مامۆستا عبداللّٰە حەسەن زادەو کاك جەلیل گادانی تێکۆشەرانی لە مێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن ڕووناك خاتوونی ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنان‌و بەرپرسی کۆمیتەی ژنان لە ناوەندی ٢ی کوردستان پێشکەش کرد. هەروەها چەند شاخە گوڵ وەك ڕێزلێنان بە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب لەلایەن عایشە نارستی خێزانی شەهید حەمە نارستی‌و کلسوم خان خێزانی شەهید سەیدحوسێن ڕەحیمی پێشکەش کران‌و هەروەها چەپکە گوڵی ڕێز لێنان بە کاك محەممەد شاروێرانی پێشمەرگەی کەم ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن بەڕێز عیسمەت نستانی بەرپرسی یەکیەتیی ژنان پێشکەش کرا. هەروەها دوو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ڕۆژە پیرۆزەدا، حامید خانزادی‌و خاتوو شەهناز ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران چوونە نێو کژاوەی زێڕینی ژیانی هاوبەش‌و بوونە هۆی ڕازاندنەوەی هەرچی زیاتری ئەو ڕێوڕەسمە.


ڕێژەی ژنانی ئازادی‌و ئامیریە


وێنەی بووك‌و زاوایەك لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ٦١مین ساڵوەگەری دامەزرانی کۆماری کوردستان



سۆهەیلا قادری ئەندامی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان

بەشدارانی بەڕێز!

هاوڕێیانی خەباتگێڕو تێکۆشەر!

خەڵکی خەباتکارو خۆراگری کوردستان!

بە بۆنەی شەستو یەکەمین ساڵوەگەری دامەزرانی کۆماری کوردستان، بە مەبەستی پێشوا قازی محەممەد، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوە بەشدارانی بەڕێزو کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی خۆراگر، خەڵکی مافخوازی کوردستانو ژنانی خۆراگرو بە ئیمان بە خەباتی گەلی کورد دەکەین.

ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی دامەزرانی کۆماری کوردستان بدەینەوە شتێکی روونو بەرچاوە کە، کۆماری کوردستان، بایەخی بە هەموو چینو توێژەکانی نەتەوەی کورد بە تایبەت لاوانو ژنان داوە. بە دامەزراندنی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی وەك یەکیەتیی ژنانو یەکیەتیی لاوان لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستان داو هاندانی ژنان بۆ پێگەیشتنو تێگەیشتن لە بوارە جیا جیاکان داو بەشدار بوونیان لە خەباتو هەوڵ دان بۆ دەستەبەر کردنی ئازادیو مافی یەکسان دا، شان بە شانی لەگەڵ برا پێشمەرگەکانیان لەو دەسکەوتە بەنرخانەن کە ژنان توانیان لە دامەزرانی کۆماری کوردستان دا وەدەستی بێنن.

بەڕێزان:

ئێمە لە حاڵێکدا یادی شەستو یەکەمین سالوەگەڕی کۆماری کوردستان دەکەینەوە، کە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتیو ئێران بە تایبەتی، بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ.

گوشاری کۆمەڵەی نێونەتەوەییەکان بۆ سەر ئێرانو ئاڵوگۆڕی رژیمە دیکتاتۆرەکان لە ناوچەداو بێزار بوونی خەڵك لەم دەسەڵاتە سەرەڕۆیانە، هەموویان هەڵگری گۆڕانێکی بنەرەتین، کە رەنگە بە قازانجی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بە تایبەت گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا بێ.

هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو هەوڵێکی خۆی لە کار دەکا، کە گۆڕانکاریەکان بە لێزانیو بە وردی تاوتۆی بکاو چیدی نەهێڵێ بۆ دەستەبەر کردنی مافو ئازادییەکانی گەلی کورد، هەوڵەکان لە بار بچن. هەر بۆیەش ریزەکانی خۆی لە هەموو چینو توێژە خەباتکارەکانی، پتەوتر دەکاو بەرەوپیری ئاسۆی روونی ئازادی، بە نەدبیرو ژیری، هەنگاو دەنێو لە هەموو وزەکانی خۆی، واتە ژنانو پیاوانو لاوانی شۆرشگێرو بە بیروباوەری نەتەوەیی کەڵك وەردەگرێ.

ژنانی خەباتگێر باش دەزانن بە پشتیوانی لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆشەویستی خەڵکی کوردستان، حیزبی شەهیدانو بە تایبەت سێ ڕێبەری شەهیدی سەرکردەمان پێشەوای زانا، دوکتور قاسملووی مەزنو دوکتور شەرفکەندی بلیمەت سەر دەکەون.

لەم رۆژە پیرۆزەدا وێرای پیرۆزبایی دووبارە، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان وێڕای ئەوە کە پشتیوانی خۆی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەردەبڕێ، بۆ جارێکی دیکەش پشتیوانی لە هەموو جوولانەوە خەڵکیەکانی کوردستان دەکاو ژنانی ئازادیخوازو نیشتمانپەروەریش دڵنیا دەکاتەوە کە تا سەرکەوتنو گەیشتن بە مافەکانی سیاسیو مرۆییەکانیانو هێنانەدیی ئامانجە بەرزەکانی کۆماری کوردستانو ئاواتە بەرزە نەتەوییەکانی پێشەوای مەزنمان، پشتیوانی بە هێزی ئەو خەباتە پیرۆزە، بە رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی خۆشەویستی خەڵکی کوردستانی ئێران بین.

سلاو لە پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری کۆماری کوردستان.

بەرزو پیرۆز بێ یادی ٢ی رێبەندان ٦١مین ساڵوەگەری دامەزرانی کۆماری کوردستان.

سەرکەوێ خەباتی رەوای گەلی کورد، بە رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**

**٢ی رێبەندانی ١٣٨٥ی هەتاوی**

# ژنـان و نـاسیونـالیسم

# له كۆماری كوردستـان دا ١٩٤٦

## پێشەكی:

كتێبـی women of A Non-state Nation The kurds،(ژنـانی میللـەتێكی بێدەوڵـەت، كوردەكـان) كـە لەلایـەن خـانمی شـەهرزادی موجابـەوە ئامادەكراوە، ساڵی ٢٠٠١ لە ئەمریكا بڵاوكراوەتەوە. ئەم كتێبە زۆر بە نرخە كە لێكۆڵینەوەیـەكی زانستیانەیە سـەبارەت بـە دەوری ژنـان لـە بوارە جۆراوجۆرەكانی ژیاندا بەدرێژایی مێـژووی كوردسـتان، بریتیـە لـە پێشـەكییەكی چـڕوپڕو لـە سـێ تـەوەردا پێشكەشـكراوە. پێشـەكی كتێبەكە لە لایەن شەهرزادی موجاب خۆیەوە نووسراوەو ناوەڕۆكی هەموو باسەكانی كتێبەكەمان پێدەناسێنێت.

سەردێڕی تەوەری یەكەمی ئەم كتێبە"ڕوانگە مێژوویەكان"ە كە پێكهاتووە لە سێ بەش:"پرسی ژنان لە گوفتاری ناسیۆنالیستە كوردەكان لـە خـولی كۆتـاپراتوری عوسمانیـدا" لـە نووسـینی جانیـت كلایـن(JANET KLEIN )،"ژنـانی كـورد لـە "قسـطنطنیە" لـە سـەرەتای سـەدەی بیستەمدا". لە نووسینی روهات ئالاكوم(ROHAT AIAKOM)،" ژنانو ناسیونالیسم لە كۆمـاری كوردسـتانی١٩٤٦دا". لـە نووسـینی شـەهرزادی موجاب(SHAHRZAD MOJAB). تەوەری دووهەم لە ژێر سەردێڕی"ڕوانگەی سیاسیو یاساییەكان"دایە كە پێكهـاتووە لـە سـێ بـەش:" لـە عادیلە خانمەوە هەتا لەیلا زانا: ژنان وەكوو ڕێبەرانی سیاسیی لە مێژووی كوردسـتاندا"، لـە نووسـینی مـارتین ڤـان برۆینسـۆن( MATIN VAN BRUINSSON)،" ژنـانی كۆچـكردووی كـورد لـە ئەسـتەموول، كۆمـەڵگاو سەرچـاوە پێویسـتەكان بـۆ بەشـداری سیاسـیی ناوچـەیی تاقمـە كۆمەڵایەتییـەی كـە خراوەتـە پـەراوێزەوە". لـە نووسـینی هایـدی ویـدێل(HEIDI WEDEI)،" ژنـانی مـافی چارەی خـۆ نووسـین: سـەرنجێكی فیمینیستی بۆ یاسا نێونەتەوەییەكان". لە نووسینی سوزان مەك داناڵد(SUSAN MCDONALD).

تەوەری سێهەمی كتێبەكە لە ژێر سەردێڕی"ڕوانگە كۆمەڵایەتی، فەرهەنگیو زمانناسییەكان" دایە كە بریتیە لـە پێـنج بـەش:"دەرمانكـەر، نهێنی ئـامێز یـان جـادوویی: هەڵبـژاردە لـەش سـاغییەكانی ژنـان لـە شـارێكی كوردسـتاندا". لـە نووسـینی ماریائووشـی(MARIA OSHEA)،" فۆلكلۆرو فانتازیا: ناساندنی ژنان لە نەریتی گێڕانەوەی كوردەكاندا". لە نووسـینی كریسـتین ئالیسـن(CHRISTINE ALLISON)،" پـەیكـەرەی ژنانی كورد لە سۆفیگەری هاوچەرخدا"، لە نووسینی ئانابیل بوتچێر(ANNABELLE BOTTCHER،" سیماكانی ڕۆژهەڵات لە ڕۆڵی ژنانی كورد لـە كۆمەڵگەی كوردستاندا". لە نووسینی میریلا گالیتی(MIRELLA GALLETTI)،"(دووبارە) بەرهەمهێنانەوەی پیاوسالاری لە زمانی كوردیدا"، لـە نووسینی ئەمیری حەسەنپوور(AMIR HASSANPOUR).

دوكتـۆر شـەهرزادی موجـاب مامۆسـتای یاریـدەدەری زانكـۆی تورانتۆیـە لـە كانـادا، بەڕێوەبـەری ناوەنـدی لێكۆڵینـەوە لەسـەر ژنـانو لێكۆڵینەوەی(ژەندەر)جنسیە لە زانكۆی تورانتۆو هەروەها سەرۆكی كۆمەڵەی كانادایی لێكۆلینەوەی پەروەردەی گەورەساڵانە. بۆ وەرگرتنـی زانیاری لەسەر چالاكییەكانی شەهرزاد خانمو هەوەها بۆ لە نزیكەوە ئاشـنا بـوون لـە كـارو هەڵسـوورانی زانسـتیو توێژینـەوەی ئـەم خانمـە، دەتوانن سەرێكی سایتەكان بدەن لەسەر ئینتەرنێت:

http: fcis.oise. utoronto.ca/ mojabweb/

لە وەرگێڕانی كوردی ئەم دەقە داوام لە شەهرزاد خـانم كـرد كـە ئـەو بەشـە لـە نووسـراوەكەی وا راسـتەوخۆ لـە سەرچـاوە كوردیەكانـەوە وەریگرتووە بۆم بنێرێت با من ناچار نەبم لە ئینگلیزیەوە دەقێك بكەم بە كوردی كە خودی دەقەكە كوردیبووە! ئەویش بـە خۆشـیەوە ئـەم كارەی كردوو ئەو بەشە لە نووسراوەكانی بۆ ناردمكەلە "كوردستان"و لە "نیشتمان"دا بڵاوكراونەتەوە. من جگە لە گۆڕینی شێوەی نووسین، دەقەكانم هەر وەكوو خۆیان بە بێدەستكاری نووسیوەتەوە، وەركێڕانی فارسی ئەم دەقەم پێشتر بڵاو كردۆتەوە.

**( بەشی دووهەمو كۆتـایی )**

وەرگێڕ: ئەحمەد ئەسكەندەری ڕێبەندانی ٢٠٠٤ (لە سایتی www.jinnama.org)

### ڕێوشوێن دانان بۆ پێكهاتەی هاوسەریەتی:

ڕێكخستنی حیزبی ژنان وادیارە بەرچاوترین هەنگاوە كـە لەلایـەن بەڕێوەبەرایـەتیی حیزبـەوە ەرخسـتنی ژنـان لـە پرۆسـەی پێكهێنـانی میللەتـدا هـەڵگیراوە. هـەنگاوەكانی دیكـە بـە ئاراسـتـەی دەسـتێوەردان لـە پەیوەندییـە نەریتیـەكانی دوو جنسـیەكەدا هـەڵگیراون. یـەكێك لەوانـە سیاسەتی نایاسایی كردنو سزادانی هێندێك لـە شـێوەكانی ڕەدوو كەوتنی(ژنانو كچان)ە. یەك لەو بڕیارانەی كە پـەیتا پـەیتا لەلایەن"هەیئەتی میللی كوردسـتان"ەوە لـە چـەندین ژمارەی ڕۆژنامەدا چاپكران، ئەمە بوو:

ئاگاداری

**ڕەدوو کەوتنی کچان‌و ژنان قەدەغەیە**

لەسەر قەراردادی هەیئەتی میللی کوردستان هەر پیاوێك بە زۆر ژنی بە مێرد گوێزرابێتەوە یا نەگوێزرابێتەوە رایشێ، دەبێ بکوژرێ‌و ئەگەر کچێکیش بە زۆر رابکێشێ دەبێ ئەو پیاوە بکوژرێ. ئەمما(ئەگەر پیاوەکە) کچی خوازبێنی بکاو نەیدەنێ‌و مانیعی شەرعیش نەبێ‌و بە مێرد نەبێ‌و کچەکە رازی ببێ جەزای نیە. وەگەرنا لە سێ‌مانگەوە تا سێ ساڵ حەبس دەکرێ. ٢٤ی رێبەندانی ١٣٢٤,١٣/١/١٩٤٦.

*رئیسی هەیئەتی میللی کوردستان*

*حاجی سەید بابا شێخ.*

ئەم بڕیارە لەگەڵ چەند بڕیارێکی دیکە سەربەخۆ بوونی کۆمار لە سیستەمی دادوەری دەوڵەتی ئێران نیشان دەدەن. ئەم یاسایە زۆرتر چاوی لە ناوچە عەشایری‌و لادێکانە کە تێیدا ڕەدووکوتن بەڕێوە دەچوو. ئەم بڕیارە کە لەلایەن دەسەڵاتێکی ئایینیەوە لە پایتەخت دەرچوو بوو، لە ڕاستیدا درێژەی دەسەڵاتی ناوەند/ شار بوو بەرەو ناوچە ناشارییەکان کەلە ژێر دەسەڵاتی ڕێبەرەفێئۆداڵ - عەشیرەکاندا بوون. هەروەها ئەمکارەداسەپاندنی سەرەتاکانی ئیسلام بوو بۆ سەر سیستەمی پەیوەندیی نێوان دووجینس کەلە بەرامبەر دەسەڵاتی ئاییندا ڕاوەستابوون. زمانی ئەم دەقەش بە تەواوی پیاوسالارانەیە. لە سەردێڕی ئاگادارییەکەدا، ژن هەڵگرتن کە چەمکی لایەنی پیاوانە بۆ ئەمکارە بەکار نەهێندراوە. جێگای سەرنجیشە کە ڕێبەرایەتیی کۆمار، دەستێوەردانێکی لەم چەشنەی نەکرد لەسەر پەیوەندییەکانی زەوی‌وزار لە ناوچە لادێنشینەکان‌و لەو گوندانەی چەوسانەوەی دەرەبەگایەتی باو بووو تێیدا مافی ژنان بۆ مڵکداریی زەوی ڕەژاو نەدەکرا. نەریتی پەرچدانەوەی مافی ژنان بۆ میرات وەرگرتنی زەوی کشتوکاڵی دەستدرێژیکردن بوو بۆ سەر شەریعەتی ئیسلام، کە نیوەی بەشی پیاوانی دەبەخشی بە ژنان. بەڵام تەنانەت نەهێشتن ڕەدووکەوتنیش بە تەواوی سەرکەوتوو نەبوو.

محەممەد ئەمینی مەنگوڕی، یەکێك لە ئەندامانی ئیدارەی ئاسایشی کۆمار لە لێکدانەوەیەکی زۆر دەگمەندا گووتی کە دانانی یاسا بۆ ڕەدووکەوتن دژبەریکردنە لەگەڵ دابونەریتی عەشیرەی بڵباس لە ڕۆژهەڵاتی مەهاباد. بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە ئەمە بە کارێکی داپڵۆسێنەرانەو ناخۆش دەژمێدرێ لەبەر ئەوەی ڕێگا نادا بە سەربەستیی ئەویینداری، دەستبازی، ئەویندارکردن، هەڵپەڕکێی ڕەشبەڵەك‌و ڕەدووکەوتن. ئەمەش گەنجەکانە دەکات بە وشکەسۆفی‌و دنیای ئەوینداریيان لەسەر دادەخات. بە باوەڕی مەنگوڕی ڕەخنەیەکی زۆر ئاراستەی دانانی یاسایی بەرگری لە ڕەدووکەوتن کرا، چوونکە ئەمکارە، وەك ئاکارێکی شەرافەتمەندانە مەزەندە دەکرا.

ئەگەر ژنێك ڕەدوو نەکەوتبایە، ڕێزی بۆ دانەدەنرا. ئەمە بۆ پیاوانیش هەر وابوو. ئەگەر پیاوێك ژنێکی ڕەدوو نەخستبایە پێیان دەگووت"تۆ پیاو نیت، ئەگەر پیاو بایەیت ژنێکت ڕەدوو دەخست." مەنگوری دەڵێ کە تەنیا خۆشبەختییەك کە مێژوو بە کوردانی داوە"دڵداری‌و عەلاقەی جنسیە"و ئەوەیە کە کوردەکان لە چێژوەرگرتن لەم ئازادییانەدا لە ئورووپاییەکانیش لە پێشترن. ئەو هەروەها دەڵێ کە ئەم کارە کارێکی ئابووریشی لەگەڵدایە. مل پێوەنانی ڕەدووکەوتن هەردەم تێکەڵە لەگەڵ مەترسی، بەڵام هەموو لایەنەکانی ئەمکارە دەزانن کە چۆن ئەم ململانێیە کۆتایی پێبێنن. ژن‌و پیاوەکە خۆدەخەنە شوێنێك (لای سەرۆك عەشیرەتێك یان ئاغایەك‌و یان دەسەڵاتێکی ئایینی‌یان هەرکەسێکی یان هەر کەسێکی بێ‌لایەن‌و جێگای ڕێز)و هەتا ئەو کاتەی سازانێك دەکرێ، وازیان لێ‌دێنن، عادەت وایە کە بە باوکی کچەکە شیربایی دەدەن‌و لایەنەکانی دیکەش لە باری ماڵییەوە قازانج دەکەن.

لە ناو ئەو چاکسازییانەی کە بە دەستپێشخەری ڕێبەرایەتی بەرێوەچوون، بڕیارێکی سەرکۆمار بوو سەبارت بە بەڕێوەبردنی خوتبەی نوێژی جومعە، بۆ یەکەم جار بە زمانی کوردی. لە ناو بابەتە جۆراوجۆرانەی کەلەم خوتبانەدا بەرجەستە دەکرانەوە یەکیشیان ئەوە بوو کە: کە ژنان لە ناو کۆمەڵگادا چۆن بن. بابەتەکانی دیکە بریتی بوون لە: خەبات لە دژی خورافات، ڕێز گرتن لە یاسا ئایینییەکان، تەندروستی‌و درووستکردنی نەخۆشخانە، کارتێکردنی هێمنایەتی لە گەشەکردنی نیشتمان‌و شارستانیەتی کۆنی کوردستان. لە دەوڵەتی خودموختاری

ئازەربایجانی دراوسێدا، ژنان بۆ یەکەم جار مافی دەنگدانی گشتی بدرێ. لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا لە قازی محەممەد پرسیار کرا حیزبی دێموکراتی کوردستان مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا داوە بە ژنان، ئایا ئێوەش ئەم کارەتان کردووە؟ وەڵامەکە ئاوا بوو، هەر چەند ئێمە ئەم هەنگاوەی ئازەربایجان بە ئەرێنی هەڵدەسەنگێنین، بەڵام ئاگادارتان بکەمەوە کە ئێمە نەمانتوانیوە ئەم سەرکەوتنە بەدەست بێنین.

**پرسی وشیاری فیمینیستی:**

لەبەر هۆیانەی سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، ئاشکرایە کە وشیاریی فیمینیستی، هێشتا لەناو ژنانی کۆماری کوردتاندا دەرنەکەوتبوو. ژنانی خوێندەوار باوەڕیان بە پەروەردەی ژنانو یەکسانیی رەسمی هەبوو لەگەڵ پیاوان. بەڵام تەنانەت ئەوانیش بەشێوەیەکی لێبڕاوانە لەگەڵ سیستەمی پەیوەندییەکانی نێوان دوو جنسیەکە نەدەکەوتنە ململانێ. رادیکاڵترین رەخنە لە لایەن کوبرا عەزیمی‌یەوە دەگیرێ کە بوو بە هۆی نارەزایی هێندێك لە ژنان. لە ڕێگای لاپەرەکانی رۆژنامە"کوردستان"ەوە دەتوانین بەڵگە بێنینەوە بۆ نەبوونی وشیاریی فیمینیستی لیبراڵ. یەکێك لە مامۆستایان کە"ئامۆژگاری بۆ ژنان"ی نووسیبوو، بۆ وێنە ئەڵێ:

هەموو رۆژێ لە پێش رۆیشتنی پیاو بۆ بازار دەبێ پیاو بپرسێ" ئایا هیچ فرمانت نیە؟"، ژنی چاكو راست تاجی سەری مێردی خۆیەتی کارێکی مێردت پێی خۆش نیە ئەتۆش پێتخۆش نەبێو قەرەی مەکەوە تاریفی پیاوی بێگانە مەکەن دەنا مێرد لێتان دڕدونگ دەبێت ئەگەر زۆریش دڵتەنگ بوویت دیسان ئەگەر پیاو(ەکە)ت هاتەوە رووی خۆت ترش مەکە هەوڵ بدە خووی مێردەکانتان بناسن تا بەوجورە دەگەڵیان رەفتار بکەن.

زۆربەی ئەو ژنو پیاوانەی سەبارەت بە بەشداریی ژنان لە ژیانی میللەتدا دەیاننووسی، ژنانی"وڵاتانی بێگانە"یان(هەم ئورووپاو هەم یەکیەتی سۆڤییەت) وەکوو مودێلێك دەناساند کە دەبوو ببنە نموونەیەك بۆ چاو لێکردن. بە پێی ئەم نووسراوانە ژنی بێگانە لە بوارەکانی زانست، تەکنلۆژیو هونەردا پەروەردەکراون، لەگەڵ پیاوان یەکسانو هەروەك پیاوان یارمەتیدەری پێکهاتنی میللەتن. جاری وایە ئامۆژگاریی حەزرەتی محەممەدیش بۆ پەروەدەی ژنانو پیاوان هەردووکیان باس کراوە. هەروەها یەك لە وتاربێژان بە ناوی خانمی شاسوڵتانی فەتتاحی لە وتارەکەی خۆیدا لەسەر پشتگیریی سەرکۆمار بۆ پەروەردەی ژنان لە رێگای ناردنی کچەکانیانەوە بۆ خوێندنگە پێدادەگرێ.

بابەتی دیکە تواناییەکانی ژن بوو، بۆ ئەوەی بێتە شەرکەرێکی چاك. لە وتارێکی سەبارەت بە ژنانی ئازەربایجانی سۆڤییەت (کە لە سەرچاوەکانی سۆڤییەتەوە وەرگیرا بوو)، لەسەر ستانداردی باڵای پەروەردەی ژنان هەروەها یارمەتییەکانی ئەوان لە شەڕی نیشتمانی دژی فاشیستیدا جەخت کراوە. لە وتارێکی دیکە کە سەبارەت بە ئازادیی ئایین لە رووسیەی سۆسیالیستیدا نووسراوە، لەسەر ئازادبوونی ژنانی سۆڤیەت بۆ کار کردن لە دەرەوەی ماڵەوەو لە هەموو بوارەکاندا، جەخت کراوە. سەرنج بۆ ئەوە رادەکێشرێت کە لە ژنانی رووس شانبەشانی پیاوان کار دەکەن. نەبوونی هەڵاواردن لە نێوان ژنانو پیاوانی بێگانەدا هاوتای خۆی لە نتاو میللەت دا دەدۆزێتەوە،. بڕواننە بارودۆخی ژنانی عەشایری کوردستان، ئەو کات دەزانن کە ژنانو پیاوان وێڕای یەك کار دەکەن( لە خەرمان هەڵگرتن، لە تۆوچاندنو گێرەکردندا) یارمەتیی یەکتر دەدەن، جگە لەوەش ژنان ئاگایان لە منداڵەکانو ماڵەوەش دەبێ. بەڵام ئەوەی کەژنانی رووس دەیکەن زۆر پڕبایەخە لە بەر ئەوەی کە ئەوان زانیارییان هەیەو پەروەردەیان دیوە، ژنانی ئێمە زۆر هیچ نەزانن.

**ئەنجام:**

بابەتی لێکدانەوەکە جەخت لەسەر ئەو رەوتانە دەکاتەوە کە لێکۆڵەرانی دیکە لە پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوە میللییەکان لە سەرانسەری جیهاندا رەچاویان کردون. لە کوردستانی ساڵی ١٩٤٦دا بزووتنەوەی فیمینیستی لەچاو بزووتنەوەی میللی لە پاش بوو. وشیاریی ناسیۆنالیستی زۆر بەربڵاوترو کۆنتر بوو. لە کاتێکدا کە ئازادیی ژنان، مافی یەکسانو بەشداریکردن لە خەباتدا چووبووە ناو رۆژەڤی ناسیۆنالیستەکانەوە، وشیار بوونەوە لە داخوازییەکانی پلاتفۆرمێکی فیمینیستی کاڵی لیبراڵی بەوڵاوە نەچوو.

یەکەم رێکخراوی ژنانی کورد، لە ساڵی ١٩١٩دا لەلایەن ئەندامانی نوخبەی ناسیۆنالیستی دوورخراوە لە

ئەستەموولْ دامەزرا. ئەم ڕێخراوەش هەروەکوو تاقمە سیاسیو فەرهەنگییە کوردییەکانی دیکە پاش دامەزرانی کۆماری تورکیا کە لە سەرهەڵدانی شۆڕشی کورد لە ساڵی١٩٢٥دا هەموو چالاکییەکی ناسیۆنالیستی داپڵۆسی، لە ناو چوو. پێدەچێت کە حیزبی ژنان دووهەمین ڕێکخراوی ژنانی کورد بێ. یەکێکی لە ئەندامانی ئاریستۆکراتی خاوەن زەوی بە ناوی حەفسە خانم، لە سەدەمی دەوڵەتی خودموختاری شێخ مەحموود لە سەرەتای ساڵی١٩٢٠دا هەڵسووراو بوو. بەڵام کارەکانی ئەو ئاماژە ناکەن بۆ سەرهەڵدانی وشیاری یان ڕێکخستنی فیمینیستی. ئەو خانمە پشتگیری دەکرد لە ئامانجی ناسیۆنالیستەکانو بە شوێن ڕۆژەڤێکدا دەچوو کە بریتی بوو لە گەشەکردنی ژنانو بە تایبەت وەدەستهێنانی خوێندەواریو پەروەردە.

بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی ساڵی ١٩٤٦ ژنانی هاندەدا کە بەشدار بن لە چالاکیی دەرەوەی ماڵدا، بەڵام سنوورێکی زۆری دادەنا بۆ هەبوونی ئاشکرای ئەوان، ژنان تەنیا ئەو کاتە بەراورد دەکران کە بتوانن یارمەتی پیاوان بدەن بۆ ئامانجی میللی. کۆمار یەکەم دەوڵەتی کوردی بوو کە خواستی دێموکراتیکو مۆدێرن بوونی هەبوو. پێکهێنانی حیزبێکی ژنان ئەم سیمایەی بردە سەرەوە: ژنان هەر لە سەرەتای حکوومەتی خودموختارەوە لە مەیدانە گشتییەکاندا دیار بوون. بوونی حیزبێکی ژنان ئامادە بوونی ژنان لە ژیانی سیاسیی کۆماردا، بە شێوەیەکی فۆرمی ڕاگەیاند، بەڵام لە هەمان کاتدا پاکانە کردنێك بوو بۆ وەلانانی ئەوان لە ئاستەکانی بڕیاردانی حیزبی دێموکراتی کوردستان . ئەم حیزبە وەکوو ڕێکخراوی ژنانی ح.د.ك. هەروەها ڕەسمییەتیدا بە جیاکردنەوەی ڕیزەکانی حیزب بەپێی جینسو ئەوەی کە هەر کامەیان ڕێکخراوی خۆیان هەبوو. ئاشکرایە کە ئەم دوانە لە بارودۆخێکی یەکساندا نەبوون.

ڕۆژنامەی کوردستان کە هەردوو ڕۆژ جارێك دەردەچوو، لەگەڵ چەندین گۆڤارو دواتریش ئێزگەیەکی ڕادیۆ، ئەمانە نیشاندەری تۆمای گەردوونی گشتییەکە وا خەریکی پێك هاتنە، بەڵام لە کاتێکدا کە نوخبەکانو دەوڵەمەندەکان ڕادیۆیان لەبەر دەستا بوو، باقیی خەڵکی پایتەخت دەیانتوانی گوێڕایەڵی ئەو بڵیندگۆیانە بن کە لەسەر چوارپییانەکان دامەزرابوون. هەر چۆنێك بێت، گرینگە سەرنجی ئەو خاڵە بدرێ کە تەواوی بڵاوکراوەکانو ئێزگەی ڕادیۆکەش هی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوونو لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوە دەچوون. ئەمەش ئەو هەلومەرجە نیە کە لە گەردوونی گشتی بچێ کە تێیدا وێژەران/ گوێگرانو نووسەران/ خوێنەرانیجۆراوجۆرلە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری سەربەخۆن. سەرەڕای ئەوەش کەشوهەوایەك بۆ باسکردنی چالاکیی ژنانو سیاسەتی ڕەسمی سەبارەت بە دوو جنسیەکە دوستەبەر کرا.

دەوڵەتی میللی ئازەربایجانی دراوسێ، لە کۆماری کوردستان ڕادیکاڵتر بوو. لە ئازەربایجان بە پێچەوانەی کوردستان چاکسازیی زەویو زار هەرچەند سنووردایش بەڕێوەچووو مافی ژنان بۆ بەشدار بوون لە هەڵبژارنە گشتیەکاندا بە ڕەسمی ناسرا. پایتەختی ئازەربایجان، واتە تەورێز دووهەمین شاریی گەورەی ئێران بووو تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بە گەورەترین ناوەندی شار لە وڵات، ئەژمێردرا. ئێرە هەروەها ناوەندی شۆڕشی ڕادیکاڵی مەشرووتییەتی ئێران لە ساڵەکانی ١٩١١_١٩٠٦ بوو. میر جەعفەری پێشرەوی سەرۆکی حیزبی دێموکراتی ئازەربایجانو سەرۆك وەزیری حکوومەت میللی، بە یەکێك لە سیما ناسراوەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی وڵات دادەنرا. هەبوونی هێزەکانی سۆڤییەتیش لە ناوچەکەدا فاکتەرێکی دیکە بوو. بارودۆخی پێشکەوتووی ژنان لە کۆمەڵگای سۆڤیەت یەکێك لەو بابەتانە بوو کە پەیتا پەیتا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن چ بەگوتنو چ بە نووسین دەهاتنە گۆڕ. لە بڵاوکراوەکانی کوردستانو ئازەربایجاندا بەشداریی ژنانی سۆڤیەت لە شەڕی دژی فاشیسمدا بەردەوام وەکوو بەڵگەیەك بۆ ئازادیی ئەوان نیشان دەدرا. گرینگە بزانین کە مافی ژنانی فەرانسە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا تەنها لە ساڵی ١٩٤٤، واتە دووساڵ پێش ئازەربایجان بەرەسمی ناسرا.

★★★★

# ٢٥ی نوامبر

# ساڵرۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان

خدیجە مەعزووری

توندوتیـژی مەسـەلەیەکی جیهانییـە. ئەم دیاردەیە لـە گشت وڵاتـانی جیهـان، تەنانـەت لـەو وڵاتانـەی کـە دێموکراسـیو عەداڵـەت قسـەی یەکـەم دەکـەن، بـە شێوەی نهێنیو ئاشکرا ئـەنجام دەدرێ. ئەم دیاردەیە شتێکی تازە نیە کە بەرۆکی هەموو مرۆڤەکانی گرتبێتەوە، بەڵکوو ئەم دیاردەیە لە دێرزەمانەوە بووە، بـەڵام لـە سـەدەی ٢١دا بـە شـێوەیەکی نـوێ لـە جیهـان دا پـەلوپۆی هاویشتوە. هـەروەك کاتی خۆی کۆفی عنان سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیـەکگرتووەکان کـوتی: توندوتیـژی دژی ژنـانو کچـان لـە ناوچـە جوراوجۆرەکـانی جیهـان دا بۆتـە گیروگرفتێکی گەورە بۆ مرۆڤ.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٢٥ی نـوامبری بـە ڕۆژی جیهـانیی سـڕینەوەی توندوتیـژی دژی ژنـان نـاودێر کردوە. کۆڕی گشـتیی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٣ی زایینـیدا لـە بەیاننامـەی"لابردنـی توندوتیـژی" لـە دژی ژنان پەسند کرد. لـەم بەیاننامەیـەدا توندوتیـژی بـەم جـۆرە پێناسـە کـراوە:" هەر جۆرە هەڵسوکەوتێکی توندوتیـژ لـە سەر بناغـەی جنسییەت کـە ببێتـە هـۆی زەبرلێدانی جیسـمیو جینسـیو ڕەوانـیو ئەزییـەتو ئـازاری ژنـان یـا هـەر چەشـنە هەڕەشـەیەك بـە مەبەسـتی بەئـەنجام گەیاندنی کردەوەی ناحەز کە ئاکامەکـەی بـە ناچـاریو یـا دڵخـواز ببێتـە هـۆی بێبەشبوونی لە ئازادی لـە کۆمـەڵو ژیـانی تایبەتـیدا".

هـەروەك ئامـاژەی پـیکرا مەسـەلەی توندوتیژی نواندن بەرامبەر بـە مرۆڤ و بـە تایبـەت ژنـان، تـەنیا تایبـەتی وڵاتێـكو ناوچەیەك لە جیهان دا نیە. ئەم دەیاردەیە لە سەرانسەری جیهان لـە پێشکەوتووترین وڵات دا لـــە لایـــەن مرۆڤـــە خوێندەوارەکانیشەوە لە سـەر ژن بـەڕێوە دەچێ. بە گوێرەی سندووقی حەشیمەتی سەر بە ڕێکخـراوی نەتەوەیـەکگرتووەکان، لـە هـەر ٣ ژن لـە سەرانسـەری جیهـان دا ژنێـك لـە لایـەن ئەنـدامانی بنەماڵـە وەك مێرد، برا، یا یەکێك لە خزمو کەسانیـەوە دەکەوێتـە بـەر توندوتیـژی. دیـارە هـۆی سەرەکی ئەم توندوتیژییانە بە دژی ژنان، زاڵبـوونی فەرهـەنگی پیاوسـالارییە. لـە ڕاسـتیدا فەرهـەنگی پیاوسـالاری لەگـەڵ توندوتیـژیدا پێوەندییـەکی نەپچـڕاوی هەیە.

توندوتیـژی بـە شـێوەی جوراوجـۆر" جەسـتەیی ـــ دەروونـی" دژی مـرۆڤ بـە گشتیو ژنان و منداڵان بە تایبەتی بەڕێوە دەچێ. ئەم توندوتیژییانە لـەو ڕێگایانـەوە دەکرێن: ئاپارتایدی جینسی، بە شـوودانی کچـانی کـەم تەمـەن، کـڕینو فرۆشـتنی منداڵان بـە تایبـەت کچـان، دابونـەریتی دزێو،ئـایین، فەرهـەنگی دواکەوتووانـە، قانوونی پڕ لـە ناتـەباییو بێعەداڵـەتی بە دژی ژنـان، حـاکم بـوونی دەسـەڵاتێکی کۆنەپەرەسـتو دواکـەوتوو، ئـەو دیـاردەو



←

فەرهەنگە دواکەوتوە لە سەریەك نەتەنیا ژنان لە دواکەوتووی‌دا دەهێڵێتەوە. بەڵکوو بواریش بۆ توندوتیژی دژی ژنان خۆش دەکەن. لەم بوارەدا دەتوانین ئێران بە نموونە بێنینەوە کە کۆمەڵێکی پیاوسالارو ڕێژیمێکی دواکەوتووەو قانونێك نیە کە بتوانێ داکۆکی لە ژنان لە بەرامبەر نواندنی توندوتیژی لە کۆمەڵو بنەماڵەدا بکا. تەنانەت لە قەوارەی حقووقیی قانوونی ئەساسی ئێران دا ئەوە وەبەرچاو ناکەوێ کە بە گشتی توندوتیژی کونترۆڵ بکا، بەڵکوو بە پێچەوانە لەو قانوونە ئەساسی‌یەدا، لە بارەی سزادان دا زۆرخاڵ بەرچاو دەکەون کە مرۆڤ هان دەدەن توندوتیژی بنوێنێ، وەك پیاو دەتوانێ لە ژن بدا، خوێن بەهای ژن نیوەی پیاوە، لە میرات دانیوەی پێ دەبڕێ، لە شاهیدان دا بە نیوە بە حیساب دێ، بە شوودانی کچ لە تەمەنی ٩ساڵەو سەرجەم ئەم خاڵانەو گەلێك خاڵی دیکە، گەورەیی پیاو بە سەر ژن دا دەسەلمێنێو لە ئاکام دا دەبنە هۆی بەهێز کردنی فەرهەنگی پیاوسالاری‌و لە نیهایەت دا توندوتیژی نواندن. لە ڕاستی‌دا هەر جموجۆڵێکی ژن پێچەوانەی مەیلی پیاو بێ، لەگەڵ دژکردەوەی پیاودا ڕووبەڕوو دەبێ.

فەرهەنگی پیاوسالاری بە ئاشکراو ڕاشکاوی لە نیو دەزگاو نیهادە دەوڵەتی‌یەکان‌و کۆمەڵو بنەماڵەدا بە گشتی لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری‌و فەرهەنگی‌دا، ریشەی داکوتاوەو پەلوپۆی هاویشتوە. هەروەك ئاماژە کرا، کۆماری ئیسلامی‌و قانوونەکەی پەرەپێدراوەو بە هێزکەری فەرهەنگی پیاوسالاری‌و فەرهەنگە دزێوەکانی دیکەی دژی ژنن.

**لە ڕاستی دا هەر جموجۆڵێکی ژن پێچەوانەی مەیلی پیاو بێ، لەگەڵ دژکردەوەی پیاودا ڕووبەڕوو دەبێ.**



لەو نێوەدا ئەرکی ژنانە کە نابێ ئەو دیاردە دژی ئینسانیانە بە نیسبەت خۆیان بەشێکی ڕەواو سروشتی بزانن‌و لە بەرامبەری دا بێدەنگ بن. بەڵکوو دەبێ وەك هەموو ژنان لە سەرانسەری جیهان دا، لە بەرامبەر ئەم دیاردەیەدا هەڵوێست بگرن‌و بە لێبراوی بەربەرەکانییان لەگەڵ بکەن. ئەم بەربەرەکانێ‌و هەڵوێست گرتنانەش لە ڕێگای پێکهێنانی ڕێکخراوو کۆبوونەوەو بوێری نیشاندان لە بەرامبەر بێ‌عەداڵەتی‌یەکان دا خۆی دەنوێنێ. لە ڕاستی‌دا فاکتەری سەرەکی بۆ پەرەپێدانی توندوتیژی‌و خاشەبڕکردنی توندوتیژی دا هەڵوێست دەگرن‌و خەبات بۆ نەهێشتنی دەکەن. ئەگەر ژنان چاوەڕوانی یارمەتیی ئەم‌و ئەو لەو پێناوەدا بن، ئەوە لە خەباتی خۆیان دا بە ئاکام ناگەن‌و نابێ هەرگیز وا بیر بکەنەوەوچاوەڕوان بن کە ئەم دیاردەیە لە خۆڕا بنەبڕ دەبێ. کەوایە ژنان دەبێ سەرنجێکی جیددی بە ئامووزش‌و عاملاندنی دروستی کۆرپەکانیان بدەن ئیزن نەدەن فەرهەنگی پیاوسالاری کە دەرونیان دا نەهادینە بێ‌و لەگەڵی گەورە بن. ئەگەر توندوتیژیش لە نێو بنەماڵەدا هاتە پێش، دەستەوەستان نەبن‌و زۆر بوێرانە مەنتیقیانە لە بەرامبەری دا ڕاوەستن‌و لە خۆیان دیفاع بکەن تا ئەم هەستە لە دەروونی منداڵەکانیان کە ئامادەی وەرگرتنن پێك نەیە. کاتێك منداڵ(کچ‌و کوڕ) لەگەڵ ئەم دیاردەیە نامۆ بن، ئەوە دەبێ هێوادار بین کە کۆمەڵو بنەماڵە پڕ لە تەبایی بەختەوەری بۆ ژن‌و پیاو دەبێ‌و توندوتیژی مانای نامێنێ‌و بەجێگای پێکەنین‌و زەردەخەنە دەبێتە هەوێنی ژیان.

■ ■ ■

# ژنانی سەرشەقام وەکو کەم ئەندامانی کۆمەڵن کە پێویستی‌یان بە هاوکاری‌و ڕێنوێنی یە

ئامادە کردنی: عیسمەت نستانی

لە دوای سەرکەوتنی شوڕشی گەلانی ئێران‌و زاڵ بوونی دەسەڵاتی ئاخوندی بەسەر ئەو ولاتە، دەسەڵات بە دەستان هەر بە زوویی ئیدیعای ئەوەیان کرد کە هەمووی ئەو دیاردەو داب‌و نەریتانەی کە دیاری ڕۆژئاوان لە کۆمەڵگەی ئێران بسڕێنەوەو بوار بۆ کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو سەردەمیانە برخسێنن، بەڵام زیاتر لە دوو دەیە فەرمانڕەواییان بەسەر دەسکەوتەکانی گەلانی ئێران، ئەوەی ئەمرۆ لە کۆمەڵگای ئێران بەڕێوە دەچێ پێچەوانەی ئەو ئیدیعایانەیە کە هەر لە سەرەتاوە هەراو هەنگامەیان بۆ وەڕێ خستوو.

دەسەڵات بەدەستان نەك نەیان توانی گیروگرفتە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی خەڵکی هەژارو بێ دەرەتان چارەسەر بکەن، بەڵکوو بواری زیاتریان بۆ فسادی جنسی‌و لەشفرۆشی‌و بێ بەندوباری ڕەخساند. بەڕێوەبەران‌و هەڵسوڕێنەرانی نیزامیی ئیسلامی هەر لە پەسند کردنی یاساو بڕیارو ڕێ‌و شوێنی تایبەتی لە مەجلیس‌و ناوەندەکانی بڕیاردان بگرە تاکوو بەردباران‌و ایدان‌و قصاص.... هتد بە ناوی گرتنەبەری ڕێ‌وشوێنی بڕیارە ئیسلامی‌یەکان لە هەر چەشنە هەوڵدانێك بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان دەریغیان نەکردوە.

ئەمرۆ کۆمەڵگای ئێران بەدەست زۆر دیاردەی پر مەترسی‌یەوە دەناڵێنێ، تووش بوونی ژنان‌و کچان بە نەخۆشیە کۆمەڵایەتیی‌کانی وەك لەشفرۆشی‌و موعتاد..... هتد بە شێوەیەکی پڕ مەترسی پەرەی ستاندوەو وشەی ژنانی سەرشەقام، رسوبی، ژنانی ویژە(تایبەت)... هتد وشە گەلێکەن کە ئەمرۆ بۆ بەشێك لەو ژنانەی تووشی ئەم نەخۆشیە هاتوون بە کار دەبرێن.

ژنانی سەر شەقام (زنانی خیابانی) ناوێکی ئاشنایەو هەمووومان لە گۆڤارو راگەینە گشتی‌یەکاندا بەر چاوو گوێمان کەوتوە.

وشەی ژنانی سەرشەقام بەدوای کوژرانی سەعید حەنایی لە چاپەمەنی‌یەکانی ئێران دا راگەیاندرا کە پێشتر بەرپرسانی رێژیم بە ئەنقەست لێی بێ‌دەنگ بوون‌و تەنانەت لێکۆڵەرەوان‌و نوسەرانیش خۆیان لێ‌دەبوارد. بەڵام ئێستا خودی بەرپرسانی رێژیم بۆ خۆیان بە رەسمی دانی پێ‌دانێن‌و بە بێ‌گوێ‌دانە هۆکارەکانی ئەم نەخۆشی‌یە بە قەولی خۆیان هەر ڕۆژە ڕێ‌و شوێن‌و یاساو بریارێك بۆ چارەسەر کردنی دەگرنەبەر.

ئەگەر چاو لە رووخساری ژنێکی سەرشەقام بکەین، روخساری پڕە لە بێزاری، خەریکە تورە بوونەکانی تەواو ساڵانی ڕۆژ ڕەشی‌و داماوی خۆی بە جارێك دەردەبڕێ، بەڵام هێزو تاقەتی لە بەردا نەماوەو سەراپای ئەندامەکانی لەش دەلەرزێ‌و فرمێسکی پەشیمانی بە سەر گۆنەکانی‌دا دێتە خوارێ تۆ بڵێی لە بەر چی وا بێزارە؟

لەبەر ئەوەی کە خەڵك لە بارەیەوە قسە دەکەن؟ یان لەبەر ئەوەی کە هەر ڕۆژە گەڵاڵەو یاسایەك لە بارەیەوە دەدەچێ‌و .... هتد بەڵام ئەو هەر نوقمی گێژاوی ئەو زونگاوەیەو بێزارە لە ژیان‌و لە هەوڵی ئەوە دایە کە چۆن خۆی لەو زونگاوە دەرباز بکا. ئەو ژنەی کە تۆ ئەمرۆ بەو روخسارەوە دەیبینێ‌و ناوی ژنی سەرشەقامی لەسەر دانراوە ڕۆژێك هەزاران هیواو هومێدی لە دڵدا بووە، ئەو دەمەی کە جلی سپی بووکێنێ پۆشی‌و تاجە گوڵینەی لە سەر ناوەو لەگەڵ بەزم‌و خۆشی هاورێیانی‌و خەونە دورو بێ‌کۆتایەکانی بەرو ماڵی بەخت هەنگاوی نا چاوەروانی ژیانێکی خۆش‌و بەختەوەر بووە بەڵام...

هیچ کات بیری لەوە نەکرد بۆوە کە ڕۆژێك ڕۆژی بەم ڕۆژە دەگاو ئەو مارە خۆش خەت‌و خاڵە (مەوادە سڕکەرەکان) لە دەست‌و پێ دەهاڵێن.

بەڵام ئێستا زۆر باش تێ‌دەگا کە ئێعتیاد یانی چی؟ هاوسەری موعتاد چ جۆرە هاوسەرێکە ژیان لە فەقیری‌و نەداری‌و شەوانە نوستن بە زگی برسی چۆنە.

دیارە ئەو ئەو کەسەیە کە بە هەڕەشەو لێدان ڕۆژی بەمە گەیشتوە کە بە وشەی ژنی سەرشەقام، ژنی رسوبی،...هتد ناوی بهێنرێ.

دیارە ئەو بەم شێوەیە خەرجی

←



ئیعتیاد مەوادی موخەدیر هاوسەرەکەی دەرهێناوەو ئێستا بۆی گرینگ نیە کە بەو شێوەیە چاوی لێ بکەنو ناوی بهێنن، یان باس لەو گەلاڵانەی بۆ ژنانی سەرشەقام لە دوایی تێپەڕ کردنی قوناغی چاکسازی واتا پێدانی وامی خۆ بەڕێوەبردن (وامی خود اشتغالی) کە پەسند دەکرێن بۆی بکەن چونکو ئەو ساڵانێکی زۆرە ئەو ناوە نەعلەتیە بە کوڵ دەکێشێ، تازە چاکسازیو گەرانەوە بە ئامێزی گەرمی بنەماڵە ئەویش کام بنەماڵە، بنەماڵەیەك کە بێجگە لە هاوسەرێك موعتادی تەزریقی دەبێ بوونو ژیان لەو بنەماڵەیەدا چ مانایەکی هەبێ؟!

با لە زمانی بەڕێوەبەرانو بەرپرسان لە چۆنیەتی بەشێك لەو گەلاڵەو پرۆژانەی کە بۆ چارەسەری ئەو بەشە لەو ژنانەی کە تووشی ئەم دیاردە دڵتەزێنەیە بوون گوێ بیست بین.

بانەمەڕی ساڵی ١٣٨٣ مودیری دەفتەری زیان دیتوانی (سازمان بهزیستی) دەورانی چاکسازی (بازپەروەری) تێپەڕ بکەن وامی کاریان پێ دەدرێو ئەو وامە لە نێوان یەك تا سێ میلون لە بەرچاو گیرا بوو بەڵام ئەوەی جێی گومانو پرسیار بوو ئەوە بوو کە (سازمان بهزیستی) چەندە توانای لە ژێر چاوەدێریو دڵنیا کردنی ئەو ژنانە لە پێدانی ئەو وامەو دڵنیا بوون لە گەرانەوە یان بۆ ژیانی ئاساییدا هەیە.

ئەگەر چاو لەو ئامارانە بکەین کە لە ژنانی سەرشەقام خراونەتەرو نادیارو جیاوازن لە بەشێك لەو ئامارانەدا رادەی ژنانی سەرشەقام ١٠ تا ١٥ لەسەدە، ئەڵبەت ئاماری رەسمی ٤٠٠٠ کەس کە تایبەتە بە ساڵی ١٣٨٣ راگەیەندراوە.

(سازمان بهزیستی)، تا کو ئێستا ئاماری نوێ لە ژنانی سەرشەقام نەخستۆتە روو تەنیا ئەوە رادەگەیەنێ کە لە ژێر چاوەدێری کردنی ژنانی سەرشەقام لە ١٧ ناوەندی پارێزگا جۆر بەجۆرەکانی وڵات دەسبەکار بوون بەڵام لە هێندێك لە پارێزگاکان بە هۆی ئەوەی رێکخستنی ژنانی سەرشەقام بە کارێکی بەدرەوشتی چاو لێ دەکرا لەگەڵ نارەزایەتیو رێگری لە دەست بەکار بوونەی ئەو ناوەندانە روبەرو بوون.

جیگری ئموری کۆمەڵیەتیی سازمانی بهزیستی لە بارەی گەلاڵەی سازمان دانی ژنانی سەرشەقامو پێدانی وام دەڵێ: لە بریاری کۆتایی سازمانی بهزیستی بۆ دڵنیا بوون لە پێدانی وامی خۆ بەڕێوەبردن (خود اشتغالی) بە پێویست زانرا ئەو وامە بە کارفرما بدرێو لە بارودۆخی تایبەتیش دا راستەوخۆ بە ژنانی سەرشەقام بدرێ.

دوکتور" سید حسن علم الهدانی" لەوبارەوە دەڵێ: ئەگەر ئەو ژنانەی لە ناوەندەکانی چاکسازی قۆناغی چاکسازیان کەلە ٦ مانگ تا ٦ ساڵ بۆ لەبەر چاوگیراوە تێپەر بکەن، دەردەکەوێ کە ئەو کەسانە بە تەواوی لە کاری رابردوویان دەستیان کێشاوەتەوەو بۆ بارودۆخی ئاسایی گەراونەتەوەو بەر کارگەکانو شوێنی کارفرما دەناسێندرێن.

هەروەها لە بارەی لەبەر چاوگرتنی بارووداۆخی ئەو ژنان دەڵێ ئەو ژنانەی لە قۆناغی چاکسازیدان لەگەڵ زۆرگیروگرفتی رووحیو دەرونی بەرەوروونو وا هەست دەکەن کە بە چاوی سووك سەیریان دەکرێ، دیارە پێدانی وام بە کارفرما بە جێگەی ئەو ژنانە تەنیا بۆ ئەوەیە کە بزانرێ کەسەر لە نوێ ناگەرێنەوە سەر بارودۆخی پێشوویانو تەنیا ئەوانەی قۆناغی چاکسازی تێپەڕ دەکەن دەگرێتەوە.

دوکتور علم الهدانی لە پەیوەندی لەگەڵ ئاماری ئەو ژنانەی کە دەکەونە ژێر پوشش بهزیستی اقهاری بێخەبەری دەکاو تەنیا دەڵێ لەوانەیە لە سێ مەرکەزی وڵات دا رادەیان بگاتە ٢٠٠ کەس.

بەرپرسی ئەنجومەنی مەددکارانی ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ پێدانی وامی خۆ بەڕێوە بردن دا (خود اشتغالی) دەڵێ دانی وام بە ژنانی سەرشەقام هیچ پشتیوانەیەکی ماڵی نیەو ئەو وعدە بە دڵێنیانە ناتوانێ چارەسەری ئەو بەڵایە لە کۆمەڵگای ئێمەدا

بکا.

پێدانی ئەو وامە بەو بەشە لەو ژنو کچانەی کەلە دوای تێپەڕ کردنی قۆناغی چاکسازیو ئیزن پێدانیان لە لایەن ناوەندەکانی چاکسازی کە هیچ پیشەیەکیان نیە، ئەویش لە کاتێك دا بۆ خۆیان دان بەوە دادەنێن کە هیچ پشتیوانەیەکی نیە دەردێك لە دەردی ئەوان دەرمان ناکا. سازمانی بهزیستی بەبێ گوێ دانو بیرکردنەوە چاوپۆشی لە هەموو دەرئەنجامەکانی ئەو بارودۆخەی کردوە، لێرەدا ئەوەی جێ پرسیارەو گومانە کە چە زمانەتێك بۆ ئەوە هەیە کە ئەوان هەر ئاوا سووكو ئاسان بگەرێنەوە سەر بارودۆخی ئاساییو سەر لە نوێ روو لەم دیاردە نەکەنەوە.

ژنانی سەرشەقام وەك کەم ئەندامێك لە کەم ئەندامانی کۆمەڵن هەر بۆیە پێویستییان بە هاوکاریو رێنوێنی هەیەو دەبێ لە هۆکارەکانی تووش بوون بەو کەم ئەندامەتییە لێکۆڵینەوەیان لەمەڕ بکرێو هەوڵی هێنانەدەر لەو بارودۆخە نالەبارەی کە تێکەوتوون بدرێ. ئەگەر ئەو ژنەی کە مێردی دەمرێ یان ئەو بنەماڵەی کە سەرپەرەستی هەیەو بە دەست کەم داهاتییەوە دەناڵێنێ بێننە بەرچاو کە چۆنو بە چ شێوەیەكو تا چەندە وڵام دەری پێدوایستیەکانی ژیانیەتی لەو نێوەدا دەبێ شوێنی ژنانی سەرشەقام لە کوێ بێ؟

سازمانی بهزیستی ئەو بودجەی کە بۆ چارەسەری ئەو بەشە کەمەی لەو ژنانەی تەرخان کردوە باشتر بوو خەرجی بونیادنانەوەی کردبایە بۆ ئەوەی هۆکارەکانی وەك بێئیشیو کەمی نیشتەجێ بوونو.... هتد چارەسەر کرابانو کەم ئەندامانی وەك ژنانی سەرشەقام دروست نەبوونایە.

چونکوو هەروەك تاکو ئێستا لە چارەسەر کردنی بەلای ماڵ وێرانکەری ئێعتیاد دا سەرکەوتوو نەبوون ئاواش لە کۆکردنەوەی ژنانی سەرشەقامو لە چارەسەرسەری ئەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەدا سەرکەوتوو نابن.

رەئیسی ئەنجومەنی مەددکارانی ئێران لە ناسینی هۆکارەکانو چارەسەری زیانە کۆمەڵایەتییەکانی ژنانی سەرشەقام بۆ دوو گروپ دا بەشی کردوەو دەڵێ گرۆپی یەکەم ئەو ژنانەن کە بەهۆی موعتاد بوونی هاوسەرەکانیانو گیروگرفتی ئابووریو نەداریو گرووپی دووهەم بە هۆی تێکەڵ بوون لەگەڵ باندەکانی تجارەت راوی کچانو ژنانی گەنجەوە خەریکن هەر بۆیە دەبێ شێوەی رووبەروو بوونەوە لەگەڵ ئەو ژنانە جیاواز بێ. رێکخراوە چاوەدێرەکان دەبێ لە گەڵاڵەو پرۆژەکانیان هەوڵی لابردنی هۆکارەکان بدەن ناوبراو بە راشکاوی رەخنە لەو بۆشاییانە دەگرێ کەلە ناو پرۆژەکانی سازمانی بهزیستیدا بەدی دەکرێ وەك بە فیرۆدانی بودجە بە جێگەی بەربەرەکانی لەگەڵ هۆکارەکانی سەبارەت بە گەڵاڵەی پرۆژەکانی هێزە ئینتیزامیەکان لە کۆکردنەوەی ژنانی سەرشەقام بۆ خۆیان دان بەوە دادەنێن کە ئاکامێکی ئەوتۆی بەدواوە نەبووە. لە کۆتایی مانگی رێبەندانی رابردوودا سەردار احمد مقدم فەرماندەی هێزە ئینتزامیەکان لە بەردەم کۆمەڵێك لە هەواڵنێران بەڵێنی ئەوەیدا پرۆژەی کۆکردنەوەی ژنانی سەرشەقام لە تارانو باقی شارەکانی وڵات لە مانگی رەشەمەدا لەلایەن هێزە ئینتزامیەکانەوە بە بەردەوامی جێبەجێ دەبێ بەڵام ئەو گەڵاڵەیە بەدواکەوتنێکی زۆرەوە لە بەردەوام بوونیش هیچ هەواڵێك نەبوو.

هەرچەندە سەردار (احمد مقدم) ئەو گەڵاڵەیەی وەك یەکەم گەڵاڵە لە کۆی ئەو گەڵاڵانە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ گێرەشێوێنیانی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی بە ئەژمار هێنا.بەڵام لە راستیدا هەڵسووکەوتی هێزە ئینتزامیەکان لەگەڵ ژنانی سەرشەقام کەلە روانگەی ئەوانەوە بە تاوانبارو خەڵتەی کۆمەڵ دەزانرێنو دابین کردنی نەزمو ئاسایش بۆ شارومەندان ئەرکی خۆیان دەزانن و پاك کردنەوەی روخساری شار لەو کچو ژنانەی کە کۆمەڵگای ئێران هەڵسوکەوتی ئەوانی لاپەسند نیە ئەوە تەنیا لابردنی فیزیکیو رواڵتیەو بە مانای لابردنی (حزفی) تەواوی بەلای خۆفرۆشی (روسپیگری) نیەو ئەو هەڵسووکەوتانە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا ئەنجامی بێجگە لە چوونە سەری رادەی ئەو کچو ژنانەی کە تێکەڵ بە تۆڕەکانی فەسادو فەحشا بوون نەبووە.

دوکتور محمد فخریە مودیرێکی پارێزگای تاران لە بارەی باردۆخی ژنانی سەرشەقام لە پارێزگای تاران ئاماژە دەکا کە ئەو ژنانەی لەلایەن هێزە ئینتزامیەکانەوە گیراونو بۆ ناوەندەکانی چاکسازی (سازمانی بهزیستی) بەرێ کراوەن زۆربەی هەرە زۆریان تووشی نەخۆشیەکانی دەروونی بوون کە دەبێ لە رێگەی دەرمان چارەسەرییان بۆ بکرێو لە حدودی ١٠ لە سەدیان موعتادن.

تۆ بڵێ کۆمەڵگای ئێران خۆی بە قەرزداری ئەو بەشە لەو ژنانە بزانێ کە ئەمرۆ لە ژێر سایەی نیزامی ولایت فقهەدا تووشی ئەو نەخۆشیە کوشندەیەو دیاردە دڵتەزێنە هاتوون....

سەرچاوە:
مجلەی خانەی سبز شمارە
٢٦ مهری ١٣٨٥

# شەپۆلی سێهەمی فیمینیزم

ئامادە کردنی: شنۆ مێهرپەروەر

**له** پازده ساڵ لەمەوبەرەوە، شەپۆلی نویی فیمینیزم لە ئەمریکا دەستی پێکردوه. ئەم شەپۆلە وەك درێژەی چالاکیی بزوتنەوەی ژنانو خەبات لە پێناوی بەرابەری مافەکانیان دا پێناسە دەکرێ.

تێکۆشەرانی نێو ئەم شەپۆلە، خۆیان بە ڕێبواری مێژوویی فیمینیزم لە ئەمریکا دەزانن.

لەو کاتەوە کەلە ناوەڕاستی سەدەی نوزدەی زایینیدا ژنانی خەباتگێر لە ئەمریکا خەباتیان دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە چوارچێوەی قانوون دا دەست پێکرد، مەسەلەی داواکردنی بەرابەریی مافەکانی ژنان لەم وڵاتەو هێندێك لە وڵاتانی دیکە بە شێوەی ئاشکرا هاتە بەرباس. شەپۆلی یەکەمی فیمینیزم، کاتێك گەیشتە لووتکەی خۆی کە ژنان لە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٢٠ی زایینیدا مافی بەشداریی کردن لە هەڵبژاردنیان وەدەست هێنا. لە ساڵەکانی ١٩٦٠و ١٩٧٠ی زایینیدا شەپۆلی دووەم، درێژەی بە خەباتی ژنان لە ئەمریکادا بۆ نەهێشتنی هەڵاواردنو جیاوازیدانانو وەدەستهێنانی مافی بەرابەری لە کۆمەڵگەدا.

دەستپێکردنی شەپۆلی سێهەمی فیمینیزم، لە ساڵی ١٩٩٢ دا بوو. لەو کاتەدا کە گرووپێکی بچووك لە ژنانی فیمینیست بۆ یارمەتیدان بەو لاوانەی کە دژی هەر جۆرە بێ عەداڵەتییەکی کۆمەڵایەتی خەباتیان دەکرد، ناوەندیکیان دامەزراند. لە پازدە ساڵ پێش ئێستاوە، ئەم بونیادە یارمەتیی خوێندن بەو ژنو پیاوە گەنجانە دەدا کە لەم بوارەدا خەبات دەکەن. بەرەبەرە بزاڤێکی بچووك لەم پێناوەدا دەستی پێکرد کە پێش لە هەموو شتێك لە کۆڕە فیمینیستیەکان دا ناسرا بوو." ئۆمی ریچاردس" یەکێك لە چالاکیەکانی خۆیان کەڵك وەرناگرن؟ دەڵێ:" لە لایەکەوە ئەوان خۆیان بە بزووتنەوەی فیمینیزمەوە گرێ دەدەنەوەو لە لایەکی دیکەشەوە بۆ کەڵك وەرگرتن لەم وشەیە گیروگرفتیان هەیە. بە بڕوای هێندێك کەس ئەم وشەیە کۆنەو هێندێکی دیکەش بە گرووپێکی تایبەت بە ژنانی سپی پێستەوە دەیبەستنەوە. بەڵام هەموو لەسەر ئەو بڕوایەن کە شەپۆلی سێهەم پێوەندییەك لەگەڵ فیمینیزم نیشان دەدا، بەبێ ئەوەی کە ڕاستەوخۆ ئەو وشەیەی بۆ پێناسەی چالاکییەکانی بەکار هێنا بێ."

**لایەنگرانی شەپۆلی سێهەم، بە ژنو پیاوەوە لەسەر ئەو بڕوایەن کە دەبێ هەرکەس بۆخۆی بڕیار لەسەر شێوازی خەباتو تێکۆشانی خۆی بدا**

ئەم بابەتە بەو مانایە نیە کە شەپۆلی سێهەم، بایەخی بە مێژووی فیمینیزم نەداوە، بەڵکوو دەبێ بیربۆچوونی پێشڕەوانە لە خۆی نیشان دا کە بە دوای پەرەپێدانی چوارچێوەی خەباتیك دا بێ کە لە ڕووی مانای وشەوە پانتر لە فیمینیزمە.

ئەم ناوەندە دامەزراوەیەکی بچووکە، کە ناوەندەکەی لە نیۆیۆرکەو ئێستا شەش فەرمانبەری هەمیشەیی هەیە. بوودجەکەی کە نزیکەی یەك میلیۆن دۆلارە، لە ڕێگای خێرخوازانو پشتیوانیی ناوەندگەلی دیکەوە دابین دەکرێ. ئەو کەسانەی کە پرۆژەیەکیان دژی شێوازگەلی هەڵاواردن وەك هەڵاواردنی ڕەگەزپەرستی، ئەتنیکی، کولتووریو ماڵی، بە دەستەوەیە، ئەو دەرەتانەیان بۆ دەرەخسێ کە لە یارمەتیی ماڵیی ناوەندی شەپۆلی سێهەم کەڵك وەرگرن. کەوابوو ئامانجو نێوەڕۆکی کاری ئەم شەپۆلە نوێیە لە

ئامانجەکانی بزووتنەوەی ژنان بەربلاوترە.

گیروگرفت بۆ مرۆڤەکان لە کۆمەڵگاکان دا جۆراوجۆر جیاوازن. شەپۆلی سێهەم دوو تایبەتمەندیی گرینگ نیشان دەدا: لە لایەك سەرنج دەداتە بایەخگەلی نێوکۆمەڵگا، بۆ پێهێنانی گۆرانکاریگەلی کۆمەڵایەتی شانبەشانی گرینگیدانی بە مەسەلە سیاسییەکان، و لەلایەکی دیکە، نەتەنیا هەنگاوی گەورە بە مەبەستی پێکهێنانی گۆڕان لە قانوونە کۆمەڵایەتییەکان دا هەوڵ دەگرێ، بەڵکوو هەوڵ دەدا لە پێناوی دۆزینەوەی ڕێگای تایبەت تەنانەت لە ناوەندە بچووکەکانیشدا.

هەرکەس لە کۆمەڵگادا دەبێ خۆی بڕیار بدا کە خوازیاری چ گۆڕانێکە. لایەنگرانی ئەم بزووتنەوەیە کە ئێستا لە چوارچێوەو سنوورە دیاریکردنێك بۆ بەڕێوە چوونی چالاکییەکانیان بە مانای بەرتەسك کردنەوەی ئەم بزووتنەوەیە چاوی لێ دەکەن. هەر بۆیە بەردەنگەکانی شەپۆلی سێهەم، جۆراوجۆرن‌و تەنیا نین، بەڵکوو پیاوانیش دەگرێتەوە.

لایەنگرانی شەپۆلی سێهەم، بە ژن‌و پیاوەوە لەسەر ئەو بڕوایەن کە دەبێ هەر کەس بۆخۆی بڕیار لەسەر شێوازی خەبات‌و تێکۆشانی خۆی بدا. بەبێ ئەوەی کە بایەخە کۆمەڵایەتییەکان‌و چاوەڕوانییەکان وەك ڕەگەزێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگادا، ئەرکی تایبەتی بۆ لەبەر چاو بگرێ. بەم شێوەیە وەك جەراحیی جوانکاریی کە تا ئێستاش تابۆیەك لە بزووتنەوەی ژنان دا بووەو چاو لێ دەکرێ.

"ژابینە هارك" مامۆستای زانکۆی تیکنیکیی بێرلین‌و بەرپرسی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ژنان بە ژاوێکی ڕەخنەگرانە دەڕوانێتە تێکچوونی سنوورەکان.

من عەمەلە جوانکارییەکان‌و بە ئاسایی چاولێکردنیان بە شتێکی مەسەلەداری دەزانم‌و لەم بوارە بۆ خۆم هیچکات هەوڵی بۆ نادەم. وای بۆ دەچم ئەم مەسەلەیە لە جیهان دا نابێتە هۆی باشبوونی بارودۆخی ژنان. بۆ من باس‌و بابەتی سەرنجڕاکێش هەن بەو مەرجەی کە مۆدی ڕۆژ نەبن، هەر بۆیە هەڵویستە لە سەر ئەم بابەتە بە پێویست نازانم.

پرۆفیسۆر هارك بە گشتی، شەپۆلی سێهەم بە بزاڤێکی پۆزتیڤ دەزانێ‌و هۆیەکەشی لە خولقانی دەرەتانی زیاتر بۆ باسکردنی ئەم چەشنە کێشانەو هێنانە گۆڕیان لە ئاستێکی بەرفراوانترو چوونەسەری ڕێژەی تێکۆشەرانی ئەم بوارە دەبینێ‌و پێی وایە بەم جۆرە ژمارەی ئەو کەسانەی خۆیان بە فیمینیست دەزانن دەچێتە سەرێ. ناوبراو دەڵێ:

" ئەگەر باسی سەرکیی فیمینیزم تا ئێستا ئازادیی ژنان‌و باشبوونی هەلومەرجیان بوو، ئەمڕۆژە دەتوانرێ بگوترێ کە ژنان هەموو یەکسان نین‌و لە بارودۆخی یکسان دا ناژین. کە وابوو دەبێ ڕەچاوی ئەو هەلومەرجە بکرێ کە تێیدا دەژین. ئێستا ئەو پرسیارانەی کە پێوەندییان بە ڕێگاکانی تەندروستی، کۆچکردن‌و هەموو ئەو گیروگرفتانەی کەلە سۆنگەی دیاردەی بە جیهانیبوونەوە سەرهەڵ دەدەن لەم ساڵانەی دوایی‌دا، هاتۆتە بەرباس لەسەر هەموو باسێکەوە دادەنرێن. هەمووی ئەمانە بۆ من خواست‌و داوای فیمینیزمن."

## هەرکەس لە کۆمەڵگادا دەبێ خۆی بڕیار بدا کە خوازیاری چ گۆڕانێکە

لەوەی کە تا ئێستا شەپۆلی سێهەم لە کۆمەڵگا پیشەییەکان ڕۆژئاواو پێش لە هەموان لە ئەمریکادا هاتۆتە بەرباس، یان لە دنیادا بلاو دەبێتەوە، یان ئەوەی کە شتێکی ناڕوونەو دەبێ چاوەڕوان بین بزانین چ دەبێ. بە وتەی پرۆفیسۆر هارك، فیمینیزم وەك بزووتنەوەکانی دیکە زیندووو چالاکە. ئەگەر ژنانێك هەبن کە خەباتیان، لەگەڵ هەڵاواردنە کۆمەڵایەتییەکان بە مانا بەربلاوەکەی، لە ژێر چەتری فیمینیزم دا بگونجێ‌و لەو پێناوەدا هەوڵی بۆ بدەن، کەوا بوو فیمینیزم دەمێنێتەوە.

بەم شێوەیە دەگەیتە ئەو ئەنجامە کە لەوانیە گرینگ نەبێ کە ئەم شەپۆلە، بە شەپۆلی یەکەم، دووەم، سێهەم‌و یان حەوتەم ناودێر بکرێ.

****

# ژنانی خوێندەوار لە ئێران دا ململانێ دەکەن

نووسینی: فرانسیس هاریسۆن
وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە: یوسف فەقیهی

ڕێژەی ئەو ژنانەی خوێندنیان لە زانستگەکانی ئێران دا تەواو کردوە خەریکە زیاتر لە پیاوان دەبێ، چاوەڕوان دەکرێ کە ئاڵوگۆڕێکی قووڵ لە بازاڕی کاردا بێتەدی.

بیست خوێندکاری ماجیستر (فوق لیسانس) لە پۆلێکی ڕێکو پێکی زانستگەی ئازادی ئیسلامی کە ناوەندێکی




خوێندنە بە ملیۆنو نیوێك خوێندکارەوە دانیشتوونو گوێیان بۆ دەرسی بەڕێوەبەریی ژینگە (مدیریت **محیط** زیست) گرتوە.

چراکانی پۆلەکە کوژاونەتەوە بۆ ئەوەی خوێندکاران بتوانن خشتەی بەراوردی بەکارهێنانی وزە لە جیهان دابنێن. سێ بەشی خوێندکارانی پۆلەکە ژنانن، پێنج پیاوەکەش لە سوچێکی پۆلەکەدا لە دەوری یەك دانیشتوون. هەر وەك پرۆفیسۆر"مجید عباس پور" دەڵێ ئێستا لەگەڵ رابردوو جیاوازیەکی زۆر هەیە." کاتێك من خەریکی وەرگرتنی بڕوانامەی ماجستێر بووم پۆلەکەمان ٦٠ خوێندکاری ئەندازیاری میکانیکی تێدا بوو کە تەنیا چوار کەسیان ژن بوون. ئێستا ژمارەکە ئاڵوگۆڕی زۆری تێدا کراوە، من پێم وایە بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕەیە کە لە هەڵسووکەوتی بنەماڵەکان دا کراوە."

ئێستا زیاتر لە نیوەی خوێندکارانی زانستگەکانی ئێران ژنن. لە بەشی فیزیای زانستگەی ئازاد دا ٧٠ لە سەدی ئەو کەسانەی خوێندنیان تەواو کردوە ژنن. ئامارێکی وا بۆ زانستگە رۆژئاواییەکان جێی شانازیە.

لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩وە ئەمە گۆڕانێکی گەورەیە. حکوومەتی ئیسلامی ئێران تەنانەت ئەو بنەماڵانەی کە خاوەنی یاسا نەریتیەکانن بە قەناعەت گەیاندوە کە ئاسایشی تەواو هەیە بۆ ئەوەی کچەکانیان بنێرن بۆ خوێندن بەڵام لە هێندێك شوێن دا ژنان بە ڕێژەیەکی زۆرتر بە نیسبەت پیاوان مەترسی بۆ دەسەڵاتداران دروست دەکەن.

پرۆفیسۆر عباس پور بە ئامارە بە هێندێك جیاوازی پۆزەتیف بۆ پیاوان لە بابەتە گرینگەکان دا دەڵێ:" ئەمە راستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە نیگەرانی دروست دەبێ، ئەوان (مەبەستی ژنانە) دەبێ لە هێندێك بابەت دا سنووریان بۆ دابنرێ." ئەو لە درێژەدا دەڵێ:" ئێستا لە پیشەسازی نەوتو گازدا هیچ جیاوازیەك نیە، بەڵام بۆ وێنە کاتێك ئەوان بیانهەوێ لە پلاتفۆرمی نەوتو گازی کەنداوی فارس دا کار بکەن، ئەرکێکی زۆر قورس دەکەوێتە سەر شانیان."

وا مەزەندە دەکرێ بەشێك لە هۆکاری زۆربوونی ژنان لە زانستگەدا بە هۆی هۆگری پیاوانی لاو بۆ وەدەستهێنانی قازانجی زیاترو پارە بێ.

" معصومە پاشایی امیدوار" دەڵێت:" ئێمە ژنان دەمانەوێ پێشانی دەین کە هەینو زۆر شتمان بۆ وتن هەیە. ساڵانێکی زۆرە کە لە ژێر سێبەری پیاوان دا، باوکو براکانم دا دەژین، ئێستا دەمانهەوێ لەسەر پێی خۆمان راوەستین."

" معصومە" لە شەریکەیەك دا کار دەکا منداڵێکی هەیەو

خەریکی وەرگرتنی بڕوانامەی ماجێستەرکەیەتی ژیانی ئەو بە تەواوی لەگەڵ دایکیدا جیاوازە کەلە ماڵەوە دەمایەوە، خواردنی ساز دەکردو چاوەدێری لە منداڵان دەکرد.

" سعید لەیلاز" ڕۆژنامەوانو لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵایەتی دەڵێ:" پێش شۆڕش هەموو خەڵك وابیریان دەکردەوە کە ئەگەر دەتهەوێ ببیتە کەسێکی دەوڵەمەندو بە ستانداردێکی باشەوە بژی دەبێ خوێندن تەواو بکەی. بەڵام بەدوای شۆڕش دا بەهۆی ئاڵوگۆڕی زۆرەوە بە تایبەت شەڕی ئێرانو عێراق ئەم بیرۆکەیە گۆڕا. لەم سەردەمەدا کوڕان وابیر ناکەنەوە کە بە خوێندن دەبنە کەسێکی سەرکەوتوو. ئەمە هۆکارێکە بۆ ئەوەی زانستگەی بەجێ بێڵنو جێگای زۆرتر بۆ کچان ئاواڵە کەن."

"لەیلاز" ئەمە بە دەستکەوتێکی مێژوویی بۆ ژنان ناو دەبا، کە دەستیان کەوتوە. ئەو هیوادارە نەوەی نوێی ژنانی خوێندەواری ئێران لە دەیەکانی داهاتوو بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئێران بەرەو گۆڕان بەرن. ئەو دەڵێ: ماوەیەکی زۆر ناکێشێ کە ژنان دەبنە بەرپرسی دامەزراندن لە داموو دەزگاکان دا، ئەو دەبینێ کە سیاسەتمەدارانی ئێران لە گرینگی دەنگی ژنانی ئێران لە هەڵبژاردنەکان دا تێگەیشتوون.

"معصومە" بە هاوسەرەکەی دەڵێ لە داهاتوویەکی نزیك دا لە ئێران پیاوان لە ماڵەوە دەمێننەوە ژنان کاروباری وڵات هەڵ دەسوڕێنن. ئەمە کێشەیەکە بۆ ژنان کە بتوانن هاوسەرێك بەهەمان پلەی خوێندەواری خۆیانەوە بدۆزنەوە.

ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی دیکە ئەوەیە کە ئەو کچە لاوانەی کار دەکەن سەبارەت بە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش زۆرتر بیربکەنەوە بە تایبەت بەهۆی یاسای ئێرانەوە کە ژنان پێویستە هاوسەرەکانیان ڕێگەیان پێبدەن بچنە سەرکار.

"سودابە شاهخوایی" کە پەرستارەو کێشکی شەوانەی تەواو کردوەو ئێستا پشوو ئەدا لە بەرانبەر تەلەفزیۆنو سەتەلایتەکە




**معصومە پاشایی امیدوار: ژنان دەمانەوێ پێشانی دەین کە هەینو زۆر شتمان بۆ وتن هەیە. ساڵانێکی زۆرە کە لە ژێر سێبەری پیاوانو باوكو براکانمان دا دەژین، ئێستا دەمانهەوێ لەسەر پێی خۆمان ڕاوەستین.**

خاڵۆزاکەی دا دانیشتوەو خەریکی خوێندنەوەی بەختەکەیەتی، بە دوای تەواو کردنی خوێندنی زانستگەیی و دۆزینەوەی کارێکی باش نیگەرانی داهاتوویەتی. ئەگەر ئەو لەگەڵ پیاوێکی خراپ ژیانی هاوبەش پێك بێنێ لەوانەیە کارەکەی لە دەست بدا.

ئەو دەڵێ:"من کەسێك وەك هاوسەر هەڵدەبژێرم کە ڕێگام پێبدا کار بکەم چونکە من ئیشەکەم پێخۆشە.

من پاش پێکهێنانی ژیانی هاوبەش دەست لە کارەکەم هەڵ ناگرم."

ئەم باسە لە کۆمەڵگەیەك دا کە تەنانەت بەکرێ گرتنی ماڵ بۆ ژنێکی سەڵت کێشە هەڵگرە بە زۆری دەبیسرێ.

سودابە دەزانێ کە زۆر دژوارە پیاوێك بدۆزێتەوە کە کێشکی شەوانەکەیو مانەوەی زۆری لە دەرەوە بە تایبەت ئەوکاتەی کە منداڵی دەبێ بەلایەوە گرینگ نەبێ.

کارکردنی دایك لە ئێران دیاردەیەکی نوێیە، بەڵام شێوەی هەڵسووکەوتەکان لە نێوان نەوەی نوێدا سەبارەت بە کارکردنی ژنان لە حاڵی گۆڕان دایە، زۆربەی ژنان ئەو هاوسەرانە قەبووڵ ناکەن کەلە کاری ماڵەوە یارمەتییان نادەن. زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە ژنانی ئێرانی بە قورسی کار دەکەن هەتا پیاوان پابەند بکەن بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسیو کۆمەڵایەتی.

خوێندکارێکی دیکە دەڵێ:" لەوانەیە لە داهاتوویەکی نزیك دا ئێمە بە مافەکانمان بگەین، لانیکەم من ئەو ئاواتەم هەیە."

سایتی: BBC

***

# یەکەمین پەیڤی فیمینیزمی لە زمانی شایەکی ئێرانی

وەرگێرانی لە فارسییەوە: جلال ــ ک

پاشایەکی ساسانی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر بۆ یەکەمین جار باسی لە فیمینیزمی کردوە "مستی پود فروش": مێژوو فیمینیزم لە جیهان دا لە ١٥٠ ساڵ زیاتر تێناپەڕێ، بەڵام" پووران دوخت"، پاشای ئێرانی سەردەمی ساسانی ١٤٠٠ ساڵ پێش یەکەمین پێڤی"فیمینیزمی" ئێرانی هێناوەتە گۆر."

پاشان چ ژن بێ چ پیاو دەبێ ولاتەکەی بپارێزێو دادگەرانە هەڵسوکەوت بکا. پووران دوخت لە نامەیەك دا کە بۆ هێزەکانی نووسیبووی رستە فیمینیزمییەکەی خۆی دەربڕیبووو خۆی لە لیستی یەکەمین داکۆکیکەرانی بەرابەری مافەکانی ژنو پیاو دانا.

دوای کوژرانی خەسرەو پەرویز بە دەستی کوڕەکەی شیرویە لە ساڵی ٦٢٨ی زایینی، شیروویە ٦ مانگ زیاتر حکومەتی نەکردو کچی گەورەی خەسرەو پەرویز پووران دوخت لە سەر تەختی سەڵتەنەت دانیشت.

"محمد باقر وسوقی"، مامۆستای مێژووی دێرین(باستان) زانکۆی تاران لە بارەی پووران دوختەوە دەڵێ:" بە پێچەوانەی سەردەمی حکوومەتی ئەخمینییەکان کە ڕەگەز گرینگی زۆری نەبوو، سەردەمی حکوومەتی ساسانییەکان سەردەمی باڵادەستیو هەژموونی پیاو بەسەر ژن دا بوو. لەسەردەمی ئەخمنییەکان، سەرپەرەستی کارگەکانی تەختە جەمشید، زۆرتر بوون. بەشێك لەو ژنان دوو بەرابەری پیاوان مووچەیان وەردەگرت. ئەم ژنانە، ئەندازیارانو گەڵادارێژانێك بوون کە باشترینو جوانترین هونەرەکانیان لە لە تەختی جەمشید خولقاند. تەنانەت لەو سەردەمەدا ژنان مووچەی زیستانیان وەردەگرت. سەردەمی ساسانی بە تەواوی جیاوازە لەگەڵ سەردەمی ئەخمینییەکان. لە ئیمپراتۆری ساسانی، ژن کەسێتییەکی حقووقی نەبووو بە کەس نەدەهاتە ئەژمار. ژن لە هەموو روانگەیەکەوە لە ژێر سەرپەرستی" کتك خدای" یان کوێخای بنەماڵە بوو. لە ئەوا باروودۆخێکدا بوو پووران دوخت لە تیسفوون تاجی شایەتی نایە سەرو بە بێ سەرنجدان بە رەگەزی خۆی، جارێکیتر دەسەڵاتی گەڕاندەوە بۆ خانەدانی لێك هەڵوەشاوی ساسانی.

وسووقی، لە بارەی باروودۆخی ئەو سەردەمە دەڵێ :" هەڵبەتە کاتێ کە شیروویەو کوڕەکەی ئەردەشیر مردن، پیاوانو سەرکردەکانی ساسانی مەدائن، لە ناو خانەدانی شاهی، هیچ پیاوێکیان دەست نەکەوت کەلە سەر تەختی سەڵتەنەت داینیشێنن کە وابوو بە ناچاری کچی پەرویزیان بە سەڵتەنەت گەیاند. باروودۆخی ئەو کات نیشان دەدا تەنانەت منداڵێکیش نەمابوو وەك پاشا دیاری بکەن چونکە خانەدانەکانی حکوومەتگەر ئەمبازی یەکتر بووبوونو کوشتو برێکی گەورەیان وەڕێ خستبوو."

فەردوسیش لە هۆنراوەکانی خۆیدا گوتوویەتی: ( یکی دختری بود پوران بنام چون زن شاه شد کارها گشت خام)

پووران دوخت بەو هەموو ئاڵۆزیانەو چەشنە بیرێك کە لە بارەی ژنان لەو کات بەرەوی هەبوو بڕیاریدا تا وەکوو سەرو سامان بە باردۆخیوڵات بدا. سەرەتا باجی ساڵێکی بە خەڵك بەخشیو لەگەڵ قەیسەری رۆم پەیمانی ئاشتی مۆر کرد.

گەڕاندنەوەی خاچی پاگژی(موقەدەس) حەزرەتی عیسا بۆ ئورشەلیم یەکێك لە کارە گرینگەکانیتری بوو. بە ئیفتخاری گەڕاننەوەی ئەم خاچە پاگژە جێژنێکی بە شکۆیان گرت. تەنانەت فەردوسی کە دژی بە سەڵتەنەت گەیشتنی ژنان بوو ناچار بوو لە هۆنراوەکانیدا هێما بۆ کارەکانی بکا.

(کسی را کە درویش باشد زگنج توانگر کنم تا نماند بە رنج زکشور کنم دور بدخواه را بر این شاهان کنم راه را)

پووران دوخت بە واتای کچێکە بە روخسارێکی سوور(گلگون)، یەکەمین ژنی ئێرانییە بە پلەی سەڵتەنەت گەیشتوە. سەردەمی حکوومەتی ئەو هاوکات بووە لەگەڵ کۆتایی خەلافەتی ئەبووبەکرو سەرەتای خەلافەتی عومەر.

لە کتێبەکان دا ئەوەیان وەك ژنێکی ژیرو رەوشت جوان هێناوە کە بوو بە شا عەداڵەتی لە ناو رەعیەت دا پەرەی پێدا. ناوبراو کاتێ هێزێکی بۆ شەڕ لەگەڵ عەرەبەکان دەنارد لە مدائن نەخۆش کەوت هەر لەوێش کۆچی دوایی کرد.

لە سەردەمی ئاڵوزیەکانی بارەکانی ساسانی ئەو تەنیا حاکمێك بوو کە بە مردنی سروشتی کۆچی دوایی کرد.

زەمەنی حکوومەتی ئەو ساڵێكو چوار مانگ بوو. زۆرێك لەو باوەڕەدان کە ئەگەر پووران دوخت کاتێکیتر بە حکوومەت گەیشتبایە لێهاتوویی و شیاوییەکی زیاتری لەخۆ دەنواند.

سەرچاوە سایتی:

عرفان **نظر** اهاریی، نورو ناز

●●●

# راپۆرتێك لە تەشکیلات و چالاکی یەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی کاروباری ژنان

نووسینی: فریده حسینی
وەرگێڕان لە فارسییەوە: حامید خانزادی

ژنان و بردنە سەری رۆڵیان لە بەرنامە و پلانەکانی زۆربەی رێکخراوەکانی پێوەندیدار بە سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان دا گونجاوە. لە هەر بەشێك لە دەفتەری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و هەروەها لە هەر یەك لە ئاژانسە پسپۆڕییەکان، بەشەکانی پێوەندیدار بە مەسەلەی ژنان و بردنەسەری رۆڵی وان لە پرۆگرامەکانی پەرەسەندن داهاتوە. چالاکییەکانی هەموو رێکخراوەکان لەو بوارانەوە، لە رێگەی گرتنی کۆبوونەوەکانی هاوبەش رێك دەخرێ. چەند ناوەندی نێو دەوڵەتی کە تەنیا لە بواری ژنان دا ئەکتیڤ بریتین لە:

١- بەشی پێشکەوتنی ژنان
٢ـ دامەزراوەی نێودەوڵەتی فێر کردن و لێکۆڵینەوە بۆ پێشکەوتنی ژنان
٣ـ سندوقی پەرەسەندنی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ژنان
٤ـ کۆمیسیۆنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی نەتەوەیەکگرتووەکان
٥- کۆمیسیونی پلەی ژن

**ـ بەشی پێشکەوتنی ژنان:**

بەشی پێشکەوتنی ژنان بەشێکە لە ناوەندی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و کاروباری مرۆڤ دۆستانەی دەفتەری نەتەوە یەکگرتووەکان کە بۆ ئەنجامی چالاکییەکانی پێوەندیدار بە ژنانە، و هەروەها وەك دەبیرخانە، لە هەر دوو کۆمیسیۆنی پلەی ژن و کۆمیتەی نەهێشتنی جیاوازی دژی ژنان چالاکە دەکا. بەرنامەکانی ئەو بەشە، بە تایبەتی لە راستای جێبەجێکردنی ئیستراتیژی دیاری کراوە لە کۆنفرانسی نایرۆبی بۆ پێشکەوتنی ژنان. ئەو بەشە رۆڵ لە چالاکییەکانی کە پێوەندییان بە جێبەجێکردنی گەلاڵەکان و سەرمایەگوزارییەکانی پێوەندیدار هەیە، ناگیرێ. هەوڵەکانیان تەنیا لە بواری لێکۆڵینەوە و رێکخستنی کۆبوونەوەی گروپی کارناسان و هەروەها سیمینار گەلێ بیرورا گۆڕینەوە کە تایبەتی بۆ تەنفیزی باسەکان لە لایەن کۆمیسیونی پلەی ژن لە سەرەوەی هەموان هەڵبژێردراون و لە چوارچێوەی سێ ئامانجی یەکسانی، پەرەسەندن و ئاشتیدان داکۆکی دەکا.

**٢ـ دامەزراوەی نێودەوڵەتی فێرکردن و لێکۆڵینەوە بۆ پێشکەوتنی ژنان:**

ئەو دامەزراوەیە لێکۆڵینەوە و دارشتنی بەرنامەی فێربوون و بۆ بردنەسەری رۆڵی ژنان لە رەوتی پەرەسەندن، زیادتر هوشیارترکردنی جیهانی سەبارەت بە مەسەلەکانی ژنان و یارمەتی کردن بە ژنان لە پێوەندی لەگەڵ گیروگرفت و نیشاندانی رێگا چارە یان دامەزراوەی نێودەوڵەتی فێرکردن و لێکۆڵینەوە لە پێشکەوتنی ژنان، لە ناساندنی سیستەمەکانی نوێی تاوتوێ، کۆکردنەوەی زانیاری و شێوەکانی فێرکردن و لێکۆڵینەوە پشتگیری دەکا. شێوازەکانی نوێی فێرکاری، بۆ کەمکردنەوەی گیروگرفتی ژنانە چالاکییە فێرکارییەکانیش بۆ جێبەجێ کردنی بەشی هەرە زۆری ئەو ئاڵوگۆڕانەیە کە دەبێ بکرێ لە رەوتی سەرەکی پەرەسەندن، بەلەبەر چاوگرتنی پشکی زۆری ژنان، یارمەتی دەکا. ئەو هەوڵانەش وەك بەشێك لە پلانی پێوەندیدار بە رێفۆرمی سەرژمێری و تایبەتمەندییە پێوەندیدارەکان بە ژنانەوە دێتە هەژماردن. لەو بوارەوە هەتا ئێستا هەڵدانێکی بەرچاو لە هەڵسەنگاندن و بەراورد کردنی پشکی ژنان لە پەرەسەندن و رێگە شێواز کاری ئەوان لە بەشی نارەسمی داکراوە.

**ـ سندووقی پەرەسەندنی**

**نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ژنان:**

ئەو سندووقە، لە دەستپێك دا لە ژێر ناوی سندوقی دڵخوازانەی دەیەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ژنان، لە ساڵی ١٩٧٦ دامەزرا. دواتر لە ساڵی ١٩٨٤ بە ناوی سندوقی پەرەسەندنی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ژنانو وەك سندوقێکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی پرۆگرامی پەرەسەندنی نەتەوەیەکگرتووەکان دەسبە کار بوو. ئەو سندووقە تەنیا میکانیزمی هاوکاری لە بواری پەرەسەندن لە چوارچێوەی سیستەمی نەتەوەیەکگرتووەکان دا، بە تایبەتی بۆ دابینکردنی سەرچاوەی ماڵیو پیشەیی بەرێوەچوون گەڵاڵەکانی پێوەندیدار بە ژنان. دوو ئەرکی سەرەکی ئەو سندووقە بریتین لە:

١ـ یارمەتی بەزامن کردنی چالاکییەکانی لەبار بۆ ژنان لە ڕەوتی سەرەکی پەرەسەندن، بە تایبەتی لە دەورەی پێش سەرمایەگوزاریدا.

٢ـ پشتیوانی لە چالاکییەکانی تایبەتی نەتەوەییو ناوچەیی کە ڕاستەوخۆ ژنان سوودی لێ دەبەن. پلانەکانی ئەو سندووقە، لە ڕاستای چاکسازیتر کردنی چالاکییەکانی ژنانو دوورخستنەوەیان لەو کارانەی دەبنە هۆی کات بەفیڕۆدان، وزەو توانایان. ئەو چالاکییانەی کە ناوبران لە شوێنە بێدەرەتانەکانی شارو گوند، بە تایبەت لەو وڵاتانی کە کەمتر لە حاڵی گەشەسەندندان، یەکانگیرە.

**٤ـ کۆمیسیۆنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان:**

کۆمیسیۆنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، بەشێکە لە دوو ناوەندی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیو کاروباری مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کەلە ژێر نەزەری دەفتەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە وییەن چالاکی دەکا. ئەو کومیسیۆنە لە ساڵی ١٩٤٤، بە مەبەستی پێشنیارو بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ شووڕای ئابووریو کۆمەڵایەتیو ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئێکۆسۆك(Ecosoc) لە چوارچێوەی سیاسەتگەلە گشتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، بە تایبەت باسگەلێك کە لە ژێر لێتۆژینەوەو چاودێری ئاژانسەکانی پسپۆری نێودەوڵەتی دانین، پێك هات. هەروەها لە ساڵی ١٩٦١، نیکۆسۆك ئەرکی دیاری کردنی سەروەرێتی لە بەرنامەکانو ئامانجگەلی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو لێکۆڵینەوە لە بواری پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیو ئابووری یان بە کومیسیۆنی سپارد کۆبوونەوەکانی کۆمیسیۆن هەر دوو ساڵ یەکجار دەگیرانو سیودووهەمین کۆبوونەوەی لە سەرەتای ساڵی ١٩٩١ لە شاری وییەن پێك هات. ڕادەی ئەندامانی کۆمیسیۆن لە کۆبوونەوەکانی ساڵانەی ئێکوسوك دەکراو دەورەی ئەندامایەتی ٤ ساڵە. حیسەی گروپە جۆراوجۆرەکانی ناوچەیی لە کۆمیسیۆندا ئاوا بوون: گروپی ئاسیایی ٦ کورسی، گروپی ئافریقایی ٨ کورسی، ئامریکایی لاتینو بیاقی کارائیب ٦ کورسی، ئورووپای خۆرئاواو وڵاتەکانی تری ٨ کورسیو ئورووپای ڕۆژهەڵات ٤ کورسی.

**٥ـ کۆمیسیۆنی پلەی ژن:**

ئەو کۆمیسیۆنە لە ژێر نەزەری ناوەندی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیو کاروباری مرۆڤی(بەشی پێشکەوتنی ژنان) لە دەفتەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە شاری وییەن چالاکی دەکا. لە ساڵی ١٩٤٦، ئێکۆسۆك ئەو کۆمیسیۆنەی پێك هێنا تا لە چوارچێوەی باسەکانی پێوەندیدار بە هەڵسوکەوتی مافەکانی ژنان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو فێرکردن ڕاپۆرتیان ئامادەو پێشکەش بە شووڕای بکەن. هەروەها گیروگرفتە تایبەتییەکانی پێوەندیدار بە وان کە دژ کردەوەکانو هەوڵدانی خێرایان داوا دەکرد، پێشنیار گەلێك پێشکەش بە شوورا بکەن. ڕادەی ئەندامانی کۆمیسیۆنی پلەی ژن، بە پێی دوایین بڕیاری ئێکۆسۆك کەلە ساڵی ١٩٨٩، ٤٥ وڵات ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەکان بوون کەلە خوارەوەدا هاتوون: وڵاتانی ئافریقایی ١٣ کورسی، ئاسیایی ١١ کورسی، ئامریکای لاتین ٩ کورسی، ئورووپای خۆرئاواو وڵاتانی تری ٨ کورسیو ئوروپای خۆرهەڵات ٤ کورسی.

دەورەی ئەندامایەتی لە کۆمیسیۆن دا ٤ ساڵەو هەڵبژاردنەکانیان لە ئێکۆسۆك بەڕێوە دەچێ کۆبوونەوەکانی کۆمیسیۆن هەموو ساڵێ لە شاری وییەن پێك دێ سیو پێنجەمین کۆبوونەوە لە فورییەی ـ مارسی ساڵی ١٩٩١ پێك هات.

**ـ چالاکییەکان:**

لە ساڵی ١٩٧٥، یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ژن لە مێکزێکۆسیتی گیراو بەیاننامەی هەڵگری یەکسانی ژنانو ڕۆڵی ئەوان لە یارمەتی دان بە پەرەسەندنو ئاشتی، بەرنامەی جیهانی بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی ساڵی نێو دەوڵەتی ژن بوون، پەسند کرا. کۆڕی گشتی ڕێکخراوەی نەتەوەکان، بە پێی پێشنیارەکانی کۆنفرانسی میکزیك، ساڵەکانی ٨٥ ـــ ١٩٧٦ وەك دەیەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ژنان بە دروشمی "یەکسانی، پەرەسەندن ، ئاشتی" لە ڕاستای جێبەجێ کردنی بەرنامەی جیهانی پەسند کراو سندوقێکی یارمەتی

←

دڵخوازانە بۆ ئەو دەیە دانرا. لە ساڵی ١٩٨٠، دووهەمین کۆنفرانسی جیهانی ژن بە مەبەستی لێتۆژینەوەی پێشکەوتن و جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی دەیە بەڕێوە چوو. لەو کۆنفرانسەدا، بەرنامەیەکی تەنفیزی بۆ نیوەی دووهەمی دەیەی پەسند کرد بە پێی پێشنیارەکانی کۆنفرانس، کۆری گشتی لە ساڵی ١٩٨٥، کونفرانسی جیهانی لێتۆژینەوەی دەسکەوتەکانی دەیەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ژنانیان لە نایروبی پێك هێنا. ئەو کونفرانسە ئیستراتیژی داهاتووی بۆ پێشکەوتنی ژنان هەتا ساڵی ٢٠٠٠ یان بە پێی ئامانجەکانی دەیەی ناوبراو، یانی یەکسانی، پەرەسەندن، ئاشتی کارکردن، تەندروستی و فێرکردن بۆ ژنان، پەسند کرد. کۆڕی گشتی هەروەها لە پەیماننامەی ٤٣/١٠١١ ڕێکەوتی ١٩٨٨، بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی کۆنفرانسی نایرۆبی یان بە کۆمیسیۆنی پلەی ژن سپارد. ساڵەکانی رابردوو، کۆری گشتی و شوورای ئابووری و کۆمەڵایەتی هەموو ساڵێ پەیماننامە گەلێك کە تایبەت بە پێشکەوتنی کاروباری کۆمیسیۆنە پەسند کردوە.

**٦- کۆنوانسیۆنی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی هیچ شێوە جیاوازی‌یەك سەبارەت بە ژنان:**

لە ١٨ی دیسامبری ساڵی ١٩٩٧، کۆنوانسیۆنی نەهێشتنی هیچ شێوە جیاوازیەکی پێوەندیدار بە ژنان، لە لایەن کۆری گشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پەسند کراو لە ساڵی ١٩٨١ وەك پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی ناساندرا.

لە راستیدا، ئەو کۆنوانسیونە بەرهەمی زیاتر لە ٣٠ ساڵ هەوڵدانی کۆمیسیۆنی پلەی ژن و وەك یەکیك لە لقەکانی رێکخراوی نەتەوەکانە. ئەرکی ئەو کۆمیسیۆنە پێداچوونەوە بە گشت ئەو کاروبارانەیە کە لەوان دا یەکسانی ژنان و پیاوان لەبەر چاو ناگیرێ، جاڕنامەکان و کونوانسیون گەلێك لەو بوارەوە تایبەتن پەسندی کردون وەك کونوانسیونی نەهێشتنی هیچ شێوە جیاوازێکی پێوەندیدار بە ژنان. کونوانسیونی سەرەوە وەك بەرچاوترین بەڵگەی جیهانی‌یە کەلە بارەی مافەکانی ژنان دا ناسراوە.

لە دەسپێك دا ئەو کونوانسیونە، درێژەی جیاوازی بەربڵاو کە سەبارەت بە ژنان دەکرا لە قاو دەداو داکۆکی دەکرد لە بوونی ئەم جۆرە جیاوازی‌یانە، پێشێلکردنی راشکاوانەی ئەسڵی یەکسانی مافەکان و حورمەتە بە بەها مرۆڤی‌یەکان. بە پێی ماددەی یەکی کۆنوانسیون، جیاوازی بە مانای لێك جیا کردنەوە، بێبەش کردن یا بەر تەسککردنەوە بە پێی جیاوازی رەگەزی و بوونی ئەو جیاوازیانە لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، مەدەنی و هتد دارێژراوە بەو هۆیەوە، کۆنوانسیۆنی ناوبراو داوای لە وڵاتانی ئەندام دەکرد کە سەبارەت بە گرتنە پێشی"هەموو رێ و شوێنی شیاو وەك هەنگاونانی یاسای بە مەبەستی زامنکردنی پێشکەوتنی ژنان و متمانە دان بەوان سەبارەت بە جێبەجێ کردنی مافی مرۆڤ و دانی ئازادی‌یە سەرەکی‌یەکان بە پێی ئەسڵی یەکسانی لەگەڵ پیاوان" پێی رابگەن. لە ماددەی ١٤ی کونوانسیون، لەسەر چەمکی" پەرەسەندن و پێشکەوتنی تەواوی ژنان" دارێژراوە و لەو بوارەدا لایەنەکانی سپیانەی پێوەندیدار بە چۆنیەتی ژنان خراوەتە بەر تۆیژینەوەو بەرزترین پلە بە مافەکانی مەدەنی و یەکسانی مافەکان دراوە.

ئەو کونوانسیونە بە پێچەوانەی هەموو پەیماننامەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ، بەگشت بوارەکانی مرۆڤانەوە لە بەر چاو دەگرێ و بە کاریگەریی هۆکاری فەرهەنگی لە پێکهاتنی جیاوازی دایم سەبارەت بە ژنان ئاماژەی کردوە.

بابەتی بەشداربوونی ژنان لە چالاك گەلی سیاسی، ماددەی ٧ی ئەو کونوانسیونە داهاتوەو دانی مافی دەنگ دان بە ژنان، پاراستن و بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی گشتی بە پێی ئەسڵی یەکسانی مافەکانی داکۆکی لەسەر کراوە.

ماددەی ٨ی کونوانسیون، لە چەند خاڵ بە تێرو تەسەلی باس لە یەکسانی مافی ژنان و پیاوان لە بابەتی مەسایلی فێرکردن و چالاکیە پیشەییەکان، ئابووری و کۆمەڵایەتی کردوە.

ماددەی ١٤ پێداگری تایبەتی بە چۆنیەتی ژنانی لادێ هەیە. ئەو ماددەیە بەو پشکە تایبەتی‌یە کە ژنانی گوندنشین لە ژیانی ئابووری هەیانە، ئاماژە دەکاو خوازیاری گرینگی پێدانی زیاتر بەوان لە بەرنامە رێژییەکانی پەرەسەندنە.

ماددەی ١٥ کۆنوانسیونی داکۆکی یەکسانی تەواوی ژنان لە مافەکانی کۆمەڵایەتی و پیشەیی دەکا، داوا دەکا کە هەموو کۆسپەکان و هۆکارگەلی بەرتەسککرنەوەی ئیمکاناتی یاسایی بۆ ژنان بن بڕ بکرێ.

ماددەی ٩ و ١٦ی کۆنوانسیونن، بە مەسەلەی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و پێوەندی بنەماڵەیی ئاماژە دەکا لە یەکسانی مافەکان و بەڵێنیکانی دوو رەگەز سەبارەت بە یەکترو مافی هەڵبژاردنی هاوسەرو مافەکانی تاکەکەسی، مافەکانی

پێوەندیدار بە پلەی دایكو باوكو میرات داكۆكی دەكا.

ماددەی ٥ی كونوانسیون گرنگی تێگەیشتنی دروست لە ئەركی دایكایەتی وەك ئەركێكی كۆمەڵایەتی دێنێتە بەرباس، بەو پێیە، مەسەلەی پشتیوانیكردن لە دایكو ئاگا لە منداڵبوون وەك مافێكی گرنگ باس دەكا.

مادده گەلێك لەو كۆنوانسیونانە، باس گەلێكی پێوەندیدار بە پیشە، مافەكانی بنەماڵە، تەندروستیو فێركردن تەرخان كراوەو داوا لە وڵاتانی ئەندام كراوە، بە خستنە ڕووی خزمەتگوزارییە كۆمەڵایەتییەكان بە ژنان، ئیزن دانی بەرپرسایەتی بنەماڵەیی لە پاڵ كارو چالاكی كۆمەڵایەتییان پێ بدرێ.

ماددەی ١٠ی كونوانسیۆن، دەوڵەتان وادار دەكا كە هوشیار كردنی پێوەندیدار بە ڕێك كردنی بنەماڵە لە مادده گەلی فێركردن لە بەرچاو بگرن.

ماددەی ١٦ لە بواری پەرەسەندنی مافەكانی بنەماڵە وەك مافی ژن بە تایبەتی لە بڕیاردانی بەرپرسانە سەبارەت بەرادەو مەودای نێوان منداڵان داكۆكی كردوە، دەست پێڕاگەیشتن بە زانیارییەكان، فێركردنو كەرەسەگەلێكی كە جێبەجێ كردنی ئەو مافانە ئاسان دەكاتەوە بە پێویست دەزانێ.

ماددەی ٥ی پێداگری لەسەر هوشیارتر بوونی خەڵك سەبارەت بە چەمكی مافی مرۆڤ، بە شێوەیەك كە ناسینو تێگەیشتنێكی دروست لە نەریتە بەرتەسك كراوەكان بۆ بەرێوەچوونی ژنان دەخاتە بەردەست.

ئەو هۆكارانە بەرتەسك كردنەوەی دابو نەریت، پێوانەو نمونە گەلێكی هەیە كە دەبێتە هۆی زیاد بوونی زەختگەلی

## ئاڵوگۆڕ لە ڕۆڵی سوننەتی پیاوانو ژنان لە كۆمەڵگاو بنەماڵە بۆ گەیشتن بە یەكسانی تەواو لە نێوان ژنو پیاو پێویستە

ئابووری، سیاسی، یاسایی، كەلە ڕێگەی پێشكەوتنی ژنان دەكرێ. بەو پێیە ئاڵوگۆڕ لە ڕۆڵی سوننەتی پیاوانو ژنان لە كۆمەڵگاو بنەماڵە بۆ گەیشتن بە یەكسانی تەواو لە نێوان ژنو پیاو پێویستە. لە ئەنجام دا، ئەو وڵاتانەی كە كۆنوانسیونیان پەسند كردوە یان پێوەندییان پێوەی هەیە، سەبارەت بە چاكسازی نموونەكانی كۆمەڵایەتیو فەرهەنگی بە مەبەستی بنبڕكردنی دابو نەریتو هەموو ئەو كارانەی كە دەبنە هۆی نایەكسانی نێوان ژنو پیاو بەرپرسیارن.

لە هەموو ماددەكانی كونوانسیون، پێداگری لە دانی بەرپرسایەتی یەكسانن بە ژنو پیاو لە ژیانی بنەماڵەیی، پیشەییو فێركردن دەكاو لەبەر ئەوەش ڕێنما گەلێك بۆ بەرەوگرتنی پێشی سیاسەت گەلی دژە جیاوازی دادەنێ، هەر وڵاتێك بە پەسند كردنی ئەو كونوانسیونە بەر پرسیارە بۆ جێبەجێ كردنی ئەو پرسیارە بۆ ئامانجی یەكسانی تەواو نێوان ژنانو پیاوان.

**٧ـــ كۆمیتەی نەهێشتنی جیاوازی سەبارەت بە ژنان:**

هەروەك ئاماژەی پێكرا، كونوانسیونی نەهێشتنی جیاوازی سەبارەت بە ژنان بە پێی پەیماننامەی ژمارە ٣٤/١٨٠ی كۆڕی گشتی، لە ساڵی ١٩٧٩ پەسند كراو لە ساڵی ١٩٨١ هاتە جێبەجێ كردن. هەتا ئەوكات ١٠٨ وڵات پەسندیان كرد بووو پێوەندییان پێوەگرتوە.

ماددەی ١٧ی ئەو كونوانسیونە، پێداگری لە دامەزراندنی كۆمیتەی ناوبراو بە مەبەستی لێكدانەوەی شێوەی جێبەجێ كردنی كونوانسیون دەكا. بەو هۆكارەش كۆمیتەیەك لە ژێر ناوی كۆمیتەی نەهێشتنی جیاوازی سەبارەت بە ژنان دامەزرا. ئەندامانی ئەو كۆمیتەیە لە ٢٣ پسپۆڕ پێك هاتووە هەڵبژاردنیان بە پێی دابەشبوونی جوغرافیاییە. بە پێی ماددەی ٢١ی كونوانسیون هەر ساڵێ چەند وڵاتێكی ئەندام ڕاپۆرتی خۆیان لە بواری چۆنییەتی ژنانی وڵاتەكەیان بەو كۆمیتەیە پێشكەش دەكەنو هەر ٤ ساڵ جارێك ڕاپۆرتی تەكمیلی پێوە زیاد دەكەن. ئەو ڕاپۆرتانە بریتین لە گرتنە پێشی ئەو كارانە، بە تایبەتی نەهێشتنی جیاوازی سەبارەت بە ژنانو ڕیفۆرمی چۆنیەتی مافەكان، ئابووریو كۆمەڵایەتی ژنانە كە لە لایەن كۆمیتەیەك لێ پرسینەوەو خوێندنەوەی لەسەر دەكرێو ئەنجامی ئەو باسو لێ پرسینەوانە بە شووڕای ئابووریو كۆمەڵایەتی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان ڕادەگەیەندرێ.

ئەندامانی كۆمیتەی لێ پرسینەوە ڕاپۆرتەكان بۆ ٤ ساڵ هەڵدەبژێرنو ڕادەیان ١٢ كەسن. هەتا ئەو كات، ئەندامانی ئەو كۆمیتەیە ژاپۆن، ئیتالیا، مالی، برزیل، باربارۆس، چین، یوكسلاوی، شورەوی پێشوو، ئیكوادۆر، ئەندۆنیزی، میسر، نێجیریە بوون. یازدەهەمین كۆبوونەوەی كۆمیتەی ناوبراو لە ژانوییەی ١٩٩٢ لە نیویورك بەرێوە چوو.

سەرچاوە:
گۆڤاری(سیاست خارجی، شماره ٢ ـ ٣)

***

# خولانەوەی مافی ژنان لە بازنەدا...!؟

ئامادەکردنی: ج ـ م

ژن ئەو توێژە گرینگەی کۆمەڵە، کە تۆویی بەردەوام بوونی ژیانی دەچێنێ و هاوکات دەگەڵ توێژی پیاو ژیان تەواو دەکا. ژن لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی دنیادا نەخشی لە دادپەروەری، فەرمانڕەوایی، خەبات و تێکۆشان دژی زۆرداران و داگیرکەران دا گێڕاوە.

بە تایبەت ژن لە نێو کۆمەڵگای کوردەوارییدا شان بە شانی پیاو بۆ رزگاریی نەتەوەکەیی لە هیچ چەشنە خەبات و بەربەرەکانیەك درێغیان نەکردوە، شەو نەخونییان لە سەردەمی کۆن و ئێستادا چێشتووە.

سەرەڕای ئەوانەش توندوتیژی و هەڵاواردنی رەگەزی دژی ژنان و کچان، پێشێل کردنی مافەکانیان بە شێوازی جۆراوجۆر بەرچاو دەکەون. بێگومان ئەم جۆرە رەفتار و کردارانەو، پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی ئەو توێژە لە کۆمەڵگای جیهانیدا دەبێتە هۆی دواکەوتوویی و گەشە نەکردنی کۆمەڵگا.

ریشە و بنەماکانی توندوتیژی و پێشێلکردنی مافەکانی ژنان لە نێو کەلتووری میللەتانی جیهان دا، ئەوەندە شاراوە و تواوەیە کە، بە سووك و ئاسانی نابینرێن. لەگەڵ ئەوەش دا ئەو دڕندایەتییەی دەرحەق بە ژنان دەکرێ، رێگاچارەی خۆی هەیە؟ کاتێك هەستمان بە کانگاو سەرچاوەی پێشێلکاری و توندوتیژییەکان کرد.

دەتوانین هێزی خۆمانی لێ وەکارخەین و کاری بۆ بکەین.

ئەگەر هێندێك قوول لێی وردبینەوە: رۆژانە خەڵکانێك بە شێوەیەکی رۆتینی ناچار دەکرێن، پەلامار



دەدرێن، ئەتك دەکرێن، تیجارەتیان پێوە دەکرێ، جودا لە کۆیلایەتی و سێکس و بەند کردنی کۆمەڵایەتی و چەوسانەوە، جنێوپێدان و شێواندنی رووخسار وتەنانەت بڕین و قەتع کردنی هێندێك لە ئەندامانی لەشیان و، بەوەش ناوەستن و زۆرجاری وا هەیە کە، کۆتایی بە ژیانیان دەهێنرێ. هەموو ئەو مەسەلانەی کە ئاماژەیان پێی کراوە، زۆر شتی دیکەش تەنیا و تەنیا لە بەر ئەوەیە کە رەگەزی "مێینەیە" و بەو رەگەزە لە دایك بووە. بەڵام ئێستا کار و چالاکییەکانی ژنان رۆژ بە رۆژ پەرە دەستێنێ و دامەزراندنی رێکخراوو کۆمەڵی سەر بە ژنان لە جیهاندا روو لە زیاد بووندایە و، رێژەی بەشداریکردنی ژنان لە وڵاتانی رۆژئاوا، رۆژهەڵات و ئەفریقا زیاتر بووە و،پلە و پایەی گرینگ و هەستیاریان وەرگرتوە لە ئاستی جیهانیش دا ئاهەنگ و بۆنەی جۆراوجۆر بۆ ژنان ساز کراوە، لە میدیاکانیش باس لە بەدەستهێنانی یەکسانی و مافی ژنان کراوە...هتد. بەڵام بە پێی راپۆرت و هێندێك لە سەرچاوە کەلە وڵاتی بریتانیا بڵاو بۆتەوە، نەك لە وڵاتانی جیهانی دووهەم، بەڵکو لە وڵاتانی جیهانی یەکەمیش دا ئەو ماف و ئەرکانە، کە بۆ پیاو بەرەوا دەبینین، بۆ ژنان وا



نیه !؟

یانی بە واتایەکی دیکە جیاوازی‌یەکی زەق و بەرچاو لە مەڕ هەڵسووکەوت و مامەڵەکردن دا، لە نێوان ئەو دوو رەگەزەدا بەدی دەکرێ. بە تایبەت لە رووی مووچە و کرێی کارکردن، وەك یەك حیسابیان بۆ ناکرێ، هەمیشە بەشی پیاو لە بەشی ژنان زیاترە.

دوور لە هۆکارە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی‌یەکان، ئێستاشی لەگەڵ دابێ، روحی کاریگەر بۆ زۆر بوون و قووڵ بوونەوەی ئەو جیاوازیانە دەگێرن، هەنووکە لە زۆر شوێنی جیهان دا نەك هەر یەکسانی باس لە عەداڵەت لە نێوان ئەو دوو رەگەزەدا دەکرێ. بۆ نموونە: ٨٠٪ جووتیارەکانی وڵاتانی ئەفریقا ژنن. سەرەرای ئەوەش ئێستا ژنان هەژارترین توێژن لەو ناوچەیەدا.

ئەگەر رۆژانە ٣ لەسەر ٤ دۆلار لە ه پیاوان بدرێ، نیوەی ئەو ه لە جیاتی هەمان کار بە ژ نان دەدرێ! هەروەها ٤٠٪ ژنانی ئەو قارەیە بە هۆی شەڕ، هەژاری، دابونەریتە کۆن و چەق بەستووەکان، نەخوێندەواری (کە ئەوەش بۆ خۆی ناسوورییەکی دیکەی ئەو توێژە لە کۆمەڵگایە) بە پێی ئەو سەرژمێرییەی نەتەوەیەکگرتووەکان پێکی هێناوە، دەرکەوتووە کە ئەو ژنانەی ٦ـ ٥ کلاسیان خوێندەواری هەیە، لە چاو ئەو ژنانەی کە هیچ خوێندەواریەکیان نیە ٥٠٪ زیاتر توانیویانە منداڵەکانیان لە نەخۆشی بپارێزن. هەروەها رێژەی مردنی ئەو منداڵانەی کە دایکەکانیان خوێندەوارن ٤٠٪ کەمترە لە وانەی سەرپەرەستەکانیان نەخوێندەوارن.

جێگای باسە کە: بە پێی ئامارو سەرچاوە پزیشکی و حکوومەتی‌یەکان لە وڵاتانی ئەفریقا بە تایبەت وڵاتانی تازە گەشە کردو، دەرکەوتوە کە پیاوان زۆرتر لە ژنان بۆ چارەسەری خۆیان سەردانی پزیشك دەکەن و، بایەخ بە سەلامەتیی خۆیان دەدەن. کە ئەوەش لایەنێکی دیکەی هەڵاواردنە بە نیسبەت ژنان... بە هۆی ئەو کۆت و بەندو پیاو سالاری‌یانەی کە بەسەر ژنان دا زاڵن، ژنان مەیلی شاردنەوەی دەردو ئازارەکانیان هەیەو دەیانهەوێ لە نێو چوار دیواری ماڵەوەو بە شێوەی سوننەتی ئازارەکانیان چارەسەر بکەن.

بە پێی سەرژمێری وڵاتە یەکگرتووەکان و سەرچاوە بریتانیایەکان دەرکەوتوە کەلە ماوەی یەك دەقیقە لە جیهان دا ژنێك لە کاتی منداڵبوون دا گیانی لە دەست دەدا، لە رۆژێك دا رێژەی مردنی ژنان تەنیا بە هۆی دوو گیانبوون دەگاتە ١٤٠٠ کەس، کە ساڵانە دەبێتە ٥٩٠٠٠ ژن. هەروەها رزگار بوونی ژیانی ژنان لە وڵاتانی ئەفریقا لە کاتی منداڵبوون دا ١ بە ١٦ یا، ئەوە لە حاڵێك دایە، لە ئەمریکای باکوور رێژەی ١ بە ٣٧٠٠ کەسە.

لێرەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە هۆکاری جیاوازی، لە کرێی کاردا چ رۆڵێکی کاریگەر لە ژیانی ژن دادەگێرێ، بە تایبەت لە قارەی ئەفریقادا کە نزیکەی ٤٠٪ بنەماڵەکان ناتوانن رۆژانە خواردن بۆ منداڵەکانیان پەیدا بکەن، رۆژانە چەند کاتژمێرێك کار زیاتر بکەن. تەنانەت بە کاری قوورسی وەهاوە سەرقاڵن کە بە هیچ جۆرێك دەگەڵ سروشتی جەستەی ژنان ناگونجێ و، لە ئاکام دا لە پێناو وەدەستهێنانی یەك دۆلار بۆ بژیوی منداڵەکانیان گیان لە دەست دەدەن.

سەرچاوەکان:

رۆژنامەی خەبات

سایتی: "ایران امروز"

# کاروچالاکییەکانی یەکیەتیی ژنان

## سەردانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکیەتیی ژنانی کوردستان( لقی کۆیە )

ڕێکەوتی ١٦ی خەزەڵوەر بە بۆنەی ١٧ مین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی کوردستان لقی کۆیە هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات سەردانی لقی کۆیەی یەکیەتیی ژنانی کوردستانیان کردو لە لایەن چیمەن خان ئەندامی سکرتاریەتو بەرپرسی لقی کۆیە پێشوازییان لێ کرا، هەیئەتی ناوبراو بریتی بوون لە عیسمەت نستانی بەرپرسی یەکیەتیی ژنان، خەدیجە مەعزوور ئەندامی هەیئەتی ئیجراییو گەلاوێژ حەسەن زادەو سکاڵا حەکیم زادە ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانبە مەبەستی پیرۆزبایی ئەو رۆژە سەردانی یەکیەتیی ژنان لقی کۆیەیان کرد.

## سەردانی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی کوردستانی ئێران لە قوتابخانەی ئازادی تێکەڵاو

سەری ساڵی تازەی میلادی "٢٠٠٧"و جەژنی قوربانی پیرۆز سەردانی مامۆستایانو بەڕێوەبەرانی قوتابخانەی ئازادی سەرەتایی تێکەڵاویان کردو لە لایەن مامۆستا دارا بەڕێوەبەرو مامۆستایانی ئەو قوتابخانە پێشوازییان لێ کرا. لەو سەردانەدا وێڕای پیرۆزبایی هەر دوو جەژن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە گوێرەی توانا بەڵێنی هەر چەشنە هاوکاریەکیدا، پێویستە بگوترێ قوتابخانەی ئازادی سەرەتایی تێکەڵاو سەر بە هەرێمی کوردستانەو لە کەمپی حیزبی دێموکراتی کوردستان قوتابیانی ئەو کەمپە تێدا دەرس دەخوێنن.

## کۆبوونەوەی گشتی بۆ ژنانی کەمپەکانی ئازادیو ئەمیریە

ڕێکەوتی ٢١ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٥ لە بنکەی گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ ژنانی ئەندام لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو ژنانی ئەندام لە حیزبی دێموکراتی کوردستانو ژنانی غەیری ئەندام لە دوو کەمپی حیزبی، ئازادیو ئامیریە گیرا، لەو کۆبوونەوەیەدا سەرەتا لەلایەن کاك محەممەد کەسرایی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە لەت بوونی حیزب چەند وتەیەك پێشکەش بە بەشدار بووانی کۆبوونەوەکە کرا لە دواییدا بە نوێنەرایەتی لەلایەن حیزب سوپاسو پێزانینی خۆی سەبارەت بە هەڵوێستی ژنانی ناو ریزەکانی حیزبو یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە هەڵوێستی ئاشپیخوازانەو ئەمەکدارییان بە حیزب دەربڕی لە رابیتە لەگەڵ ئەو باروودۆخەیکە بەسەر حیزب دا هاتووە.

لە دوابەشی کۆبوونەوەکەدا لەلایەن هاوڕێ عیسمەت نستانی بەرپرسی گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانسەبارەت بە پشتیوانی دەربڕینی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ـ ئێران چەند وتەیەکی پێشکەش کرد هاوڕێ عیسمەت نستانی لە وتەکانیدا وێڕای بەداخ بوونی لە لەت بوونی حیزب داوایی پشوو درێژییو خۆراگری لە ژنانی ئەندام لە حیزبو لە یەکیەتیی ژنانی دێموکرات کردو داوایی کرد کە دڵ گەرمتر لە جاران لە مەیدانی کردەوەدا لە راپەڕاندنی ئەرکی حیزبیو رێکخراوەییدا لە مەیدان دابنو بۆ دەستەبەر کردنی مافە رەواکانیان لە پەنا ئەرکی حیزبیان زیاتر تێبکۆشن. پێویستە بگوترێ ئەو کۆبوونەوەیە لەگەڵ پێشوازیکی گەرمی ژنان بەرەو روو بوو.

## کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی بۆ ئەندامانی ژن

ـ ڕێکەوتی ٣ی بەفرانباری ١٣٨٥ کۆبوونەوەی‌یەکی گشتی لەلایەن بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان گیرا، سەرەتا بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات چەند قسەیەکی لەسەر برودۆخی نێوخۆیی کە ئێستا تێیدا دەژین‌و دەست پێکردنەوەی کاروچالاکییەکانی‌و فەعالیەتی دووبارەی ژنان کرد. هەروەها باسێکی لەسەر پێویست بوونی هەرچی زیاتری کاروچالاکی ژنان کرد. پاشان سۆهەیلا قادری بەرپرسی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنان باسێکی تەشکیلاتی بۆ بەشدارنی کۆبوونەوەکەو لەسەر چالاکتر بوونی شانەکانی تەشکیلاتی‌و بەردەوام بوونیان لە چالاکی‌یە تەشکیلاتی‌یەکانیان کرد.

## کۆبوونەوەی ئەندامانی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان

ـ ڕێکەوتی ١ی خەرمانانی ٨٥ کۆبوونەوەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات گیرا لەو کۆبوونەوە سەرەتا لەلایەن بەرپرسی یەکیەتیی ژنان راپۆرتی کاری کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنان لە ناوەندی ١،٢،٣ی کوردستان لە لایەن بەرپرسی کۆمیتەکان باس کران‌و لە دوای کۆبونەوە باس لە هەرچی چالاکی یەکیەتیی ژنان‌و وەزعیەتی ناوخۆی حیزب لە رابیتە لەگەڵ کاری یەکیەتیی ژنان باس کران.

## کۆبوونەوەیەک بە بەشداری ژنانی بنەماڵە حیزبی یەکانی دانیشتووی شاری قەلادزێ

رۆژی یەکشەممە ٨٥/١٠/٢٤ هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات پێک هاتوو لە هاوڕێیان گەلاوێژ حەسەن زادە ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان‌و کوێستان فتوحی کادری بەشی راگەیاندنی حیزبی دێموکرات بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ ژنانی بنەماڵەکانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی شاری قەلادزێیان کرد.

لەو کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو ژنانەدا سەرەتا گەلاوێژ حەسەن زادە وێڕای سپاس‌و پێزانین لە دڵسۆزیی‌و پشتیوانیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و یەکیەتیی ژنان، باسێکی لەسەر لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردو لە بەشێك لە قسەکانی‌دا گوتی هۆی لەتبوونی ئەو حیزبە پاوانخوازیی زۆرینەی ڕێبەری کۆنگرەی ١٣ی حیزب بوو کە حیزبیان تووشی ئەم چارەنووسە کرد. لە کۆنگرەی ١٣دا کەسانێك دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت کە بە کردەوە لە دوای کۆنگرەوە حیزبیان کرد بوو بە دوو بەش. هەموو هوڵێك درا کە ئەوان ئەم رەفتارو نیەتەیان بگۆرن بەڵام بەداخەوە هەموو هەوڵەکانیان بێ ئاکام مانەوەو حیزبەکەمان ئەم چارەنووسەی بەسەردا سەپا.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا کوێستان فتوحی لە سەر هەڵوێستی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان‌و پشتیوانی کردن لە بەیاننامەی ٨٥/٩/١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بەشدارانی کۆبوونەوەکە دواو گوتی ئەم هەڵوێستەی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات هەروا بە ڕێکەوت نەبوو بەڵکوو بە ئاگادار بوون لەو بارودۆخە بوو لە دوای کۆنگرەی ١٣ی حیزبەوە بەسەر حیزب هاتبوو، وتیشی بەشی زۆری ئەندامانی یەکیەتیی ژنان‌و ئەندامانی بەڕێوەبەریی ئەم یەکیەتیە ئەندامی حیزبی دێموکراتن، بۆیە لە بەرامبەر چارەنووسی حیزبەکەیان دا بێ‌هەڵوێست نەبوون. بە ئاگادار بوون لە کارو کردەوەکانی زۆرینەی ڕێبەریی کۆنگرەی ١٣ی حیزب لە کاتی لەتبوونی حیزب دا هەڵوێستی خۆیان گرت‌و پشتیوانیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربڕی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا کوێستان باسی رۆڵی ژنانی لە خەبات‌و تێکۆشان داکردو وتی ئێمە ژنان ئەگەر لە خەباتی نەتەوایەتی‌دا بەشدارییمان هەیە، نابێ مەسەلەکانی خۆشمان لە بیر بچێتەوە بۆیە ئەرکی ژنان زۆر قورسترە لە هی پیاوان پێویستە ئاگایانە بۆ هەر دوو مەسەلەکە (خەباتی نەتەوەیی‌و خەبات بۆ نەهێشتنی جیاوازییەکان دژی ژنان) تێبکۆشین......

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا وەڵامی پرسیاری بەشدار بووان کە هەر لەم پێوەندی‌یەدا بوون درانەوەو پاشان بەشدارانی کۆبوونەوەکە ئامادەیی خۆیان بۆ هەر هاوکاری‌یەك کە حیزبی دێموکرات‌و یەکیەتیی ژنان بە پێویستی بزانێ دەربڕی.

## دانانی دەورە بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنان

## لە ناوەندی ٢ی کوردستان

ڕێکەوتی ٢٠ی خەرمانانی ١٣٨٥ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەورەیەکی گوڵسازی بۆ ژنانو کچانی ئەندام لە یەکیەتیی ژنانو یەکیەتیی لاوان کرد لەو دەورەیەدا زیاتر لە ٢٥ کەس بەشدارو سودمەند بوون ئەو دەورەیە ٤٥ ڕۆژی خایاندو لە لایەن مامۆستای دەورە خوشکە شایستە ڕەحمانی ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو دەورەیە بەڕێوە چوو، هەروەها کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە ناوەندی ٢ی کوردستان سوپاسو پێزانینی خۆی پێشکەش بە خاتوو شایستە دەکا.

پێویستە بگوترێ کە کەرەسەو پێداویستی ئەو دەورەیەو دەورەیەکی کاردەستی لە لایەن خاتوو پەخشان فەلسەفی ئەندامی لەمێژینەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دابین کرا بوو. یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران سوپاسو پێزانینی خۆی پێشکەش بە هاورێ پەخشان فەلسەفی دەکا. هیوادارین نموونەی زۆربێ.

## کۆبوونەوەی ژنانی پەنابەرو

## لە شاری هەولێر

ڕێکەوتی ٢٩ی بەفرانباری ٨٥ لەلایەن سەرشانەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ ژنانی پەنابەری کوردستانی ئێران ئەندامو غەیرە ئەندام لە یەکیەتیی ژنان دانیشتووی شاری هەولێر گیرا لەو کۆبوونەوەدا سەرەتا چەند وتەیەك لەلایەن کاك هەمزە ئاگووشیو کاك عەلی زیرەك پێشمەرگەی کۆنی حیزبو دانیشتووی شاری هەولێر سەبارەت بە لەت بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەشدارانی کۆبوونەوە باس کردو لە دوا بەشی کۆبوونەوەکەدا لە لایەن سنور نستانیو زارا باغی ئەندامانی یەکیەتیی ژنانو سەرشانەی شانەکانی یەکیەتیی ژنان لە شاری هەولێر بە هەڵوێستی یەکیەتیی ژنان لەمەر لەت بوونی حیزبو پشتیوانی کردنی یەکیەتیی ژنان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ـ ئێران بۆ بەشدارانی کۆبوونەوەکە قسە کراو لە دوابەشی کۆبوونەوەکەدا ژنانی ئامادە بوو لەو کۆبوونەوەدا پشتیوانیو هاوکاری خۆیان بۆ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ـ ئێران دووپات کردەوەو بەڵێنی هاوکارییان دا.

## سەردانی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان

## لە رانیەو چوار قوڕنە

ڕۆژی ٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٥ هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێك هاتوو لە بەڕێزان سۆهەیلا قادری ئەندامی بەڕێوەبەریو عیسمەت حەسەن پوورو نازەنین قادری ئەندامانی جێگری بەڕێوەبەری سەردانی شاری رانیەو شارۆچکەی چوار قوڕنەیان کرد بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانو لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

سەرەتا هەیئەتی یەکیەتیی ژنان لە لایەن بەڕێز کاك جەعفەر تۆژەڵی بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ـ ئێران لە رانیەبەخێرهاتنیان لێکراو بە هاوکاری بەڕێزیان سەردانی بنەماڵە حیزبییەکانیان لە هەر دوو شوێن کرد.

سەرەتا لە لایەن هەیئەتی ناردراوەوە هەڵوێستی یەکیەتیی ژنانو بارودۆخی نێوخۆیی کە ئێستا تێیدا دەژینو لەسەر ئەو لەت بوونە نەخوازراوەی کە بەسەر ریزەکانی حیزب داهات شیکرایەوە، کە لەگەڵ پێشوازی گەرمی ئەندامان بەرەوروو بوو. پێویستە بگوترێ کە لەم سەردانەدا چەندین ئەندامو لایەنگر بەریزەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیاد بوونو پشتیوانی خۆیان لە هەڵوێستی یەکیەتیی ژنان دەربڕی. شایانی باسە، بریاردراوە لە شاری رانیەو شارۆچکەی چوارقورنە بەم زووانە لە لایەن یەکیەتیی ژنانەوە کۆمیتەیەك دابمەزرێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ژنان.

## کۆچی ناوەختی ئەندامێکی یەکیەتیی ژنان



ڕۆژی چوارشەممە ٢٧ بەفرانباری ١٣٨٥، خاتوو زارا قاسمی، هاوسەری هاوڕێی پێشمەرگە حوسێن مەحموودیان، لە حاڵێك دا کە بۆ عەمەلی سینوزیت چووبووە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر، لە ئاکامی کەمتەرخەمی کادری پزیشکیی نەخۆشخانەکەدا گیانی لە دەست دا.

زارا قاسمی کچی مام مینە، خەڵکی "تاچیناوێ"ی نزیك شاری شنۆ بوو. کە دواتر لەگەڵ ئەندامێکی چالاك و بە بیروباوەری دیکەی حیزبی دیموکرات بە ناوی کاك حوسێن مەحموودیان ژیانی هاوبەشیان پێك هێنا. ئەویش وەك مێردەکەی لە تەشکیلاتی نهێنیی حیزب دا لە ساڵی ٦٩وە بە سەربەرزیەوە ئەرکی ئەندامەیتی خۆی جێبەجێ کرد. ئەو بنەماڵەیە بە دوای خۆپیشاندانە خوێناویەکانی هاوینی دوو ساڵ لەمەوبەری شاری شنۆ، ناچار بوون ژیانی دەربەدەری هەڵبژێرن و لە نێو حیزبی دیموکرات و لە کەمپی جێژنیکان بگیرسێنەوە. هەر لەو کاتەوە خاتوو زارا بووبە ئەندامی یەکیەتیی ژنان و وەك ئەندامێکی چالاك کاری بۆ یەکیەتیی ژنان دەکرد.

ڕۆژی (٢٨ی بەفرانیار) ی ٨٥ تەرمی زارای جوانەمرگ لە لایەن هاوسەرەکەی و ژمارەیەك لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کەمپی جێژنیکان و ژمارەیەك لە کوردە ئێرانیەکانی دانیشتووی کوردستانی عێراق - دەڤەری سۆران، بۆ سنووری حاجی عومەران گوێزرایەوە و ڕەوانەی نێو بنەماڵە و کەس وکاری لە شنۆ کرا تا لەوێ بە خاك بسپێردرێ. هەر بۆیە بەناوی گۆڤاری ژنان سەرخۆشی خۆمان ئاراستەی هاوسەرو جەگەرگۆشە خۆشەویستەکانی و خزم و دۆستانی دەکەین و خۆمان بە شەریکی غەمیان دەزانین. رووحی شاد.

## خۆسوتاندنی ژنێکی لاو لە ناوچەی شنۆ



ژنێکی لاو بە ناوی توبا پەیغامی کچی ئیبراهیم پەیغامی خەڵکی گوندی باب خالاوێ لە ناوچەی شنۆ، خاوەنی کچو کوڕێك، بەهۆی بوونی ناراحەتی و ناکۆکی بنەماڵەیی خۆی ئاور تێبەرداو پاش چوار ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی لە دەست دا.

## خۆسوتاندنی ژنێکی لاو لە پیرانشار



ژنێکی لاوی تەمەن ١٩ ساڵە بەناوی پەروانە دنیا کچی مستەفا دنیا خەڵکی کۆنەخانێ پیرانشار،ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٣٨٥/١١/٩ خۆی سووتاند ناوبراوپاش چوار ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانەی ورمێ واتا ڕێکەوتی ٨٥/١١/١٣ بەهۆی سووتانی بەشێکی زۆری لەجەستەی گیانی لەدەست دا. پەروانە بەهۆی ئەوەی کە بەرخوێنی مامی بوو، بەڵام بنەماڵەی پەروانە لە ناخی دڵەوە بەو مەسڵەتە ڕازی نەبوون. پەروانە بە ناچاری دەگوازرێتەوەو دەچێتەی ماڵی هاوسەرەکەی و پاش ٦،٥ مانگ بنەماڵەی پەروانە، کچەکەیان دێننەوە ماڵی خۆیان. پەروانە کە تازە ژیانی هاوبەشی پێك هێنا بوو، لە دڵەوە بەو کارە ڕازی نەبوو، هەر بۆیە دوایی ماوەیەکی کورت گەڕایەوە لای هاوسەرەکەی. بنەماڵەی پەروانە قسەییان لەگەڵ پەروانە نەدەکرد لەبەر ئەوەی گەڕابۆوە لای هاوسەرەکەی هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە پەروانە ئاور لە دەستەی خۆی بەرداتو کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ.

# چەند هەواڵی زانستی

ئامادە کردنی: خەج





**سەبزیو حافزەی بە ساڵداچووان:**

زانایانی ئەمریکایی رایان گەیاند: بە ساڵداچووەکان دەبێ سێ وادە لە رۆژدا سەوزی بخۆن، چونکە نەخواردنی سەوزی تێکچوونی زەینو رەوتی گەشە کردن حافزە لە کەسانی بەساڵداچوو وەدوا دەخا.

**بۆ ئەوەی تەمەنتان درێژ بێ ماست بخۆن:**

ماست یەکێك لە گرینگترین بەرهەمەکانی حیوانییە کە خاسیەتێکی زۆری هەیە. بە تایبەت، خاسیەتی گرینگی ماست بۆ پێشگیری کردن لە ئارترۆزو ئێسك قیمکردنە. لێکۆڵینەوەی نوێ لەم بوارەدا نیشانی داوە، ئەو کەسانەی کە زۆر ماست دەخۆن، بە هۆی بەهێز بوونی دەزگای (ایمنی) تەمەنێکی زۆرتر دەژین. هەروەها ماست بۆ لە ناو بردنی نارەحتیەکانی معدە باشە.

ئەو منداڵانەی کە شیرینیو شوکولاتێکی زۆر دەخۆن، دەتوانن بە جیگای شوشتنی ددان بە مسواك، لە بەرهەمەکانی شیرو ماست بۆ کەم کردنەوەی (پلاك)ی ددان کەڵك وەرگرن.

**سێو:**

سێو میوەیەکە کە پڕە لە مەوادی کانزایی جۆراوجۆرو ویتامین. ئەم میوە پڕ ویتامینە بە هۆی بوونی مەوادی (فیبری) لە گەشەی باکتری زەرەرمەند پێشگیری دەکاو بە وتەی پزیشکان کەسانێك کە سەرەتانی ریخەڵۆکەیان هەیەو ئەو نەخۆشییە لە نێو بنەماڵەیان دا ئێرسییە، دەتوانن بە خواردنی سێوێك لە رۆژدا سەلامەتی خۆیان دەستەبەر بکەن.

**خواردنی ماستو بەربەرەکانی لەگەڵ ویروسی ئیدز:**

ماست لە پێرێستی ئەومەواددانە دادەنرێ کەلە دژی ئیدز بەربەرەکانی دەکا.

بە گوێرەی راپۆرتی هەواڵنێری سرویسی زانستی لێکۆلینەوەی (ایسکانیون) لێکۆلەرەوان ماست، بۆ بەرهەم هێنانی میکرۆب کوژی دژی ئیدز بکار دەبرێ.

(جیم توربین) لە ئەنیستیتۆی سەلامەتی ئەمریکا گوتی: ئەو دۆزینەوەیە لە مێژووی پزیشکی دا رۆڵی گەورەی هەیە.

بە گوێرەی راپۆرتی (ایسکانیون) خواردنی ماستێك کە خاوەنی ئەم باکتریە بێ ژنان لە تووش بوون بە ویروسی HIVدەپارێزێو زیاتر داوا لە ژنانی ئەفریقایی دەکرێ کە لە ماستە کەڵك وەرگرن.

**دەرمان خانەیەک بەناوی شێلم:**

لێکۆلەرەوان لە سەر خواردنی دائمی شێلم پێدادگرن، چونکە شێلم سەرەرای ئەوە دەرمانە بۆ نەخۆشیەکانی گەروو ئانژین بۆ بەهێز کردنی مێشکو (اعصاب) یش باشە. هەروەها شێلم بۆ نەخۆشیەکانی(برۆنشێتی) قازانجی هەیە. ئەو کەسانەی کە فشارخوێنیان هەیە دەتوانن بە خواردنی شێلم فشارخوێنی خۆیان تەنزیم بکەن.

***

# منداڵان قوربانیانی پەرەسەندنی لە ڕادەبەدەری حەشیمەت

وەرگێڕان لە فارسییەوە: جەلال کشوەردوست



کۆمەڵگەی ئێران ئەگەرچی کۆمەڵگەیەکی لاوە بە باشی چاوەدێری منداڵان و لاوەکانی خۆیی ناکاو نشپارێزێ. ئەگەرچی ساڵی ١٣٧٢ مەجلیسی شۆرای ئیسلامی لانی کەمی تەمەنی منداڵانی کارکەری لە ١٢ ساڵەوە بۆ ١٥ ساڵە بەرز کردەوە، ڕێدراوی بە کارکردنی منداڵان لە کارگەی بنەماڵەییەکان و کەم بوونی کۆنترۆڵی باش بۆتە هۆی ئەوە کە سەرژمێرییە مەزەندەکراوەکانی ڕێکخراوی جیهانی کار نیشان دەدا کە، لە ئێران ٤/١٧ منداڵانی تەمەن نێوان ١٠ هەتا ١٤ ساڵ خەریکی کارن.

لە پاڵ ئەو بەڵایانەی کە مرۆڤی ئەمرۆیی لە مەترسی هاوشێوەو لە پاڵ بەڵا دەستکردەکانی مرۆڤیش، خەریکە وردە وردە دانیشتوانی گۆی زەوی خۆیان بۆ خۆیان دەبنە مەترسییەکی گەورە حەشیمەتی جیهان بە گەشەیەکی ١/٥ نیو سەدەییتر بەرز دەبێتەوە بۆ ٩ میلیارد کەس لە کاتێکدا کە زۆرێك لە وڵاتانی ئەورووپایی لە پیربوونی کۆمەڵگەکەیان دەترسن و نرخی گەشەیی نیگەتیڤ یان هەیە وڵاتانی دەوروبەر بە خێرایەکی سەرسام هێنەر بە حەشیمەت هەروەها بە یەکێك لە دیاردەکانی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە ئەژمار دێت. بەرز بوونی حەشیمەت بە مانایی بەرزبوونی ڕێژەی منداڵان و لاوانە کە لە وەگەڕخستنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ڕۆڵێکی گرینگییان نییە. لە زۆربەی وڵاتانێك کە حەشیمەتی"لاوی" هەیە داهاتی سەرانە کەم و هەژاری زۆر بەربڵاوە.

ئەگەرچی ڕەچاو کردنی سیاسەتگەلێك لە ئێران دا ڕەوتی گەشەی حەشیمەت بە شێوەیەکی هەستیار هێدی کردۆتەوە، زۆر بوونی حەشیمەت هێشتا ڕەهەندێك کار بەدەستانی هەیەو لەگەڵ پەرەسەندنی ئیمکاناتی ئاسوودەیی هاوڕێژە نییە. لە کاتێك دا لە دەیەی شەست ساڵانە زیاتر لە ملیۆن و نیوێك بە حەشیمەت زیاد دەبوو لە دەیەی حەفتا ئەم ژمارە کەم بۆوەو بۆ ٨٠٠ هەزار کەس لە ساڵدا (بە پێی دەرئەنجامەکانی ناوەندی سەرژمێری ئێران نرخی گەشەی حەشیمەت لە ئێران نرخی گەشەی حەشیمەت لە ئێران ١/٢و بە سەرنجدان بە حەشیمەتی ٦٠ ملیۆنی وڵات لە ساڵی ٧٥، ساڵانە ٨٠٠ هەزار کەس بە حەشیمەت زیاد دەبێ.) ئەوەی لە لێکۆڵینەوە لە سەرژمێریە فەرمییەکانی ئێران، کە بە هۆی ناوەندی سەرژمێری ئێران ئامادە کراوە وانیشان دەدا کە ئەگەرچی ڕێژەی لە دایکبوونی منداڵان لە گوندەکان زیاتر لە شارەکانە، نەتەنیا حەشیمەتی گوندەکان رووی لە زیادی نەکردوە، بەڵکوو ژمارەی دانیشتوانی گوندەکان لە ٢٤ ملیۆن لە ساڵی١٣٧٠ کەم بۆتەوە بۆ ٢٣ ملیۆن و دووسەد هەزار نەفەر لە ساڵی ١٣٧٥. کۆچی گوندەکان(کە ژمارەی نێونجی نەفەراتی هەر بنەماڵەیەك، لانی کەم ٥ کەسە)، بۆ شارە گەورەکان پەرەی بە لێوارنشینی و کارگەلی گەندەڵ داوە کە سەرەکیترین قوربانیانی ئەو کارانەش لاوان و منداڵانن.

کۆمەڵگای ئێران ئەگەرچی کۆمەڵگەیەکی لاوە، بەڵام بە باشی چاودێری و پارێزگاری لە لاوان و منداڵانی ناکا. ئەگەرچی ساڵی ١٣٧٢ مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ئێران لانی کەمی تەمەنی منداڵانی کارکەری لە ١٢ ساڵانەوە بۆ ١٥ ساڵ بەرز کردەوە، ڕێپێدراوی بە کاری منداڵان لە کارگە بنەماڵەییەکان و کەمبوونی چاوەدێری بەکەڵك بۆتە هۆی ئەوە کە بە پێی سەرژمێریە مەزەندەکراوەکانی ڕێکخراوی جیهانی کار (ساڵی ١٩٩٥)، لە ئێران ٤/١٧ منداڵانی تەمەن نێوان ١٠ هەتا ١٤ ساڵان خەریکی کار کردنن. لانی کەم بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٣٧٥، ٦٠٠ هەزار نەفەر لە ١٤/٥ ملیۆن کارگەری ئێران لاوان و منداڵان پێکی دێنن. بەڵام وا مەزەندە دەکرێ سەرژمێری ڕاستەقینەکان زۆر لەوە زیاتر بن، ٢٣ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار کەس لە حەشیمەتی ٦٠ ملیۆنی ساڵی ١٣٧٥ کەسانی ژێر ١٥ ساڵ پێکیان هێنا بوو بە

سەرنجدان بەوە کە ١٣ لەسەدی منداڵانی ١٠ هەتا ١٤ ساڵەو ٩ لە سەدی ٦هەتا ٩ ساڵە کە سەرجەم نزیك بە ١٧٥٠٠٠٠ کەس دەبن، ناچنە قوتابخانە بە دوور نیە کە ژمارەی راستەقینەی منداڵانی کارگەر زۆر لەو ژمارە فەرمیيەی کە راگەیاندراوەو نزیك بە سەرژمێرییە مەزەندە کراوەکانی رێکخراوی جیهانی کار بێ.

بە پێی راپۆرتی هەواڵنێری"ئیرنا" بەرێوەبەری گشتی سیاسەتی کەمکردنەوەی هەژاریو قەرەبوو کردنەوەی وەزارەتی رەفا (ئاسوودەیی) کۆماری ئیسلامی، لە رێکەوتی ١٣٨٣/٩/٢٢ رایگەیاندوە:" بە پێی سەرژمێرییەکان زیاتر لە ١٢ ملیۆن کەسی وڵات لە هەژارییەکی موتڵەق دا ژیان بە سەر دەبەنو یەك ملیۆنیش بە دەست برسیەتیەوە ئازار دەچێژێ". زۆرێك لە منداڵانی ئەو بنەماڵانەی کە لە هەژارییەکی موتڵەق دا ژیان بەسەر دەبەن ناچارن بۆ زۆر بوونی لانی کەمی داهاتی بنەماڵەکانیان کار بکەن. هەموو رۆژێك دەتوانین ئەم جۆرە منداڵانە لە کونو قوژبنی شارە گەورەکان دا ببینین کە زۆربەی کات خەریکی کاری گەندەڵی (وەك فرۆشتنی فاڵ یان کەرەسە گەلێکی لە کەلك کەوتوو کە ئەوەش جۆرێکە لە سواڵکەری) یان خەریکی دەس فرۆشین.

گەشەی رۆژ لە دوای رۆژی حەشیمەتو زۆر بوونی لە رادەبەدەرو چاودێری نەکراوی کۆچ بۆ شارەکانو لێوار نشینیو کەلەکە بوونیان لایەنێکی کارەساتباری بە گەرەکە هەژارنشینەکان داوە. ئەم دیاردەیە یەکێکە لە بنچینەکانی پەرەسەندنی منداڵانی ئاوارەی سەرشەقام (خیابانی)و کار کردنی منداڵانە لە جیهان.

بە پێی پێش بینییەکانی یونیسێف



**کۆمەڵگای ئێران ئەگەرچی کۆمەڵگەیەکی لاوە، بەڵام بە باشی چاوەدێریو پارێزگاری لە لاوان و منداڵان ناکا**

نزیك بە یەك سەد ملیۆن منداڵی ئاوارەی سەرشەقام (خیابانی) لە سەرانسەری جیهان دا هەیەو رۆژ لە دوای رۆژ ژماریان بەرەو زیاتر بوون دەچێ. نزیك بە ٤٠ ملیۆن لەم ژمارەیە لە ئامریکای لاتینو ١٨ ملیۆنیان لە هیندوستان دەژین. زۆربەی منداڵانی ئاوارەی سەرشەقامەکان کوڕانی ١٠ هەتا ١٤ ساڵ پێکی دێنن.

سەرژمێرییەکی راستەقینەو دروست لە ژمارەو بارودۆخی منداڵانی ئاوارەی سەرشەقامی ئێران لە بەردەستدا نیە. بە پێی راپۆرتی هەواڵنێری حەیات (ژیان) "بە پێی سەر ژمێرییەکانی یونیسکۆ بەشی ئێران لە منداڵانی ئاوارەی سەرشەقام ٤٠٠ هەزار کەسە ... لەم ژمارەیە بە پێی سەرژمێرییەك کە بەرێوەبەری رێکخستنی خانەی سەوز (ناوەندی ناسینەوەو کۆکردنەوەو چاودێری منداڵانی ئاوارەی سەرشەقام لە تاران) پەیوەندیدار بە معاونەتی شارەداری تاران پێشانی داوە بە بێئەژماردنی منداڵانی وڵاتانی تر نزیك بە ٢٥ هەتا ٣٠ هەزار منداڵ لە تاران ژیان دەکەنو هەموو رۆژێکیش ١٠٠ هەتا ١٥٠ کەسیان لێ دەمرێت لە کۆی گشتی منداڵانی ئاوارەی سەرشەقامی تاران ٦٠ لە سەدی خەڵکی شارستانن کە بە گشتی لە پارێزگاکانی خوراسان، گوڵستان، کوردستان، لورستان، قوم، هورمزگان، خووزستان، کرمان، ئازەربایجانی رۆژئاوا کە رۆیشتوونەتە تاران. یەزد بەتەنیا خێرخوازیەك کەمترین رێژەی منداڵانی ئاوارەی سەرشەقامی هەیە."

بە وتەی "دوکتور سەید حەسەن حوسەینی"، ئەندامی هەیئەتی زانستی تاران، لە ساڵی ١٣٨٢ توێژینەوەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی دیاردەی منداڵانی ئاوارەی سەرشەقام بەرێوە چووە:" بە پێی ئەم توێژینەوەیە کەلە ژێر بارودۆخی منداڵانی ئاوارەی سەرشەقام لە ئێرانو وڵاتانیترو بە ئامانجی دەست نیشانکردنی بارودۆخو پێداویستییەکانی منداڵانی ئاوارەی سەرشەقام بە هاریکاری معاوەنەتی توێژینەوەی علووم بهزیستیو توانبەخشی ئەنجام درا دەست نیشان کرا کە زیاتر لە ٤٠ لە سەدی ئەم منداڵانە پێناسەیەکیان نیە کە دەرخەری هۆوییەتیان بێ بۆ ساڵەکانی داهاتووی ژیانیان، بە وتەی ناوبراو بە داخەوە هیچ ئۆرگان یان رێکخراوێك نیە کە بە شێوەی تایبەت خەریکی مەسەلەکانی ئاسوودەیی منداڵانی ئاوارەی سەرشەقام بێ تەنیا هێندێك ناوەندی خێرخواز ئامادەی وەرگرتنی بەشێك لەم منداڵانەن کە هەتیو بێباوكو یان کوڕانی باوکانی موعتادو زیندانی ئەویش بە مەرجێك لە

ڕابردوودا تووشی تاوان نەبووبێ.

لە ئێران دا چەند نەهادو ڕێکخراوی غەیرە دەوڵەتی بە شێوەی کاتی خەریکی چاوەدێری منداڵانی بێ سەرپەرەستن بەڵام ئیمکاناتی کەمی ئەم ڕێکخراوانە تەنیا بەشی چاوەدێری چەند سەعات یان ڕۆژ گەلێك لە حەوتووی ئەم منداڵانە دەکا ئەم ڕێکخراوانە بە بێ پشتیوانێکی هەمە لایەنەی دەوڵەتو بەبێ بەرنامە ڕێژیەکی هەمە



لایەنە کە دەرمانی بنچینەیی ئەم دیاردەیە بکا تەنیا مەرهەمێکی کاتی دەبێ بۆ سەر ئەم برینە. دیاردەی منداڵانی ئاوارەی سەرشەقامو کار کردنی منداڵان لە دایك بووی ئاڵۆزیە کۆمەڵایەتی‌یەکانی‌ترە کە بە بێ‌بەرنامە ڕێژەیەکی درێژماوەو دانانی سیاسەت گەلێکی هەمەلایەنانە ڕۆژ بەڕۆژ پەرە دەستێنێتو چوارچێوەیەکی کۆنترۆڵ نەکراوو دواهاتێکی کوژەری پیامدهای مهلك لەگەڵ دێ پارێزگاری‌و چاوەدێری کردنیانو پێکهێنانی باردۆخێکی شیاوی ژیان کە ئیمکانی گەشەو پێگەیشتنیان مسۆگەر بکا ئەرکی گشتی کۆمەڵگایە بەڵام هێشتا لە هەر کوێ یەك کارەساتێك قوربانی بوێ منداڵانی بێ‌دیفاع لە ریزی هەرە پێشەوەن نزیك بە نیوەی ٦/٣ ملیۆن کوژراو لە شەڕەکانی ١٩٩٠ هەتا ٢٠٠٣ منداڵان پێکیان هێناوە، بەڵام هەژاری هەروەها جەللادی یەکەمە.

ژێدەر: WWW.Koodekan.com

## پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بارەی منداڵانەوە

**ماددەی ١ ( پێناسە کردن)**

بە گوێرەی ئەم پەیماننامەیە، منداڵ مرۆڤێکە کە هێشتا تەمەنی ١٨ساڵیی تەواو نەکردوە، مەگەر ئەوە کە لە وڵاتانی پێوەندیداردا تەمەنێکی زووتر وەك تەمەنی خۆناسین(بلوغ) لە باری حقووقی‌یەوە دیاری کرابێ.

**ماددەی ٢ ( قەدەغە بوونی جیاوازیدانان)**

١ـ حکومەتەکانی ئەندامی ئەم پەیمانە، ڕەچاوکردنو بەڕێوەبردنی نێوەرۆکی ئەم پەیماننامەیە لە بارەی هەر منداڵێکەوە کە دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەوان، بەبێ جیاوازیدانانو بێ وەبەرچاوگرتنی هەرچەشنە بەستراوەیی‌و جیاوازی لە باری ڕەگەزی،ڕەنگی پێست، جینس، زمان، ئایین، بەستراوەیی سیاسی، پێگەی کۆمەڵایەتی‌و قەومی‌و نەتەوەیی، رادەی سەروەتو سامان نەقوستانی، چۆنیەتی سەرپەرستی کران، دایكو باب‌و هەر هەلومەرجێك کە منداڵ تێی‌دا دەژی، دەستەبەر دەکەن.

٢ـ حکومەتەکانی ئەندامی پەیمان، هەموو هەنگاوێکی پێویست دەنێن تا لەوە دڵنیا بن کە هەر منداڵێك لە هەر جۆرە فەرقو جیاوازی دانانێك لە ئەمان دایەو سەبارەت بە بیروڕا دەربڕینو ڕوانگەو بۆچوونو تێکۆشانی دایكو باب، سەرپەرەست یا خزمو کەسەکانی، سزا نادرێ.

# شیعر و پەخشان

## پشکوتنی گوڵەکانی پاییز

سۆهەیلا قادری



چیا پڕ بوو لە بەرخودان
تافگە پڕ بوو لە جوانی
نیرگزە جاڕ لە پاییزدا پشکووتنەوە
هەڵۆکانی بەبێ نیشان
بەرز، بەرز هەر دەفڕین
بەبێ ئۆقرە
چاوەروانی پشکووتنی گوڵێکی گەش،
کانیاوێکی بەرقەدی شاخ،
ببێتەسەرچاوەی ژیان
نیشتمانم بێ ئۆقرە بوو
تازە نێوکی ئازیزیەکی پڕهیوای
بە تیغی جەوهەری خەبات"
بڕی بوو.
ئەو کۆرپە پڕ لە هیوایە
ناوی لێنرا پێشمەرگە
لە سۆزی ئازیزی ناوی،
شنەی شەماڵی دەروونی
هـــەڵـــــی کـــــرد،
شاعیرێك کەوتە کایەوە
قەڵەم لە سر سینگی دەفتەر" کەوتە سەما"
ئەوسا کۆپلەیەك شێعری جوان
لە دایك بوو
هەر ئەو کۆپلە، ئاوا پێشمەرگەی دەلاواند"
ئەی خوێنی شارەگەکانی جەستەی ئازادی
پێشمەرگە،

تۆ لە دەمارەکانی لەشت زیاتر،
لە کوردستان دا بڵاوی
ورەو بیرت،
وەکو پشتێند
لە قەدی وڵات ئاڵاوی.
ئەی هەڵۆکەی دوندی چیا
تەواری بەرزی ئاسمان فڕ
تۆ وەك شاهێن بەرز دەفڕی
تا چاو هەتەرکا، تۆ بەرزی
وەك ئاڵاکەی وڵاتی من
خۆشەوستیت، وەکوو هەتاو
پەلکی زێڕینی بەرداوە
بەسەر شانو باهۆی وڵات
ئەی تەتەری مەردایەتی
کە ئێواران، ئاسمان خوێن خۆرەتاوی مژیو
نوقمی ئاوا بوونی خۆی کرد
تۆ پاسەوانی بەیانی
خۆرهەڵاتی ئازادی
تۆ هێمای بەهێزی، نیشتمانی
تۆ هێند بەرزی
من ئەو ساتەی لە دایك بووم
لە تۆ دوامو تۆم ناسیو
بە باڵای تۆدا کرام

## "........"

لەتیف هەڵمەت

هێشتا چلەم نەچوو بوو
نەمدەزانی لە بێشکە دام
یا زیندان
نەمدەزانی دایکم ناشیرینە یا جوان
هیچیترم نەدەزانی
هەر گریان.
خەوم بینی
فرشتەیەك وەکوو شەستەباران
سەوز وەك دارستان
هێدی هێدی!
هاتە خوارەوە لە ئاسمان
جمگەی سینگمی یەك یەك لێك ترازان
ئەڤینی ئەم
چووم و دۆڵ و شاخ و داخە لە دڵما چاند
ئێستا دڵم هیچی تری تیا نیە
هەر کوردستان، هەر کوردستان

## ماموٚستاکەم

ق ـ ئارەش

.... ئێوارەیە
نە مانگ دیارەو نە خۆرەتاو
لە سووچێکی شەقامی شارەکەم دا
کیژۆڵەیەکی قژ کاڵی، کراس پینە کراو
دانیشتووەو
فرمێسکی گەش بەسەر گونا
سوورەکەی دا
تك تك دێتە خوارێ
هەر کەس بە لایا ئەڕوا
پارەیەکی بۆ فرێ ئەدا
لە نەکاو وا بانگ هەڵ دێنێ
ئای خەڵکینە !
من سواڵکەر نیم،
من کیژی نیشتمانی خەمم
ئەزانی بۆچی دەستم بەرەو ئاسمان
گرتووە
زاق زاق ئەڕوانێمە زیندانی شار؟
سبەینێ
بەر لە بەیانی، بەر لە شەفەق
ماموٚستاکەم ئەدرێ لە دار!

# ساحیبی سەبران، گوڵان دەچنێ

دایکی نەمام

ئێوارە بوو، چاوەڕوانی یەکەم ڕەنگی خۆرئاوا بوونم دەکرد، بۆ ئەوەی کەلە دەستی ساحیبی سەبران، جوابێکی نامەکەم بۆ بێ و تێر بۆن بە دێڕەکانی دا بکەم. چاو بە ڕەنگیخامەکانی دەستی ئازیزم دابگێڕم، بۆن بە فراژۆترین خاڵی خۆشەویستیدا بکەم.

ئێوارە بوو، لە گزینگی بەیانییەوە، دەرگای دڵم بۆ ساتێکیش دانەخراوەو هەر بە پێوە، هەستەکانم دەلاواند، سەبرتان بێ دڵ و دیدەو دەروونی من، سەبرتان بێ پشووتان درێژ بێ، هەراکا ئێوارە دێ و پۆلێ بازو هەڵۆی شاخم لە ئاسمانی چاوەڕوانی دێنە دەرێ و لە چیاکانی نزیکی شارەکەم دا، لەگەڵ یەکەم تریفەی مانگ دێنە دەرێ و چەپکێکی دی، لەو گوڵانەی دستی دڵدارە پێشمەرگەکەم دەدەنێ.

ئێوارە بوو، چاوی خۆزگەم، لە ئاسۆی دوور دا مەیبوو. لە پڕ ڕەنگی سووروو ئاڵی خۆرئاوا بوون، لە ژێر پەرەی گوڵی زامی دڵدارە پێشمەرگەکەم، هەواڵی ڕاخوشانی ئەستێرەی هەڵنەهاتووی ژێر هەوری چاوەڕانی پێدام، کەچی هەروا بێسەبرانە چاوەڕێتم، ئەی تۆ نەتگووت، بەدەیان جار بە گوێت دانەچرپاندم، سەبر بگرە ئازیزەکەم، ساحیبی سەبران گوڵان دەچنێ! ؟

ئازیزەکەم، نووری دڵان، سەبری من لە نیشتمانی پڕ لە زام چەپکێك گوڵی زامی چنیو لە بەرۆکی ئەو ئێوارە چاوەڕوانییەیدا، کە بێسەبرانە چاوەڕێی بوو، گوڵی تێدا بچێنم.

بۆ منیرەی ساحیبی سەبران کە گەڵچنی ناکام بوو.



# سەمای پەنجەکان

تیشکە محەممەد پوور

ڕەنگەکان چەند تاریکن
دەنگەکان چەندە کپ
ڕێـگـا کـورتـو
سەفەریش درێژ،
شێتانە دەمهەوێ
لەسەر دڵی بەردێك
گوڵە نێرگزێ بڕوێنم
کەچی قەدەر"با" لێ ناگەڕێ
پـەنـجەکـانم
لەگەڵ سەمای گیان ڕاهاتوون
سەربزێون
بڤەو
عەیبە
نــە
نازانن
کولکە مەلاش لێ ناگەڕێن
نیگام لە فڕین لە دایك بووە
نــە لــە قـەفـەز
نــە لــە پـەچـە
نە لە نزمی ئۆقرە دەگرێ
نە دەستە مۆێ ماڵێش دەبێ

# ئەو شێعرانەی لە دەنگت دا دەخورێنەوە

مەحموود شێرزاد

ـ ١ ـ
کانی.... کانی
بە دەماری یادێکم دا دەتخۆمەوەو
سەوز... سەوز
وینەت لە نێو باخێکی خاك
دەکێشمەوە
باران... باران
ناوت لەسەر چاوی کانی
لەسەر چڵی دارەستانەکان دەنووسم
چاوە... چاوە
با کانییەکان برژێنەوە.
ـ ٢ ـ
بە تەنیا تۆ
ئەی وڵاتە چاو رەشەکەم
بەشێعرێ دەت کەم بە قاسپەو
دەت دەم بە کەو
با کێو بێو گۆرانی نەبێ،
بە تەنیا تۆ ئەی وڵاتەکەم چاورەشەکان
دەت کەم بە شێعری یارێكو
دەت دەم بە ژوان
تا لە وێستگەی بارانی ماچ
بەیەك بگەین.
ـ ٣ ـ
دریا، ئەوینە
لە دڵی دا مەلەی تێدا دەکەن
ماسیی دیل
هەڵفرین خەونێکە
هەموو ساتێ نووقمیان نەکا
دەمرن
گوڵم ئەوینی هەڵفڕین
لە خەونی ماسییەکان فێر بووم
لە شووشەدا.

# هەڵۆ ئەڤیندارترین باڵندەی دنیا

وەرگێڕانی: نەرمین عوسمانی



به بێشك، دەبێ هەڵۆ بە سەمبولی بەهێزبوونو بە غیرەت بوون لە دنیای ئاژەڵان دا ناوزەد بکرێ. لە سەردەمی ئێمەدا ناوو شکڵی هەڵۆ بووە بە سەمبولی بەشێکی زۆر لە ولاتانی دنیا کە خۆیان بە، بەهێز دەزانن، دەبێ بڵێین کە لە سەرانسەری مێژووی مرۆڤایەتیداو لە کاتی دانانی سنوورەکان لە نێوان ولاتەکان دا، هیچ ئاژەڵێك نەیتوانیوە وەك هەڵۆ سەمبوڵی ناو یان ئالای ولاتانی جۆراوجۆر بێت. بەشێکی زۆر لە کارناسانی کاروباری ئاژەڵو ئاژەڵداری لەسەر ئەو باوەڕەن کەلە واقیعدا هەڵۆ، پڵنگێکە کە سەرەڕای تایبەتمەندییەکانی ئەم ئاژاڵە دڕەندەیە ٢ باڵی بەهێزی بۆ فڕین هەیە، باڵ گرێك کە دەتوانن خۆی تا نزیك بە ٣ سانتی میتر ببەن بە هەواو پەنجەکانی کە نینۆکی ٩ سانتی میتری هەیە کە دەتوانێ تا ٥ بەرابەری کێشی خۆی راوبکا یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە تایبەتیەکانی ئەم ئاژاڵە، ئەوەیە کە راوچییەکی سەیرو سەمەرەیە بڕێك جار دەبینێدرێ کە مرۆڤ بە قازانجی خۆی لەم تایبەتییە کەڵك وەردەگرێت. بۆ وێنە لە ولاتی (قرقیزیستان) لە هەڵۆی قەلایی وەك راوچی گورگو رێویو کەڵی کێوی کەڵك وەردەگرنو پاش راوەکە پێستەکەیان بەکار دەهێنن ئەمە سەرەڕای ئەوەیە کە زۆرجار مرۆڤەکان بە هۆی دڕندەیی هەڵۆوە زەربەی کاریگەری لێ کەوتوە. بۆ وێنە لە ئێران جارێك لە پارکی چنگیزی تاران هەڵۆیەك لە سەعاتی ١ی نیوەڕۆی ڕۆژی سێزدەبەدەر کۆرپەیەك لەبەر چاوی دایكو باوکی دەرفێنێو پاش ٣ مانگ ئێسکەکانیان دۆزیوەتەوە یان جارێکی دیکە لە هەمان پارك دا هەڵۆیەك کورێکی ٥ ساڵان دەرفێنێ ٤ ساڵ لەمەوبەر لە کرماشان کچێکی ١٣ ساڵان لەلایەن هەڵۆیەکەوە هێرش دەکرێتە سەری بەڵام سەرکەوتوو نابێ ( ئەم ٣ وێنەیە لە ڕۆژنامەی **اطلاعات** راکێشراوە).

بەڵام لە پەنای ئەم تایبەتمەندییانەدا کە بۆ پەلەوەرێکی دڕندەو ڕاوچی پێویستە، دەبێ ئاماژە بکرێت بەهێندێك تایبەتمەندی تایبەتی هەڵۆ لە دنیای ئاژەڵدا هەڵۆ بەلانی کەمەوە نیومیترو بەلانی زۆرەوە یەك میتر درێژی باڵەکانی دەگاتە نزیك بە ٣ میتر یەکێك لە گەورەترین باڵندەکانی دنیایە. کێشی هەڵۆ لە نێوان ١/٥ ـ ١٠ کیلۆیە. شێوەی ژیانی هەڵۆ زۆر سەیرەو جێگەی بیرکردنەوەیە ئەم ئاژەڵە تا ١٠٠ ساڵ تەمەنی بەکەلکییەتی هەڵۆ قەت پیر نابێو تادوایین کاتەکانی ژیانی بەهێزێکی زۆرەوە ژیان دەکا توانایی هەڵفرینی بێوێنەیە هەڵۆو غازی کۆچبەری کەنارایی ٢ باڵندەن کە دەتوانن تا ٧٣٠٠ میتر هەڵفرن کەلە نێو باڵندەکانی دیکەدا بێ وێنەیە ئەم ئاژەڵە لە ٢ ساڵیدا جووتی خۆی هەڵدەبژێرێو لە ٦ ساڵیدا ژیانی خۆی لەگەڵ پێك دەهێنێ ژینی هاوبەشی هاوکات لەگەڵ بلوغی دایەو ئەوەندە بەراگرتنی چوارچێوەی بنەماڵەکەی ئێداری هەیە کە تا کۆتایی ژیانی جووتێکی دیکە هەڵ نابژێرێ. تەنانەت ئەگەر جووتەکەشی بمرێ. هەڵۆ جووتێکی دیکە هەڵ نابژێرێ. بەم شێوە ئەسڵێكو بنەماڵەیەك دەگرین لە دنیای پەلەوەران دا ئەویش ئەوەیە کە هەرچەند ئاژەڵەکە دڕەندەتر بێ دڵ ناسك ترو دلۆڤان تر دەبێ. دایکیەتی هەڵۆ دلۆڤانترین پێوەندی نێوان دایكو منداڵە پێوانەی دەوروبەری هێلانەی هەڵۆ ٤٠٠٦ میتری چوارگۆشەیە. هەڵۆ هەر ساڵ



هێلانەکەی بازسازی دەکا کە دەوروبەری ١ تۆن کێشی هەیە.

هەڵۆی دایك (تەوار) هەرجار ٢ هێلکە دەکا کە هەر هێلکەیەکی ٨ بەرابەری هێلکەیەکی ٨ بەرابەری هێلکەی مریشکە. بۆ وێنە یەك لە درەندەیی ئەم ئاژەڵە ئەمەیە: جوجکەی هەڵۆ بە جیاوازی ٢ تا ٣ حەوتوو لە هێلکە دێنە دەر جوجکەی دووهەم کە سەر لە هێلکە دێنێتەدەر لە بواری جەستەیی‌یەوە زۆر لاوازترە لە جوجکەی یەکەم بۆ یەکەم رۆژە جوجکەی گەورەتر هێرش دەکاتە سەری‌و لە ناوی دەبا ئەمە لە حاڵێك دایە کە دایکیان چاوی لەو شتەوە هەیە. تەوار بە لەسەر خۆیی‌یەوە دەیهەوێ بەچکەکەی راوکردن لە یەکەم ساتەکانی ژیانیەوە فێر بێ‌و دووهەم ئەسڵەن لە سروشتی وەحشی دەسەلمێنێ ئەوەی بەهێزترە زیندوو دەمێنێ لە ژیانی بنەماڵەیی هەڵۆدا شوناسی ژن‌و ژن سالاری قسەی یەکەم دەکا. تەوار کە لە بواری جەستەیی‌یەوە زۆر بەهێزترو گەورەترو لە هەڵۆی نێر (٣٠٪) درەندەترو بێ‌باکتریشە. لە کاتی هێلکە دانان دا هەڵۆی نێر ئەرکی خەوتن لەسەر هێلکەکانی لەسەر شانەو تەواریش ئەرکی راوکردن.

ئەوین‌و ئەوینداری هەڵۆ لە ئاسمان داو لە شوێنگەی بەرز( لەو شوێنانە کە مرۆڤ تەنیا بە فرۆکە دەتوانێ بچێ). لەو جۆرە دیمەنانەی‌یە کە مرۆڤ بە کەمی دیویەتی....

هەڵۆی نێرو مێ عەشقی ژیان لە کاتی هەڵفرین دا دەردەبڕن‌و ئەوەندە یەکتریان خۆش دەوێ کە یەکتر لە بەرزترین شوێنی ئاسمان بەلێنی خۆشەویستی‌و هاوڕێیەتی دەبەستن. پەنجە لەنێو پەنجەی یەکتر دەنێن‌و چەندین سەعات بەم شێوەیە پێکەوە هەڵدەفڕن. لێك حاڵیبوون‌و دەرکی دوولایەنە لە نێوان هەڵۆو تەوار زۆرجار بینراوە ئەوان کاتێك لە ساڵ ( لە یەکەم رۆژەکانی زستان دا) تەرخان دەکەن بۆ کایەو گاڵتە کردن پێکەوە هەڵۆ کەروێشکێك راو دەکاو دەی‌باتە بەرزایی ئاسمان‌و لە تەنیشت تەوار بەری دەداتەوە پاشان تەوار لە نیوان زەوی‌و ئاسمان دا بە چەنگەکانی دەی‌گرێتەوە. ئەم کارەش چەندین سەعات درێژەی هەیە کە یەکێکە لە کایە هەرە باوەکانی نێو بنەماڵەی هەڵۆ.

لە دنیای پەلەوەران دا هەڵۆی مێ (تەوار) یەکێکە لە فیداکارترین‌و دان بەخۆداگرتووترین دایکانی جیهان تەوار تا تەمەنی ٢ ساڵی دەبێ چاوەدێری لە منداڵەکانی بکاو هیچ کات لە ماڵ دزی ناکا. هەر کات منداڵ بەو ئاستە دەگا کە توانای بەرێوەبردنی ژیانی خۆی هەیە. هێلانە بەجێ دەهێڵێ‌و دەڕوا بەلای ژیانی خۆیەوە. هەڵۆ هەڵفڕین دەزانێ بەڵام تکنیك‌و تاکتیك (چۆنیەتی) هەڵفڕین لە دایك‌و باوکی‌یەوە فێر دەبێ. هەڵۆی‌یە ئەسیلترین‌و ئەڤیندارترین باڵندەی دنیایە یاساو رێسای بنەماڵەی هەڵۆ یەکێك لە پاکترین‌و خاوێن ترین ئەخلاقیان لە ئوسوڵ‌و بنەما ئەخلاقیەکان لە نێو ئاژەڵاندایە جووتگیری هەڵۆ تایبەتە بە هەڵۆکانی دیکە یانی هیچ کات پێش نایەت هەڵۆ لە بنەماڵەی خۆی جووت هەڵبژێرێ کە ئەم تایبەتمەندی جیاوازی‌یەکی قووڵی خستۆتە نێوان ئەو لەگەڵ پەلەوەرەکانی دیکەوە.

***

# لە خۆمانەوە دەست پێبکەین

وەرگێڕان بە هێندێک دەستکاری: حامید.خ

پێویست بە شیکردنەوەو ڕاڤە کردن نیە بە لەبەر چاو نەگرتنی ژنان لە بنەماڵەو کۆمەڵگادا بەستراوەتەوە بەو نیزامە حاکمە بە سەر ئەو وڵاتە پیاوسالارییەدا .

ژنانی جیهان دەبێ بە هەموو تواناو هێزەوە لە سەر دژایەتی کردنی خۆیان بۆ لە ناو بردنی ئەو نیزامە کۆنە پەرەستانە سوور بن. ژنانی پێشکەوتوو لە هەر تاقم و دەستەو بەهەر بیرو باوەڕێک و سەر بە هەر مەکتەبێکی سیاسی بن، بۆ لە ناو بردنی جیاوازی و ستەم و دیفاع لە مافی خۆیان دەبێ کات بە فیڕۆ نەدەن و دژایەتی خۆیان دەربڕن.

ژنانی ئەمڕۆ لە سەر ئەو باوەڕەن کە هەر نیزامێک، چ سەرمایەداری و چ سوسیالیستی بێ، زۆر جار مافەکانیان لە بنەماڵەو کۆمەڵگادا ژێر پێ دەخرێ و ئەو کارو کردەوە تایبەتە بەو نیزامە پیاو سالارەی دوا کەوتووانە بێ عەداڵەتی و نایەکسانی بە نیسبەت ژنەوە دەکرێ بەڵام.. کۆماری دژە ژنی ئیسلامی ئێران، لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە مافی ژنانی ئێرانی لە ژێر پێ ناو داکۆکی لەسەر ئەوە کرد کە پیاو هەقی بەسەر ژنەوە هەیە.

کۆماری ئیسلامی بە بەڕێوە بردنی ئەو یاسا کۆن و دواکەوتووانەی خۆی وەک پێکهێنانی ژیانی هاوبەش(ئیزدواج)، تەڵاق، تۆڵە سەندنەوە(قساس)، میرات، بەرتەسک کردنەوەی خوێندنی ژنان، نەدانی کاری ئیداری بە ژنان، جیاوازی داهات و... بە گشتی لە هەموو ژیان بێبەشن. ئەگەرچی نیوەی کۆمەڵن بەڵام مافیان پێشێل کراوە.

شاراوە نیە ئەو یاساو قانوونە کۆنە پەرەستانەیەی کە پیاوان هەر ئەو پیاوانەی لە کۆمەڵی(پیاو سالاری) بە دەسەڵات دەگەن لە کۆمەڵگاو بنەماڵەدا ئەو فەرهەنگە بەڕێوە دەبەن. ستەم لە ژنانی ئێران پێویستی بە بەربەرەکانییەکی بەربڵاو هەیە. چەسپاندنی یاسایەکی پێشکەوتووو بەرابەریی مافی ژن و پیاو، تەنیاو تەنیا لە حکوومەتێکی دیموکراتیک نەبێ کەس ناتوانێ ئەسڵی بەرابەری و یەکسانی بەرەسمی بناسێ بەڵام. . .

دیموکراتیک هاتە سەرکار، پیاوان ئەو یاسا کۆنانەی کە دژ بە ژنان لای دەبەن و بە جێگەی ئەو مافی ڕاستەقینەی خۆیانیان پێ دەدرێ؟

ئەگەر چاوێک بە مێژوودا بخشێنینەوەو چاو لە ئەزموونی مێژووی وڵاتەکانی تر بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە ژنان لە هەموو شۆڕشەکانی نەتەوەیی و نیشتمانیدا سەهمێکی گەورەیان هەبووە. بەڵام دوای کۆتایی هاتنی، فیداکاری ئەوان لە بەرچاو نەگیراوە.

دەزانین کە مافی ژنان لە کۆمەڵگادا

> **ئەگەر چاوێک بە مێژوودا بخشێنینەوەو چاو لە ئەزموونی مێژووی وڵاتەکانی تر بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە ژنان لە هەموو شۆڕشەکانی نەتەوەیی و نیشتمانیدا سەهمێکی گەورەیان هەبووە. بەڵام دوای کۆتایی هاتنی، فیداکاری ئەوان لە بەرچاو نەگیراوە**

هەتا هاتنەسەرکاری حکوومەتێکی دیموکراتیک دەبێ چ بکەین؟

ئایا دەتوانین دەست لە سەر دەست دابنێین و چاوەڕوانی پیاوان بن کە بۆ خۆیان وشیار بنەوەو یاسایەکی پێشکەوتوو بچەسپێنن و ئاڵوگۆر بەسەر کۆمەڵگادا بێنن؟ خەیاڵی خاوەو ئارەزووی کۆنە، لە ناکاو بگۆڕین و ئەو بیروباوەڕە کۆنە لە سەریان بەرنەدەر.

ئەگەر هاتوو حکوومەتێکی

بەستراوەتەوە بە هەموو پێشکەوتن و زانیارییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە. بێشک ئەو کۆمەڵگەیەی ئێستای ئێران ناتوانێ وەڵامدەری ژنانی ئەمڕۆ بن.

پیاوانی (پیاوسالار) هەر لە داوێنی ژنان دا گەورە بوون و بە چەسپاندنی یاسای دژ بە ژن و بەڕێوەبردنی لە کۆمەڵگادا هەموو ڕۆژێ مافی کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی دایکان، خوشکان و هاوسەرانی خۆیان لە ژێر پێ



دەنا.

**ئەرکی ئێمە چیە؟**

ئێمە وەک ژنان یا خەڵکێکی ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگایە چۆن دەتوانین ئەو هەموو جیاوازیەی کە لە دەورووبەرمان دا هەیە چارەسەر بکەین؟

وەک ژنان دەبێ هەموویان ئاڵوگۆڕێکی بنەرەتی بەسەر ئەو یاسا کۆنانە دابنێنو ئەرکی سەرشانمانە کە سازمان یا ڕێکخراوێکی ژنانی شۆڕشگێریان ڕێکخراوێکی پێشکەوتووی فیمینیستی پێک بێنن. ئێمە ناتوانین داوای ئازادیو بەرابەری مافی ژنو پیاو لەو (پیاوسالارانە) بکەینو هەر لە ماڵێ دانیشینو بڵێین بە تەمای خودا، ئاوا هیچ کارێک ناکرێ بەڵکو زیاتر ئەو یاسا نامرۆڤانەیە بە سەر کۆمەڵگەدا زاڵ دەبێ.

ئەگەر چاو لە هێندێک بنەماڵەی سوننەتی بکەین باوکو کوڕ وەک سەرۆکی ئەو بنەماڵەیە وانو نابەرابەریی نێوان ژنو پیاو لەوێدا زۆر بەجوانی دەردەکەوێ.

دایک لێرەرا دەتوانێ بۆ پێگەیاندنی منداڵەکانی زیاتر کاریگەرییان لەسەر دابنێ. لە بنەماڵەکانی ئێران بەتایبەتی لە کوردەوارییدا خۆمان دا هێندێک لە دایکانن کە فەرقو جیاوازی لە نیوان کچو کوڕ دادەنێن.

دیسان دایکانن لە بنەماڵەدا منداڵەکانیان بە دوو دەستە دابەش دەکەن کوران و کۆیلەکان.

هەر لە سەرەتای منالیەوە خۆیان لە خزمەت کورکان دەنێنو کچان وەکوو خزمەتکارێک لە ناو بنەماڵەدا چاو لێ دەکەن یان وەک ئەرکێک دەبێ دایم کار بکەن وەک بە میرات پێیان گەیشتبێ. دایکێک کە کورەکەی ئیزن دەدات بە سەر خوشکی دا حاکم بێت هەر وا دەبێ مافی کچەکە پێشێل دەکرێتو کورەکە کچەکە لە ژێر چەپۆکەی خۆی دەنێ. دایک دایم چاوەڕوانی ئەوەی لە کوڕ نییە کە بۆ خۆی جلو بەرگ بشوات، ئوتو لێ بدا، خواردن دروست بکاو... چونکە دەڵێ ئەوە کاری ژنانە!! کچ دەبێ بۆ داهاتوو، بۆ ژیانی هاوبەش ئامادە بێت. کوڕ لە ماڵێدا هەڵسووکەوتی دایکو باوک دەبینێو ئەو مەیدانەی کە لە چاو خوشکەکەی زیاتر پێی دراوە خۆ بە زیاترو گەورەتر لەو دەزانێ خۆیان بە شێوە شلو شەوێڵی، بێسەرەوبەرەیی، بێ مەسئوولییەتی لە کاروباری ماڵدا مەحکووم ناکەن.

کوڕ هەر لە سەرەتای ژیانەوە هەرچی فێری دەبێ لە داهاتووش دا دیارە دایدەبەزێنێ. یانی هەر ئەو یاسا کۆنانەی کە لە کۆمەڵگادا بینیویە ئێستا لە دژی ژنانو سازمانی مافی مرۆڤ کەڵکی لێ وەردەگرێ.

ئێمە ناتوانین منداڵەکانمان وا فێر بکرێن کە لە داهاتوودا دژی ئەو قانوونو یاسا چەوتانە بن. پیاوانی ڕۆشنبیرو ژنانی پێشکەوتووو زانا هەر لە ماڵە خۆیانەوە دەبێت دەست پێ بکەن. دایکو باوک توانای ئەوەیان هەیە کەلە بنەماڵەدا فەرقو جیاوازی لە نیوان کچو کوڕدا نەکەن. هەر لە منالیەوە وەک یەکیان چاو لێ بکەن مافی ژن نابێ لە بنەماڵەو کۆمەڵگەدا لە بەر چاو نەگیرێ. بە هەوڵو تەقەلای زیاتر نەکردنی ئێمەو بە ئومیدی ئەوەی کە یاسای پێشکەوتوو بە دەستی پیاوانی (پیاو سالار) دێتە سەر کار، دانیشتنی ئێمە کارێکی نا"معقول"ەو بەس.

ژنانی ڕۆشنبیری ئێران نابێ ئەوەیان لە بیر بچێتەوە فەرقو جیاوازی دانان لە نیوان کچو کوڕ زیاتر لەوە بێ. دەبێ شێوەی ئوسوولی بەکار بهێنرێت نابێ لەو زیاتر بێڵن کات بە فیڕۆ بچێ. وەرن هەر لە ئێستاوە دەست پێبکەین ئێستاش درەنگ نەبووە. ئەگەر ئێمە باوەڕمان بەستراوەتەوە بە هیممەتی ژنان. دەبێ منالەکانمان وافێر بکەین کە مافی زیاتر بە دایکو خوشکو هاوسەرەکەیان بدەن.

هیوادارم کەلە کۆمەڵگایەکی ئازاددا ژنو پیاو شان بە شانی یەکتر دژی یاسای کۆنی دەورانی( پیاو سالاری) بوەستن.

سەرچاوە: "راه ازادی" ژمارە ٢٥ ل ١٠

نووسینی: زهره

****

# ئەو ئارەزووانەی کە وەك پەڕی گوڵ ناسکن.....!

نووسینی: شاناز



ئێوارە بوو پێش خۆرئاوا بوون، لەو هاوڕێ ئازیزەم دەگەڕام کە زۆر پێویست بوو بیدۆزمەوە، چونکە زۆرم کار پێی بوو. زۆر گەڕام بە دوایدا تا دۆزیمەوە، دیتم بە تەنیا لە بن دارێك مات دانیشتبوو، لە ناو خەیاڵدا بوو، دەستیشی خستبوو ژێر چەناگەی. منیش وردە وردە لێی نزیك بوومەوەو چوومە بەردەمیو پێم ووت: (هاوڕێکەم جێژنی لە دایك بوونت پیرۆز بێ... قابیلی تۆی نیە....).

کاتێك سەری بەرز کردەوەو چاوی لێکردم، چاوە جوانەکانی پڕ بوون لە فرمێسكو وتی: ( تۆ لە کوێ زانیت کە ئەمڕۆ جەژنی لە دایك بوونمە؟!)

- منیش پێم وت:خۆت پێمت وت، یادت نیە؟ ئەو کاتەی کە بۆ یەکەمین جار لە قوتابخانە پێکەوە ئاشنا بووین، وردە وردە بووین بە هاوڕێی گیانی بە گیانی یەکتر. نەك هەر من زانیومە کە ئەمڕۆ جەژنی لە دایك بوونتە، بگرە کەس گەلێکی تریش هەن کە زانیویانەو دیاریان بۆت داناوە، بەڵام جەنابت خۆت لێمان شاردۆتەوە؟!

- ئەویش دیارییەکەی لێ وەرگرتمو وتی: سوپاس، دەستەکانت خۆش بن.

- ماوەیەکی کورت هەردووکمان بێدەنگ بووین، منیش چووم لە لای دانیشتمو هەر وەکوو جاران دەستم بە جەفەنگ لێدان کرد، بەڵام ئەو هیچ وەڵامێکی منی نەدایەوەو سەری داخستبوو. پێم وت: هاوڕێ گیان چیە لە جیاتی ئەمڕۆ زۆر دڵخۆش بی، بەڵام بە پێچەوانەوە لە هیچ ڕۆژانی تر ناچیت بۆ هیچ وەڵامم نادەیەوە خۆ هیچ نەبووە؟

- هەناسەیەکی قووڵی هەڵ کێشاو وتی: بیر لەو ساتە بە نرخانە دەکەمەوە کە هەروا بە ئاسانی خەریکە لە دەستم دەچێ، نازانم چی بکەمو ڕوو لە کوێ بکەم؟ هاوڕێکەم من تۆم زۆر خۆش دەوێ، بە ڕاستی تۆ زۆر میهرەبانی، نازانم بە چ شێوەیەك بتوانمو ڕۆژێ دابێ چاکەی ئەو هاوکاریانەی تۆ بدەمەوە؟ هیوادارم ڕۆژێ دابێ بە ئاواتەکانی خۆت بگەیو منیش لە نزیکەوە شاهیدی بم.

- منیش پێم وت: پێویست بەم قسانە ناکا، چونکە منو تۆ هاوڕێی یەکترین لەوانەیە ڕۆژێ دابێ منیش پێویستیم بە هاوکاری تۆ هەبێ چی بکەم دنیا هەر وایە.....

- بە خوا ئەزانم بەڵام بڵێم چی خۆ ئێمەی کچان هەموومان لە کۆمەڵگایەکی

وا داین کە بۆ خۆمان ناتوانین هیچ بڕیارێکی وا بدەینو بە دڵی خۆمان هاوسەری خۆمان هەڵ بژێرینو کەوتووینەتە داوی فەرهەنگی باوك سالاریو پیاو سالاری کە دەبێ بە ئارەزووی ئەوان شوو بکەینو بە دڵی ئەوان بجووڵێینەوە خواش دەزانێ دوا ڕۆژمان چۆن دەبێ؟ نزیك بە دوو ساڵو سێ چوار مانگ دەبێ، پەیمانی خۆشەویستیم لەگەڵ پیاوێك دا بەستوە، بە دڵو بە گیان یەکتریمان خۆش دەوێ، بۆ تەنیا چرکەیەکیش ناتوانم لە بیری کەم، کە لە یەکەمین ساتەکانی خۆشەویستیدا باڵی بە سەردا کێشاوینو لە یەکەمین دەقەوە کە قەت خیانەت بە خۆشەویستیو ئەویندایمان نەکەین، چونکە خۆشەویستی لە لای من وشەیەکی زۆر پیرۆزو جوانە، وشەیەکە قەت بۆم وەسف ناکرێ بە بڕوای من چەند جۆر خۆشەویستی هەیە:

١ـ خۆشەویستی دایكو باوكو خوشكو براو کەسو کار

٢ـ خۆشەویستی نیشتمان: ئاوو خاكو چیاو بە هەموو ئەو شتانەی کە لە وڵاتەکەت دا هەبێ.

٣ـ خۆشەویستی تاکە کەسی: ئەو کەسەی کە تا مردن لە گەڵت دادەژیو دەبێتە هەموو ئاواتو ئارەزووەکانت.

بەڵام خۆشەویستی تاکە کەسی زۆر جیاوازە، خۆشەویستی کوڕو کچێکی لاوو تازە پێگەیشتوو کە هەزار ئاواتو ئارەزوویان هەیە، بە هیوای ئەوەن کە هەرچی زووتر هەموو خەونو ئاواتەکانیان بێننە دی. بەڵام خۆشەویستی لای جیهانی سێهەم.

ـ خۆشەویستی لە لای هەر یەکە لە ئاشقانو ئەویندارانی ڕاستەقینە وەك پەڕەی گوڵ ناسكو گەشو جوانە وەك ئاوێنە شەوقی خۆی دەداتەوە.

ـ تەنیا چەند مانگ بوو پێکەوە بووین خۆشەویستی تەواو باڵی بە سەرداکێشا بووین، بەڵام چ خۆشەویستییەك تەنیا ئەگەر بە دوومانگ جارێك چاومان بە یەکتری کەوتبا، دەنا زۆر لە یەکتری دوور بووین، تەنانەت جاری وابوو نامەکانیشمان ئەوەندەی درەنگ دەگەیشتە دەستی یەکتری کە هەموو شت وەختی بەسەر دەچوو.

ـ ڕۆژێکی پاییز بوو گەڵای دارەکان وردە وردەو لە سەرەخۆ بەدەم کزەبای فێنکی پاییزەوە دەکەوتنە خوارەوەو منیش لە ناو حەوشەکەمان دانیشتبوومو ئەو گەڵایانە سەرنجی ڕاکێشا بوومو سەیرم دەکرد کە چەند بە هێواشی دەکەوتنە سەرزەوی پاییزیش خەریکە وردە وردە لیباسی دارەکان دادەکەنێ. تەواو لە ناو خەیاڵدا بووم، لە ناکاو یەکێك لە دەرگای داو دیتم ئەویندارەکەم بوو، منیش ماوەیەکی کورت ڕاوەستامو توانای قسەکردنم نەبوو، هەموو گیانم دەلەرزی وتم: فەرموو وەرە ماڵەوە، ئەویش هاتە ماڵەوەو سڵاوم عەلەیەكو چاكو چۆنیو ئەمانە..... دوایی چووە ماڵەوەو لەگەڵ باوکمو دایکم دانیشتنو خەریکی قسە کردن بوون، بەڵام براکەمو خوشکەکەم هیچیان لە ماڵەوە نەبوون.

کاتێك کەوتنە قسە کردنو قسەیان گەرم کرد بوو، منیش لە پشت دەرگاکەوە خۆم مات دابوو گوێم لە قسەکانیان شل کرد بوو، بەڵام باوکم هەر دەی وت من نایدەم بە تۆ...

منیش کاتێك ئەوەم بەو شێوەیە بینی وەختێك کە ڕۆیشت زۆر ترسامو موچرکە بە لەشم دادەهات. دایكو باوکم وایان دەزانی کە ئاگام لە قسەکانیان نەبووە، کە بۆ چ کارێکیش هاتبوو؟ بە ڕاستی خۆمم

**ئێمە کچان هەموومان لە کۆمەڵگایەکی وا داین کە بۆ خۆمان ناتوانین هیچ بڕیارێکی وا بدەینو بە دڵی خۆمان هاوسەری خۆمان هەڵ بژێرینو کەوتووینەتە داوی فەرهەنگی باوك سالاریو پیاو سالاری کە دەبێ بە ئارەزووی ئەوان شوو بکەینو بە دڵی ئەوان بجووڵێینەوە خواش دەزانێ دوا ڕۆژمان چۆن دەبێ؟**

پێ ڕانەگیراو هاتمە قسە کردن وتم: بابە گیان! بۆ چی هاتبوو، باوکیشم لە سەرەخۆ وتی: بۆ داوایی تۆ هاتبوو. وتم: جا ئێوە چیتان پێ وت: لەو قسانە دابووین باوکم زۆر لێم توورە بوو، وتی: هەڵسە لە بە رچاوم وون بەو بڕۆ دەرەوە، ناچار هەڵسامو هاتمە دەرەوە زۆر نارەحەت بووم فرمێسکەکانیش بە چاوانما دەهاتنە خوارەوە. بۆ ماوەیەکی زۆر لێم توورە بوون، هەمیشە قسەی سووكو ناخۆشیان پێدەکوتم، نەم وێرا هیچ قسەیەك بکەم، نەم دەزانی چی بکەم تەواو سەرم لێشێوا بوو؟ بەڵام پەیوەندی خۆشەویستیمان نەپچڕاند.

ـ دوای چەند مانگێکی پێچوو دووبارە ناردییەوە داوام، بەڵام وەڵامی ئەمجارەشیان هەر نا بوو بە هیچ ڕازی نەدەبوون، وایان دەزانی کە کوڕێکی خراپو بێئەخلاقە، بەڵام لە هەموو ئەمانە بە دوور بوو تا بڵێی کوڕێکی هێمنو لەسەرەخۆو ژیر بوو.

ـ ڕۆژێکیان زۆر قسەیان پێی گووتم نەم دەزانی چی بکەمو چۆن هەڵوێست بگرم لە

گەڵیان دا، هەرچی قسەم دەکرد گوێیان بۆ هیچ قسەیەکم شل نەدەکرد، تەنیا بەشم گریان بوو قسەی خەڵکیش لەو لاوە بوەستێ، خەڵکێکی دواکەوتووو کۆنە پەرەست؟!..

ـ بە ناچاری هەڵسامو مردن خۆشتر بوو لەو ژیانەی من هاتم خۆم بکوژمو لەم دەردە ڕزگارم بێ، بەڵام کارەکەم سەری نەگرتو بگرە بۆ ماوەی چەند ڕۆرژێك لە نەخۆشخانە مامەوە، بەڵام نەم هێشت کەس بەم کارەم بزانێ. لە کاتێك دا کە لە بیمارستان بووم، خۆشەویستەکەم کەلەوێ بوو، بۆ لای هاوڕێیەکەی هاتبووسەردانی بکا. لەو کاتەدا دەرگای ژوورەکەی منیش کرابۆوە، کاتێك چاوی بە من کەوت یەکسەر هاتە ژوورەوە، نەمزانی چی بکەم دڵم پڕ ببوو، تاقەتی جواب دانەوەی سڵاوەکەشیم نەبوو، زۆری هەوڵ دا لەگەڵم کە بۆچی نەخۆشم، بەڵام ڕاستیم تەنانەت بەویش نەوت. لە دوایی‌دا بە خۆمم دەوت: باشە ئەگەر من مردبام چی بۆ بەجێ دەما تەنیا خەمو خەفەتو نارەحەتی، بەڵام خۆشم زۆر لەو کارەی خۆم نارەحەت بوومو خۆم سەرزەنیش کرد کە بۆ چی ئەو ڕێگایەم هەڵبژارد زۆریش پەشیمان بوومەوە، بەڵام چی بکەم کۆنترۆڵ کردنم لە دەست خۆم دا نەبوو زۆر بێزار ببووم.

ـ دوای ماوەیەك کە هیچ شتێکی لە لای کەس باس نەکرد، دوای هەموو شتێکم بۆ باس کرد زۆر لێم نارەحەت بوو قسەی پێ کووتم؟

ــدوای ساڵێك بەسەر خۆشەویستیمان تێپەڕی، بۆ جاری سێهەمیش ناردیەوە داوام. وەڵامی ئەمجارەشیان هەر نا بوو، بەڵام کە بێ ئەوەی ئاگاداری هیچ شتێك بم منیان دابوو بە کوڕێکی خزمی باوکم. ئیتر منو ئەویندارەکەشم تا ماوەیەکی کورت وازمان لە یەکتری هێناو هیچ بڕیارێکی وامان نەدا، تەنانەت بۆ ماوەیەکیش وازمان لە هەموو شت هێنا بوو، بەڵام دڵی هیچ کاممان تاقەتی نەگرت، چونکە ئەو خۆشەویستی‌یەمان تێکەڵ بە خوێنمان ببوو ڕیشەی داکوتا بوو، خۆشەویستی‌یەکی پاكو بێگەردو بێخەوش باڵی بە سەرمان دا کێشا بوو، پڕ بوو لە سۆزو خۆشەویستی‌و میهرەبانی.... .

ـ ڕۆژێکیان بە ڕێگادا دەڕۆیشتم ئەویش بەرەو ڕووم هاتو سڵاوی لێکردم، من بە هیچ شێوەیەك نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسك، بەڵام قەت قەت ئەو ڕۆژەم لە بیر ناچێ ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ من....

ــ ڕۆژێکیان دایکمو باوکم منیان بانگ کردو هەندێ قسەیان لەگەڵ کردمو پێیان وتم کە تازە ئێمە تۆمان داوە بە شوو(بە کوڕە خزمی باوکم) دەبێ مێردی پێبکەی کە کوڕێکی زۆر باشەو هەروەها خزمی خۆمانە. بەڵام من بە هیچ شێوەیەك ملم نەدا پێم وتن کە دایە گیان من خۆشەویستی خۆم هەیەو قەولمان بە یەکتری داوە یا بۆ یەکتر یان بۆ گڵ. ئەو قسانەم بوو بە هۆی ئەوەی کەوا ڕۆژو شەو لە سەرم بن تا ئەوەی کە کارێکی وا نەکەم ببێتە هۆی مردنم.

ــ منیش قسەکانم پێ بڕیوو پێم وت بەسە ئیدی کەم زووخاو بخەرە دڵی خۆتەوە هەر تەنیا تۆ وانیت بگرە ئێستا چەند کچی وەکوو تۆ هەن ئەوانیش بەم دەردە دەناڵێنن. وتم: وەختی ئەوە نیە دیاری‌یەکانی خۆت بکەوە بزانە چی تێدایە؟ چاوێکی لێ کردمو چاوەکانی تەنیا سۆزو خۆشەویستی لێدەباری بە خەندەیی ناسکی سەر لێوانی وەڵامی دامەوەو وتی: باشە، بەسەر چاو، خەریکی کردنەوەی دیاری‌یەکانی بوو دەیکردەوە، دیاری یەکەمی هی من بوو، ماچێکی کردمو پێمی وت: دەستت خۆش بێ گیانەکەم، بەڵام لە دیاری دووەم ووشك کەوت وتی: هی کێیە، وتم بیکەرەوە دەزانی، پەنجەکانی دەلەرزینو فرمێسك لە چاوەکانی دا قەتیس مابوو؟ دیتی کەوا نامەیەكو "ئەنگوستیلەیەکی" ناسكو جوان بوو، نامەکەی خوێندەوەو سەیری کرد کە هی تاقە ئەویندارو خۆشەویستەکەی بوو، کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بوو ئاگایان لە یەکتری نەبوو. دوایی سەیری"ئەنگوستیلەکەی" کردو کردیە دەستی پڕ بە دەستی بوو، وتی: باشە کێ ئەمانەی دایە دەستی تۆ؟ پێم وت: ئەویندارەکەی خۆت، خۆشەویستت. چاوی لە ئەنگوستیلەکەی کردوو لە بەر خۆیەوە دەیوت: ئازیزەکەم شەرتە تا مردن پێت وەفادار بم تازە من ناتوانم خۆشەویستی تۆ لە دڵم دەر بێنمو وێنەکانت لە دڵما فەرامۆش بکەم. من ئەمڕۆ هەر لە فکرم نەبوو کە جەژنی خۆمە، بەڵام تۆ سەلماندت کە وەفاداری‌و خۆشەویستی منت لە بیر نەکردوە من تازە بەڵێنم پێت داوەو قەتیش لە بەڵێنی خۆم پەشیمان نیم ـ یان بۆ تۆ یان بۆ مردن. هەر خەریکی قسە کردن بوو لە بەر خۆیەوە منیش قسەکانیم پێ بڕیو وتم: هاوڕێ گیان هەڵسە ئیتر بەسە با بڕۆین پێکەوە پیاسەیەك بکەین، بەڵام ئیتر نەم زانی تاکوێ گەیشتوونەتە ئاکام ئایا لە ماڵەوە بە تەواوی داویانە بە کوڕی خزمی باوکی یان نا بەڵام باوەڕ ناکەم کە ئەو کچە بەم کارە ڕازی بێو بە زۆری بیدەن بە شوو، چونکە خۆشەویستو ئەویندداری خۆی هەیە.

****

# گۆڤاری ژنان

**پێشوازی دەکا لەهەر چەشنە نووسین و لێکۆڵینەوەو وەرگێڕان و بابەتێکی ئەدەبی و هونەری کە لە روانگەیەکی پێشکەوتنخوازانە و دێموکراتانەوە دەڕوانێتە مەسەلەکانی پێوەندیدار**

**بە ژنان لە کوردستان، ئێران و جیهان.**

**لە خوێنەرانیش دەخوازێ لە هەر جێیەك کە هەن ببن بە هەواڵنووس و پەیامنێری ئەو گۆڤارەو لە ناردنی هەواڵ، راپۆرت و وێنەی تایبەت بە ژیان و کارو تێکۆشانی ژنانی کورد درێغی نەکەن.**

# WOMEN

A periodical published by
Demokratic Women'S Union of Iranian Kurdistan

16

Feb,2007

